# ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نزیک

## ناسیۆنالیزمی عەڕەب، کورد، تورک




میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ

وەرگێر: مەنسور سدقی



٢٠١٦

# ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نزیک

## ناسیۆنالیزمی عەڕەب، کورد، تورک

میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ
وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

## تێبینی وەرگێر

دەقی رووسـی ئەو بـابەتەی پرۆفیسـۆر میخاییـل لازاریـڤ لە پەڕتـووکی "خۆیندنەوەی لازاریڤ" لاپەڕەکانی ٢٦ تا ٦٤ وەرگیراوە.

ئەو پێشـەکییەش کە لێــــرەدا هـــــاتووە، بەشـــــێکی سـەرەکی نووســـینەکەی پرۆفیســـور "ئۆلگـــا ژیگالینـــا"یە کە وەک پێشـەکی لە پەڕتووکی "خۆیندنەوەی لازاریڤ"دا هاتووە.

لە ژیـانی ئاکـادێمیکی رووســیا نەریتێـک بـۆتە بـاو بـۆ رێزگرتـن لە کەســـایەتییە زانســـتییە پایەبەرزەکـــانی ئاکادێمیـــک کە خزمەتـــی بەرچاوییـان بە پێشـــکەوتنی زانســتی لە بــوارە جیاوازەکـان کـردەوە. بەپێــی ئەو نەریتە، ســاڵانە و یــان چەنــد ســاڵ جارێــک و بەردەوام، کۆنفرانس و کۆبـوونەوەی زانسـتی بەنـاوی "خوێنـدنەوە"ی ئەو زانایـانە دەبسترێ.

"خوێندنەوەی لازاریڤ" لە ٢٦ی مای ساڵی ٢٠١٠ یەکەم کۆنفرانس پاش مەرگی[1] ئەو زانا بەلیمەتەیە بەبۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی و بۆ بەرز راگرتنـی یـاد و رێـز لێنـانی کە لە لایەن بەشـی کوردناسـی و

---

1 لە ٧ی مارچی ٢٠١٠ کۆچیدووایی کرد. -. وەرگێر.

کێشە ناوچەییەکـــانی سەر بە ناوەنـــدی لێکـــۆڵینەوە لە وڵاتـــانی ڕۆژهەڵاتی نزیـک و نێوەڕاسـت و هاوکـاران و قوتابیـانی بەڕێـوە چـووە و پاشـانیش چەنـد وتـارێکی میخاییـل لازاریـڤ لەگەڵ ئەو بابەتـانەی لەو کۆنفرانسـەدا پێشـکەش کرابوون وەک بەرهەمـی یەکەم "خوێنـدنەوەی لازاریڤ" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بەپێی ئەو ئاماژانەی کە لە دەقی ئەو نووسراوە بەنرخەی پرۆفیسـۆر لازاریڤ دەردەکەوێ، ساڵی نووسـینی دەبـی ٢٠٠٨ بـێ. واتە ٨ سـاڵ لەمەوبەر ئەو زانایە هێندێک هەڵسەنگاندن و پێشبینی کردووە کە لەم چەنـد سـاڵەی رابـردوودا وەدی هـاتوون. هەروەهـا ئامـاژەی پرۆفیسـۆر ژیگالینـا (بڕوانە ل. ١٢) بە بۆچـوونەکەی میخاییـل لازاریـڤ لە وتـاری "بـــارودۆخی نەتەوەیـــی لە ڕۆژهەڵاتـــی مۆدێرن (بۆچـــوونێکی مێتۆدۆلۆژیکی)" چـاپکراو لە سـاڵی ١٩٧٧دا، تێگەیشـتن و پێشـبینیی زانسـتیانەی پرۆفیسـور لازاریـڤ بـۆ رەوتـی ڕووداوەکـانی ئێسـتاش دەسەلمێنێ.

## پێشەکی

ئەو بەرهەمە[2] کە لە ساڵی ٢٠١٠ و بەبۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی مێژوونووسی زانا و بەناوبانگ، کوردناس، دوکترای زانستە مێژووییەکان، پروفیسۆر میخاییل سیمۆنیویچ لازاریف (١٩٣٠-٢٠١٠) ئامادەکراوە، هێندێک نووسراوە مێژوویيە تەواونەکراوەکانی و هەروەها گەلێک بابەتەی ئاڕاستە جیاوازی هاوکاران و قوتابیانی سەبارەت بە بەرهەمە زانستییەکانی ئەو مێژووناسە لەخۆ دەگرێ.

م.س. لازاریف نزیک ٦٠ ساڵی تەمەنی خۆی لەسەر رۆژهەڵاتناسی دانا و پشکێکی مەزنی هەیە لە گەشەکردنی بوارە جیاوازەکانی ئەو زانستە وەک: تیۆری ناسیۆنالیزم، سەرچاوەناسیی و مێژوونووسی، مێژوو ، تورکناسی و ئێرانیناسی [Iranistics]، پەیوەندە نێونەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست، کوردناسی و هتد. میخاییل لازاریف سرنجی تایبەت و سەرەکی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بواری پرسە نێونەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی عەرەبی و تورکیا، و

2 پەڕتووکی "خۆیندنەوەی لازاریف". -. وەرگێڕ.

لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بنەمای سەرچاوە و ئارشیڤە باوەڕپێکراوەکان، سەلمێنەری ئەو راستییەن.

میخاییل لازاریڤ لە سالانی ٦٠دا سرنجی زانستیانەی خۆی بۆ لێکۆلێنەوە لەسەر کێشەکانی کورد تەرخان کرد. ئەوەش بەهەڵکەوت نەبوو. چۆنکو لێکۆڵینەوەکانی ن.ئا. خەلفین[3]، ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی[4]، م.ب. روودینکۆ[5]، ک. ک. کوردۆیڤ[6] و زۆر لێکۆلەری دیکە لە مۆسکۆ و لێنینگراد سەبارەت بە کوردناسی بڵاوبوونەوە. هەر لەم سالانەدا لە پەیمانگاکانی رۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد، یەرەڤان، و تفلیس دەستە و بەشگەلی کوردناسیی بۆ لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی مێژوو، زمان و کولتووری گەلی کورد دامەزرابوون کە لەنێویاندا کۆمەڵێک پسپۆری کوردیش بەشداربوون. هەر لەم کاتەوە لێکۆڵینەوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو و سیستێماتیک سەبارەت بە کێشەکانی کوردناسیی دەستی پێکرد.

---

3 نافتوولا ئارۆنۆڤیچ خەلفین (١٩٢١-١٩٨٧) دوکترا لە زانستە مێژوویەکان و هاوکاری زانستی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ئاکادێمیای زانستەکانی یەکێتی سۆڤیەت. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

4 ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی نووسەری کتێبی "کوردەکان: پێشەکییەک لەسەر مێژووی ئێتنیکی گەلی کورد، مۆسکۆ-لێنینگراد، ١٩٦١" -.وەرگێر.

5 مارگاریتا (سێددا) باریسۆڤنا روودێنکۆ (١٩٢٦-١٩٧٦) دوکترای زانستە زمانناسییەکان، کوردناس، بۆ یەکەمجار کاتاڵۆگی دەستنووسە کوردییەکانی پەڕتووکخانەی گشتی لێنینگرادی ئامادەکرد. بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردناسی جیهانیدا وەرگێران و لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەی بۆ گەلێک بەرهەمی هەڵبەستوانانی کورد وەک، "شێخ سەنعان"ی فەقێ تەیران (سەدەی ١٤)، "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی (سەدەی ١٧)، "لەیلی و مەجنوون"ی حارس بتلیسی (سەدەی ١٨)، "یۆسف و زۆلەیخا"ی سەلیم سلێمان (سەدەی ١٧) و هتدی ئەنجام داوە. یەکەم نووسەرە لە ئاست جیهاندا (تا ئێستا لە ئاست رووسیاش) کە زنجیرە وانەیەک سەبارەت بە مێژووی وێژەی کوردی نووسیوە و یەکەمجار دەستنووسی مێژوونووسی کورد، مەلا مەحمود بایەزیدی، "دەاب و نەریتی کوردان"ی چاپ و بڵاوکردەوە. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

6 قەنات کالەشویچ کوردۆ (کوردویف ١٩٠٩-١٩٨٥) زانای مەزنی رۆژهەڵاتناس و کوردناس کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ سەرۆکایەتی دەستەی کوردناسی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ئاکادێمیای زانستەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە لێنینگرادی دەکرد. نووسەری "رێزمانی زاراوەکانی کرمانجی و سورانی" دەیان وتار سەبارەت بە مۆرفۆلۆژی، رێزمان و وشەناسی زمانی کوردی، فەرهەنگەکانی کوردی-رووسی (کرمانجی)، کوردی-رووسی (سورانی)بەهاوکاری لەگەڵ زارا یۆسوپۆڤا و هەروەها ئامادەکردنی گەلێک پەڕتووک بەزمانی کوردی بۆ قوتابخانەکوردییەکان، بەرهەمەکانی قەنات کوردۆ پێکدێنن . ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

میخاییل لازاریڤ لەو سەردەمەدا خۆی بۆ ئامادەکردنی بابەتێکی تازەوە خەریک کرد، ئاڕاستەی نێونەتەوەیی پرسی کورد لەسەرەتای ۹۰ەکانی سەدەی ۱۹ تا ساڵی ۱۹۱۷، و پێش هەموو شتێک لێکۆڵینەوە لە ئاڕشیڤەکان و نووسراوە بەردەستەکانی خستە بواری کاری خۆی. تا ئەو کاتە لە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی رووسیادا هێشتا ئاڕاستەی نێونەتەویی پرسی کورد شوێنێکی شایستەی نەگرتبوو.

لە ساڵی ١٩٦٤دا، میخاییل لازاریڤ پەڕتووکی "کوردستان و پرسی کورد"ی لەچاپ دا. نووسەر لەو بەرهەمەی خۆیدا بەتایبەت جەخت دەخاتە سەر پرسی کورد لە ئێران لەسەردەمی شۆرشی مەشروتیەت لە ساڵانی ١٩٠٦-١٩١١ و هەروەها قۆناخی دەسپێک و درێژەی شەڕەی یەکەمی جیهانی و ئاماژە بە هەوڵی هێندێک لایەنی کوردی ئێران بۆ راکێشانی پشتیوانی ئیمپراتووریای رووسیا بۆ لای خۆیان دەکات کە تا رادەیەک لاوازیی دەستەڵاتی شا پێشاندەدات، "ئەو دەستەڵاتەی کە بۆ بەربەرەکانی کردن لەبەرامبەر مەترسی هێرشی دەرەکی و دابینکردنی سەرەکیترین پیداویستییەکانی ئاسایشی هەوڵاتیانی خۆی بەتەواویی متمانەی کۆمەڵانی خەلکی لەدەست دابوو".

ئەو بەرهەمەی میخاییل لازاریڤ داهێنانێکی تازە و پڕانی پشتی بە رادەیەکی زۆر بەڵگەنامە بەستووە و لەسەر بنەمای گەلێک سەرچاوەی سەلمێندراو نووسراوە کە یەکەمجار بوو لە گۆرەپانی زانستیدا کەڵکیان لێ وەردەگیرا. لەم بەرهەمەدا لێکۆڵەر سرنجی سەرەکی خۆی تەرخانکردووە بۆ کێشە نێونەتەوییەکانی بواری

پەیوەنـــــدییەکانی تورکیـــــا و ئێـــــران لەسەر کێشەی کـــــورد، دەســـتێوەردانەکانی زلهێزانـــی رووســـیا، بریتانیـــا و ئاڵمانیـــا، و لەم پەیوەندییەدا ململانییەکانی ئەو زلّهێزانە لەپێنـاو کـاریگەری سـەربازی و سیاسـی لە کوردسـتان، تێکۆشـانی تـاقمە سـیخورەکانیان لەنێـو هـۆزە کوردەکـــانی ئیمپراتووریـــای عۆســـمانی و ئێـــران و ســەرئەنجام، ئەو جموجوڵە سـەربازییانەی کە پێش شـەری یەکەم تورکیـا و لە کـاتی ئەو شـەڕانەدا، رووسیا و بریتانیا لەنێو خاکی کوردسـتانەکانی تورکیا و ئێران ئەنجامیان دەدا.

ئەو بەڵگە و سـەرچاوە بەرفراوانانەی میخاییل لازاریڤ کۆیکردبوونەوە، پاشـان هەوێنی سـەرەکی تێزی دوکتوراکەی پێکدێنن.

ئەو پرسـانەی کە میخاییل لازاریڤ بەرزیکردبوونەوە،رۆژهەڵاتناســانی ئەو کاتی یەکێتی سۆڤیەت بە هەوڵێکـی فـرە "شـۆڕشــگێرانە" هەڵیـان دەسـەنگاند، چۆنکو لێکدانەوەکانی بۆ ئەو پرسـانە سـەربەخۆیانە بـوون و رەنگـدانەوەی سرشــت و جەوهەرەی زانســتیانەی میخاییـل لازاریڤـی پێوەبوو.

میخاییـل لازاریـڤ بەو دەسـتکەوتانەی وەدسـتیهێنا رازی نەبـوو و لە ئاســتێکی بەرزتـری پســپۆڕیدا ئەو بەڵگە و سـەرچاوانەی خســتە بەر لێکـۆڵینەوە و لە سـاڵی ١٩٧٢دا بەرهەمـی تـازەی ئەو زانـایە بە نـاوی "کوردســـتان و پرســـی کـــورد لە ٩٠ەکـــانی سەدەی ١٩ تـــا ١٩١٧" لەچاپـــدرا کە بەپێـــێ ئامـــاژەی خـــۆی، بـــوو بە یەکەم بەرگـــی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی لەسـەر ئاسـتی نێونەتەوەییدا سـەبارەت بە پرســـی کـــورد و مێـــژووی بـــزووتنەوەی نەتەوەیـــی کـــورد لە وڵاتـــانی رۆژهەڵاتـــی نزیـــک و نێوەڕاســـت کە ٣ بەرگـــی لەخـــۆ گرتـــووە. دوو

بەرگەکەی دیکە بریــتیین لە "ئەمپریــالیزم و  پرســـی کـــورد (١٩١٧-١٩٢٣)" (چــاپکراوی ١٩٨٩) و "کوردســـتان و  پرســـی کـــورد (١٩٢٣-١٩٤٥)" (چاپکراوی ٢٠٠٥).

نووسـەر لەم بەرهەمانەدا پرسـی کورد لە قۆناخەکانی پـاش کۆتـایی شـەڕی یەکەم تـا کۆتـایی شـەڕەی دووەمـی جیهـانی خســتووتە بەر لێکۆڵینەوە. نووسـەر ئەو قۆناخەی کە سـەرتاسـەری ڕۆژهەڵاتی نزیـک و نێوەڕاســـت و هەروەهـــا کوردســـتانی ئێتنیکـــی ڕووبەڕوی قەیـــران کربـووەوە، وەک سـەردەمی تێکڕووخـانی سیسـتەمی کۆلۆنیـالی نـاو دەبات و دەڵێی "هۆدەی باکووری" ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و نێوەڕاســت واتە وڵاتـــانی تورکیـــا، ئێـــران و ئەفغانســـتان، ڕێگـــا بەرەو سـەربەخۆیی هەڵـــدەبژێرن. بەڵام زلهێزەکـــان دەکەونە هەوڵـــی ڕاگرتـــن و پـــتر سـەقامگیرکردنی پێگەکـانی خۆیـان و جموجـۆڵی سیاسـی بەربڵاو لە نـاوچەکە دەسـت پێـدەکەن. بەتـایبەت پـاش دۆزینەوەی پاشـکۆیەکی مەزنی نەوت و دەرهێنانی، ئەو پێگەیە لەرووی ئابـووری و سیاسـییەوە گرینگییەکی گەلێک مەزنی پەیدا دەکات.

هەلـــومەرجە ژێئۆپۆلیتیکییەکـــانی ئەو کـــاتی لەسـەر بنەمـــای سیستەمێکی نەریتی کۆلۆنیالی پێکهـاتبوون. لە ڕۆژهەڵاتـی عەڕەبیـدا دەوڵەت و نـاوچەگەلی ژێـر سـەرپەرەشـتی (وەک عێـراق، سـووریا و فەلەســـتەین) و هەروەهـــا دەوڵەتگەلێکـــی بەڕواڵەت سـەربەخۆ بەڵام لەژێر کۆنـتڕۆڵی تەواو سـەربازی و سیاسـی و ئابـووری بریتانیـای مەزن پێکهێنـــدران (وەک ئەوپەڕی ئۆردەن و میســـر). باشـــوور و ڕوژاوای کوردســتان بە عێـراق و سـووریا لکێنـدران. سـەرەڕای ئەوە، دەوڵەتـی بریتانیا کە پێگەیەکی بەربڵاویی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک هەبوو، لەقۆناخی

ڕێکەوتنەکانی پاش شەڕ بۆ ئاشتی، هەوڵی دا تا پێگەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێو کوردیشدا بۆخۆی دەستەبەر بکات و بەفەرمی درۆشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردەوە. بە بۆچوونی میخاییل لازاریف،لەم قۆناخەدا ناسیۆنالیزمی کورد درەوشاوەترین هەڵکشانی بەخۆیەوە دیت کە لەژێر ئاڵاکەیدا، لە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی دابەشکراوە بەسەر وڵاتانی ڕوژاوای ئاسیا (ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا)، بزووتنەوەی کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی گەلی کوردی لێکەوتەوە.

وەک میخاییل لازاریف ئاماژەی پێدەکات، لە قۆناخی پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمەوە تا واژووکردنی ڕێکەوتنامەی لۆزان لەساڵی ١٩٢٣، بۆ گەلی کورد سەردەمی وەدیهاتنی ئاواتە مەزنەکی بوو، مخابن ئەو ئاواتە وەدی نەهات. ئەگەرچی ڕێبەڕانی ئانتانت بەفەرمی و زۆر ڕاشکاوانە پشتیوانیان لە بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانیان دەکرد، بەڵام کورد نەیتوانی ئەو دەرفەتە مێژووییە بقۆزێتەوە و ئەو مافە بۆخۆی دابین بکات. دیارە بارودۆخەکە لەدژی کورددا بوو. چ فاکتەرە دەرەکییەکان و چ هەلومەرجی سیاسی نێوخۆیی لەو وڵاتانەی کورد تێدا دەژیان، بۆ گەلی کورد گۆنجاو نەبوون. وا دەردەکەوێ کە کوردەکان توانای بەرەنگاریکردنی هێرشی هێزە دوژمنکارەکانیان نەبوو و بەرەوڕووی شکست بوونەوە و ئەو بەڵێنیانەی بۆ سەربەخۆیی پێیان درابوو، بەئەنجام نەگەیشت.

لێرەدا میخاییل لازاریف ئاماژیەکی فرە مانادار بەو ئاکامە دەکات و دەڵێ، "هیواداربوون بە ستمکاری بیانی بۆ ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لەسەر ئەو خاکە وەڕاست نەگەڕا. بارودۆخی ئەو سەردەمە ڕێگای بە داڕژتنی بناخەیەکی

ئابــووری، سیاســی و سەربازی پڕێـک سەقامگیرش بـۆ دامەزرانــدنی سەربەخۆیی کورد نەدەدا" [7].

دووایین بەرهەمی میخاییل لازاریف، واتە "کوردستان و  پرسـی کـورد (١٩٢٣-١٩٤٥)" کە لەسـاڵی ٢٠٠٥ چـاپکرا، لەبـاری نێوەڕۆک و کـاتی رووداوەکـــان درێـــژەی دوو بەرگەکەی دیکەیە، بەڵام لێـــرەدا نووسەر پرسی کورد کەمتر لەروانگەی نێوخۆیی و پتر لەگۆشەنیگای دەرەکـی، هەم وەک کێشەیەکی نـاوچەیی (رۆژهەڵاتـی نزیـک و کوردسـتانی) و هەم لە ئاست سیستەمی جیهانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکـانی ئەو کــات دەخــاتە بەر بــاس و لێکــۆڵینەوە. لەلایەک ئامــاژە بە جیــاوازی ناســیۆنالیزمی تـورک و ناسـیۆنالیزمی فـارس لەو قۆنـاخە دەکـات و لە لایەکـی دیکە ناسـیۆنالیزمی عەڕەب دێنێتە بەربـاس. میخاییـل لازاریـف دەڵــێ: "ناســیۆنالیزمەکانی تـورک و فـارس لەنێوەڕاســتی ٢٠ەکـان بەهــۆی هێنــدێک دۆخــی ئۆبژێکــتیف، نێــوەڕۆکی دژە ئەمپریالیســتی خۆیـان وردە وردە لەدەســت دەدەن و تەنیـا لە پەیوەنــدییە سیاســی و ئابــوورییە دەرەکییەکانیانــدا لەگەڵ رۆژاوا تــا رادەیەکــی کەم دژایەتییە دەبینــدرێ. بەڵام ناســیۆنالیزمی عەڕەب هەر لەسەرەتاوە ئاڕاســتەی دژە ئەمپریالیســتی لەئاســتی نێوخۆییــدا لەخــۆی پێشــاندەدات و بــۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی عەڕەبەکان خەبـات دەکـات و تەنیـا مـاوەیەکی درەنگتر، کاتێک حکۆمەتەکانی ژێرسەرپەرشتیاریی ناچـاربوون هێنـدێک خۆدمۆختاری بـدەنە هێـزە نەتەوەییەکـان، ئینجـا ئەو ئاڕاسـتەیە بەرەوە دەرەوە دەگۆڕی" [8] .

---

7 م.س. لازاریف، ئەمپریالیزم و  پرسی کورد (١٩١٧-١٩٢٣)، مۆسکۆ، ١٩٨٩، ل. ٢٨١.
8 م.س. لازاریف،کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣-١٩٤٥)، مۆسکۆ، ٢٠٠٥، ل. ٥.

هاوکات میخاییل لازاریف ئاماژە بە تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەردەمی پاش شەڕ دەکات و دەڵێ، ناسیۆنالیزمی کورد پێشانی دا کە "لاوازە و سەربەخۆ نییە، توانایی پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی لەنێوخۆی کوردستان نییە و لەکاروباری کورددا باوەڕ بە هێندێک ساختەچییە سیاسی دەبەستێ و بە سەختی فرێو دەدرێ. بۆ جیلی یەکەمی ناسیۆنالیستە کوردەکان هەرەس هێنانی پرۆژەی کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە وانەیەکی نموونە. لۆزان، ناسیۆنالیستە کوردەکانی رووبەڕووی ئەو راستیە کردەوە کە دەبێ بۆخۆیان لەسەر پێی خۆیان راوەستن. بەڵام وادیارە ئەوە ئەرکێکی دژوار بوو، چۆنکو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پاش سەردەمی لۆزانیش دوچاری گەلێک کۆسپ و تەگەرەی جیددی دەبێتەوە"[9].

کەواتە، میخاییل لازاریف توانی بۆ کۆڵەبارێک لە پرسەکانی پەیوەست بە مێژووی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست بەدرێژایی نزیک بە ٥٠ ساڵ، هەڵسەنگاندن بکات.

میخاییل لازاریف بە لێکۆڵینەوەیەکی بیرمەندانە و گەلێک وردبینانە لە رەهەندی نێونەتەوەیی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاستدا، پشکێکی مەزنی لە پەرەپێدان بە تیۆری ناسیۆنالیزم بۆخۆی تومار کردووە. لە ٧٠کاندا، میخاییل لازاریف کار لەسەر بنەما مێتۆدۆلۆژیکییەکانی ناسیۆنالیزم دەستپێدەکات کە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسە نەتەوەییەکانی وڵاتانی پەرەئەستێنی ئاسیا و باکووری ئەفریقا سودمەندن. ئەو زانایە، لە زۆربەی وتارەکانی خۆیدا جەخت لەسەر

---

9 هەمان سەرچاوە.

پێویستی پەرەپێدان بە کاری بەربڵاوی لێکۆڵینەوە بۆ خوێندنەوەی دیاریکراوی دۆخی نەتەوەیی وڵاتانی رۆژهەڵات لەسەر بنەمای سەرچاوە خۆجێییەکان دەکات و دڵنیایی دەدا کە سەرکەوتن لەو ئەرکە و بەو شێوەیە تا رادەیەکی یەکجار زۆر پەیوەندی بە هەڵبژاردنی گۆنجاوی پێوەرە تیۆریکییەکانەوە هەیە.

بە پرِوای من لەم بارەدا، وتاری "بارودۆخی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی مۆدێرن (بۆچوونێکی مێتۆدۆلۆژیکی)"[10] نموونەیەکی بەرچاوە کە لە ساڵی ١٩٧٧ لەچاپ دراوە. میخاییل لازاریف لەم وتارەدا باسی جیاوازی بنەڕەتی لە زانستی سۆڤیەت و بیانییەکان سەبارەت بە تیۆری پرسی نەتەوەیی دەکات و پێی وایە زۆربەی رەهەندەکانی گفتوگۆ هەڵدەگرێ و هەروەها باسی نیشانەکانی دەستپێکی بۆژانەوەیەکی بەپەلە دەکات کە قەومانی "راستەوخۆ گۆڕانێکی زەبەلاح لەسەر تەواوی بنەماکانی جیهانی مۆدێرن و هەروەها وڵاتانی رۆژهەڵات دادەنێ"[11]. ئەو بۆچوونەی میخاییل لازاریف بەڕاستی لەم سەردەمەش لەجێی خۆیدایە کاتێک دەڵێ، "لەو شوێنانەی کە دەسەڵات مەیلی شۆڤینیستی هەیە، زانست مەودای نابێ نەتەنیا بەنەرمی، تەنانەت لەرووی ئێتنۆگرافیش باسی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بکات، جا ئیتر باسی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیانەی بنەڕەتی هەر ناکەین"[12].

لەنێو کۆمەڵێک پرس کە لەم وتارەدا نووسەر وروژاندوویە، کێشەی بەزۆر پارچەپارچەکردنی ئێتنیکی سەردەمی کۆلۆنیالیزم

10 پروانە: کێشە نەتەوایەتییەکانی رۆژهەڵاتی مۆدێرن. مۆسکۆ، ١٩٧٧.
11 هەمان سەرچاوە ل. ١٣.
12 هەمان سەرچاوە ل. ١٤.

سرنجڕاکێشـــترە. بەپێـی بۆچـوونی میخاییـل لازاریـڤ، لەتـوپەتکردنی ئێتنیکەکـان کـاردانەوەی نەرێنـی هەبـوو بـۆ ئەو گەلانەی کە ئەو کـاتی ئاســـتێکی ڕێژەیـــی بەرزییـــان لە گەشـەی کــــۆمەڵایەتی-ئابووری و سیاســی و کولتووریـدا هەبـوو. لەکاتێکـدا بـۆ ئەو گەلانەی کە هێشـتا یەکگرتـوویی نەتەوەییـان وەدەســت نەهێنـابوو و نەببـوون بە نەتەوە، ئاکـامێکی ئەرێنـی هەبـوو و ڕەوتێکـی گەشـانەوەی خۆدمۆختارانەی نەتەوایەتـی بە ئاسـتی جیـاواز لەرووی نێوەڕۆک و خیراییـدا لەژێـر ئەو دابەشکاریانەدا تێیاندا دەست پێدەکات.

ئەو بۆچوونـــانەی نووسـەر ئێســـتاش زۆر کـــارایە، چمـــا کـــورد وەک نەتەوەیەکـــی دابەشـــکراو نەیتوانیـــوە گەشەسەندنێکی هـــاوتەریب وەدەســـت بهێنێـــت. ئەگەرچـــی ئێســـتاکە چارەسەرکردنی کێشـەی یەکگـرتنەوەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی دژوارە، بەڵام کـورد لە یەکێـک لە پارچەکـانی کوردسـتان، واتە لە کوردسـتانی عێـراق لەژێـر کـاردانەوەی گەلێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییدا هەلی یەکگـرتنەوەی نەتەوەیـی وەدەست هێناوە. لە بەشـەکانی دیکە (بـۆ نمـوونە لە کوردسـتانەکانی ئێران و تورکیا) بەهۆی هێندێک هۆکار ئەو یەکگرتنەوە رووی نەداوە.

پێویســــــت بە ئامـــــاژەیە، بـــــۆ لێکـــــدانەوەی سەرئەنجامەکانی دابەشـکردنی ئێتنیکـی، دەبـێ لێکـۆڵینەوەی ئەو کێشـەیە وەک چـۆن میخاییل لازاریڤ جەختی لەسـەر کردووتەوە "لە چوارچێوە دورنمـایەکی بەرفراوانـی مێژووییـدا ئەنجـام بـدرێ. بـێ ئەوە، نـاتوانین سـەرجەم فاکتەرەکـــان لە هاوپەیوەنـــدییەکی دیالیکتیکیـــدا بـــبینین و ڕەچـــاوی بگرین"[13].

---

13 هەمان سەرچاوە ل. ٢١.

میخاییل لازاریف بەئامازەکردن بە کۆمەڵێک بەڵگەی زیندوو، زۆر بەوردی تایبەتمەنییەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی گۆندەکانی ئاسیا و شارەکانی رۆژهەڵات وەک ناوەندی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی هەڵ دەسەنگینێ. ئەو لێکدانەوەیەی کە بۆ ستروکتوری سیاسی نێوخۆیی کۆمەڵگا جیاوازەکانی رۆژهەڵات کردوویەتی، هێشتا لە رۆژەڤدایە و زیندوویە. لێرەدا نووسەر ئاماژەی بە نەخشی "کەسە بەرزە" نەریتییەکان و ژێرخانی فیۆدالی-ئایینی لە رەوتە ئێتنۆپۆلیتیکییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی دەکات.

نووسەر هەوڵیداوە بە لێکدانەوەیەکی قوڵ بۆ تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان ئەو دۆخە، مێژووی پەیدابوونی دۆخی نەتەوایەتی ساڵانی ٧٠ی رۆژهەڵات پێشان بدات. بەرهەمەکانی میخاییل لازاریف ئەگەرچی روانگەیەکی دیاری ئیدیۆلۆژیکی پێوە دیارە، بەڵام ئێستاش زیندووبوونی خۆی لەدەست نەداوە. بۆ نموونە، پسپۆرانی بواری کێشەی کورد کەلک لە گەڵیک لەو واتا و پێناسانە دەکەن کە میخاییل لازاریف لە گۆڕەپانی زانستیدا داهێنەری بووە.

میخاییل لازاریف ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە گەلێک کۆنفڕانس و سمیناری نێونەتەوەیی و رووسیدا پێشکەش کردووە. پێویستە ئاماژە بکەم بە نەخشی گرینگی میخاییل لازاریف لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نێوزانکۆیی بۆ کوردناسی لە لێنیگراد لە ١٦-١٧ی نۆڤەمبری ١٩٨٢, بۆ رێکخستنی ئەو کۆبوونەوەیە هەروەها کورسیی کورد لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لێنینگراد سەربە ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا پشکدار بوو و پسپۆرانی مۆسکۆ، لێنیگراد، تفلیس، یەرەڤان و سەمەرقەندیش بەشداربوون.

لەو کۆبوونەوەیدا، میخاییل لازاریڤ لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بە کێشەی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد و کوردستان دەکات. لەبەرامبەر بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەدا پرسی پێویستی دامەزراندنی بەرهەمێکی بنەڕەتی بۆ مێژووی کورد و کوردستان دێنێتە گۆڕێ کە نەتەنیا پرسێکی مەزنی زانستی بوو ، بەڵکو مانایەکی سیاسی زیندووی هەبوو. سەرئەنجامی ئەو پێشنیارە پێکهاتنی بەرهەمێکی هاوبەش بەناوی "مێژووی کوردستان"[14] ی لێکەوتەوە (١٩٩٩).

پاش نووسینی چەند وتار سەبارەت بە ناسیۆنالیزم، تیۆری ناسیۆنالیزم شوێنێکی سەرەکی و گرینگی لە تێکۆشانە زانستییەکانی میخاییل لازاریڤ لەسالانی ٨٠دا گرتەوە. لە وتاری "سەردەمی مۆدێرنی گەشەی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی"[15]چاپکراو لە ساڵی ١٩٨٢، میخاییل لازاریڤ تایبەتمەنییەکانی ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی دیاری دەکات و ئاماژەی بە جیاوازبوونی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی دەکات. لێرەدا دەگاتە دەرخستەیەکی زۆر گرینگ کە ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی (لەڕووی سروشتی هزری و سیاسییەی خۆیەوە) وەپێش چاوڕووانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکەوێت. بەپێی پێناسەی میخاییل لازاریڤ، ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی "وادیارە لەسەردەمی ئێستادا جەوهەرێکی گشتچینایەتیی (بەڵام بەڕواڵەت، ئەوپەڕی چینایەتی و

14 ئەو پەرتووکە بەزمانی فارسی لەبەر دەستە. "تاریخ کردستان، م.س.لازاریف، ش.خ.محوی، ی.ای.واسیلییەوا. م.آ.حسرتیان. او.ای.ژیگالیان، مترجمان: منصور صدقی، کامران امین آوه، نشر فروغ، آلمان، ٢٠٠٧"

15 پڕوانە: پرسی نەتەوایەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی. مۆسکۆ، ١٩٨٢.

یان بەدەر لە چینایەتی) پەیدا دەکات کە کـاردانەوە خێراکـانی و زۆرجـار هەڵکشـانی بەرەو توندوتیژیی، ئەوبۆچوونە دەسـەلمێنیّ"[16].

ساڵەکانی ٨٠ بۆ میخاییل لازاریف زۆر بەرهەمدار بوون. لە نووسـینی نــامیلکەی "کوردەکــان و کێشـەی کــورد" چــاپکراوی ســاڵی ١٩٨٣ هــاوبەش بــوو، یەکێــک بــوو لە نووسـەرانی گۆڤــاری لێکــۆڵینەوە تایبەتەکــانی پەیمانگــای رۆژهەڵاتناســی ئاکادێمیــای زانســتەکانی یەکێتی سۆڤیەت، پەڕتووکی "ئەمپریالیزم و پرسـی کـورد"ی نووسـی، هەروهــا لە کەنــار ئەوانەدا کاروبــاری مامۆســتا و خوێنــدکار و قوتابییەکانیشـی جێبەجی دەکرد. پێویسـتە بڵێیـن کە میخاییـل لازاریـف لە کاتی مامۆسـتایەتی لە "پەیمانگـای وڵاتـانی ئاسـیا و ئافریقـا" سـەر بە زانکــۆی دەوڵەتــی مۆســکۆ، بەوپەڕی دڵســۆزییەوە لەگەڵ خوێندکارەکانی هەڵسوکەوتی دەکرد.

بەشـداری لە بەڕێـوەبردن و پێکهێنـانی پرۆژە گەورە زانسـتییەکانی سـەبارەت بە پرس و کێشـەی کـورد و لەسـەرووی هەموویـان، بەرهەمە هاوبەشـەکانی "بـزووتنەوەی کـورد لە سـەردەمی نـوێ و مۆدێرنــدا" (چاپکراوی ١٩٨٧ ) و "مێژووی کوردسـتان" (چـاپکراوی ١٩٩٩)، بەشــی هەرە گرینگی تێکۆشـانی میخاییل لازاریف پێکدێنن.

تایبەتمەنــــدیی جیــــاکەرەوی ئەو دوو بەرهەمە لەوەدایە کە کوردســتانی ئێتنیکــی وەک پانتــاییەکی یەکگرتــووی ئێتنۆپۆلیــتیکی لێکدراوەتەوە.

---

16 هەمان سەرچاوە ل. ١٩.

سەرەڕای ئەوانە، هاوکاری پرۆژەکانی زانکۆکانیشی دەکرد، میخاییل لازاریڤ بەشی "پرسی نەتەوەیی" لە کاری هاوبەشی "رۆژهەڵات و مۆدێنیتە"(چاپکراوی ١٩٧٤) ی نووسیۆوە و هتد.

هەروەها دەبێ ئاماژە بە هاوکاری لەگەڵ گەلێک پەیمانگا و زانکۆش بکەین. بە هەوڵی میخاییل لازاریڤ "پەیمانگای کوردستان و رۆژهەڵاتی نزیک" چەند بەرهەمی گرینگ لەچاپ دەدات وەک، وەرگێڕدراوی بیرەوەرییەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمەڵێک بەڵگەنامە بەبۆنەی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مەلا مستەفا بارزانی و هتد. گەلێک بابەت و وتاری میخایل لازاریڤ لە بڵاوکراوەکانی رووسیا وەک گۆڤاری "درووژبا" و رۆژنامەی "کوردستانی ئازاد" بڵاو بوونەتەوە.

بەرهەمەکانی میخاییل لازاریڤ بۆ کوردان بۆتە مۆژدەهێنەری ئاسۆی یەکگرتنەوەی دەوڵەت-نەتەوەی کورد، هەر بۆیە لە کوردستان پێشوازییەکی یەکجار زۆری لێکراوە و نەتەنیا بە زاراوەکانی کوردی، بەڵکو بە زمانەکانی تورکی و فارسیش وەرگێڕدراون. خۆدی کوردەکان و لەوانە، دەیان کەس لەو خوێندکارە کوردانەی کە میخاییل لازاریڤ پەروەردەی کردوون و بەشێکیان ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بۆنە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی. کارەکانی میخاییل لازاریڤ هەر زیندوون و لە لایەن دەستپەروەردەکانی کە بێوچان لەبواری کوردناسییدا تێدەکۆشن، هەر زیندوو دەمێنن. بۆ نموونە، هەر ئێستا ئەو پرسانەی کە میخاییل لازاریڤ لە بەرهەمەکانیدا زەقی کردوونەتەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. میخاییل لازاریڤ لە کۆبوونەوە کوردناسییەکاندا، بۆ نموونە

باسی پێویستی نووسین و پێکهێنانی مێژووی کۆمەڵایەتی-ئابووری کورد و هەروەها ئاماژەی بە کارکردن لەسەر بابەتی "رووسیا و کوردستان" دەکرد. لەم کاتەدا ئەو پرسانە گرینگی هەرە سەرەکییان هەیە.

بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە بەڵگەن بۆ ئەوەی بڵێین، میخاییل لازاریڤ یەکێک لە پسپۆرە هەرە درەوشاوەکانی رۆژهەڵات و لێکۆڵەرێکی بەناوبانگی کێشە نەتەوایەتییەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاستە.

بەشی کوردناسی و کێشە ناوچەییەکانی سەر بە ناوەندی "لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست" لە ٢٦ مای ٢٠١٠ بە بۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی میخاییل لازاریڤ، کۆڕی "خوێندنەوەی لازاریڤ" و کۆنفڕانسێک سەبارەت بە پرسی کوردی بەڕێوەبرد. دوکتورای زانستە ئابوورییەکان، پرۆفیسۆر ڤ.ب.بێلۆکرێنیتسکی سەرۆکی ئەو ناوەندە گۆتی، ئەو کۆنفڕانسە لەژێر ناوی "خوێندنەوەی لازاریڤ" ئاڕاستەیەکی تازە بۆ کاروباری بەشی کوردناسی و کێشەکانی ناوچەیی واڵا دەکات و لە پەیمانگای ئێمەدا نێو بە نێو بەردەوامی دەبێ و کوردناسەکان دەتوانن بەرهەمەکانی خۆیان لە بواری کوردناسییدا ئاڵۆگۆڕ بکەن. هەروەها بەشی کوردناسی و کێشەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست کۆی بەرهەمەکانی هەریەک لەو کۆنفڕانسانە بەهۆی ئەو خزمەتە مەزنەی کە میخاییل لازاریڤ بۆ کوردناسی لەسەر ئاستی رووسیا و جیهان ئەنجامی داوە، لە زنجیرەیەک پەڕتووکدا بەناوی "خوێندنەوەی لازاریڤ" چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

لەم بەرگەدا سێ نووسراوەی میخاییل لازاریڤ گونجێندراوە کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە سەبارەت بە ئاڕاستە سەرەکییەکانی پرسی کورد لە گۆشەنیگای خۆجێی و نێونەتەوەییەوە پێکدێنێ.

ئەو پەڕتووکە هەروەها وتارەکانی هاوکارانی بەشی کوردناسی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا و چەند نووسەرێکی لاو و تازەکار لەخۆ دەگرێ کە هێندێک لە ئاڕاستەکانی بەرهەمە زانسیییەکانی میخاییل لازاریف بەرجەستە دەکەنەوە.

پرۆفیسۆر ئۆلگا ژیگالینا
دوکتورای زانستە مێژووییەکان

## ١- دیاردەی ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی نزیک

ناسیۆنالیزم یەکێک لە ئاڕاستە گرینگەکانی چاخی گەشەی مێژوویی و ئێتنیکی ژیانی مرۆڤایەتییە کە لە سەردەمی نوێ و مۆدێرندا دەستپێدەکات (لە نێوەی دووەمی هەزارەی [پێشوو]، کاتێک دابەشبوونی نیشتەجێیی "Ecumene" [17] بەپێی پێناسەی قەومی لەسەرئەنجام نزیک دەبێتەوە) و کاتێک سازوکارێکی مێژوویی پێکهێنەری لایەنە ئۆرگانیکەکانی لەگەڵی هاوتەریب دەبێ و تایبەتمەندییەکی گڵۆباڵ لەخۆ دەگرێ. هەر لەو کاتەوە بەلانی کەم سەرجەم دانیشتووانی گۆی زەوی بەسەر کۆمەڵگا ئاست جیاوازە ئێتنیکییەکاندا دابەش دەبن (واتە، یەکگرتوویی ئێتنیکی پێکدێ) . لەم ڕەوتەدا کۆمەڵگاکانی خێلە ماڵباتی و خێلە ئێتنیکی (زۆرتر لە ئەفریقا، ڕۆژاوا، باشووری ڕۆژئاوا و باشووری ئاسیا، لە باشووری ئامازۆن، ئۆستڕالیا و دوڕگەکان "Oceania") و نەتەوە کەمتاکورت پێشکەوتووکان

---

[17] Ecumene بە مانای نیشتەجێبوون، چەمکێکی جوگرافیای هاوچەرخە بۆ پێناسەکردنی ئەو بەشە لە گۆی زەوی کە بەردەوام ئاوەدان بووە و دانیشتووی هەبووە. ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

له کـاته جیاوەزەکانـدا سـەرهەڵدەدەن (ڕۆژهەڵات و باشــوور و ڕۆژاوای ئوروپـا، باشـووری ئافریقـا، ئەمریکـای بـاکوور و ئەمریکـای لاتیـن) کە پاشــان دەبنە بنەمـای زۆربەی دەوڵەتـانی هەنـووکەیی. سـەجەم ئەو کۆمەڵگا ئێتنیکی-کۆمەڵایەتی و پێناسـەجیاوازانە کە بەپێی بنەماکانیان بنکەیەکــی ئێتنیکــی و ریشـەیەکی قــوڵی ئتنۆپســـیکۆلۆژییان هەیە، بیگۆمان هەوڵییان داوە تا بەشـێوەیەک لە شێوەکان "خۆیان پێشاندەن" کە ڕەنگدانەوەی هاوکاتی هەموو لایەنە هزری و سیاسـی و هەروەهـا پسـیکۆلۆژییەکانی خۆیـان بـن و زۆرجـاریش هەموویـان بـێ لێکـداپڕان و لەسـەر بنەمای پەیوەنـدییەکی ئۆرگـانیکی لەگەڵ یەکـتر، و داڕێـژراو لە شـکڵە جیاوازەکاندا، و لە فـۆرم و نـاوەرۆکی: نووسـراوەیی و زاراوەیـی، ئایینی و زانسـتی، فۆلکلۆریی و وێژەیی خۆیـان پێشــان داوە و هەمـوو ئەو لایەنە جیــانەکراوە و لێکگرێــدراوانە، چەمکــی زۆر ئاڵــۆزی هــزری نەتەوەیی[18] ئەو کۆمەڵگایانیان پێکهێناوە. سـەرجەمی هەمـوو ئەوانە لە چەمکی ناسیۆنالیزمدا خۆیان دەبینەوە.

کەوابوو، ناسیۆنالیزم کە چەمکێکی کۆمەڵایەتی پڕلایەن و هەڵگری "ســترووکتوورێکی هزرناســانەیە"[19] و دەبــێ بە شــێوازێکی ڕێکوپێــک لێکبدرێتەوە، بریتییە لە کەرەسـەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی چ لە ڕوانگەی زانسـتی و چ لە ڕوانگەی سیاسـی-هەنووکەیدا و بەتایبەتیش ئێســتا کە ئەوپەڕی گرینگــایەتی پەیــدا کــردووە و لە گشــت گۆشـە و کەنارەکان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نزیک ئامادەی تەقینەوەیە.

لێکۆڵینەوەی زانسـتیانە لە ناسیۆنالیزمی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی نزیک زۆر دژوارە. سـەرەکی‌ترین لایەنـــــــی ئەو دژوارییە لەوەوە سـەرچاوە

18 National Mentality -. وەرگێر.
19 Epistemology Structure -.وەرگێر.

دەگرێ کە بۆ هەموو ناوچەکە پێوەرێکی گشتگیر لەبەر دەستدا نییە تا تایبەتمەنییەکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە وڵاتە جیاوازکانی ئەو ناوچەیە لێکگرێبدا و یان لێکتریان نزیک بکاتەوە. ئایا ئەوە بەو مانایا نییە کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم بەهیچ شیوەیەک وەک یەک ناچن و لەیەکتر نزیک نیین؟

بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەو چەمکە کۆمەڵایتییە پێویستە رێک لە پلەی یەکەمدا دیاری بکەین کام یەک لە روخسارەکانی ناسیۆنالیزم دەبێ جیا بکەینەوە. ئەوەش دەبێ بێگۆمان ئەو لایەنە بێ کە سەرەکیترین و بەرزترین مانای بەرژەوەندییەکانی یەک گرۆپی دیاریکراوی ئێتنیکی بەرجەستە دەکاتەوە و ئەو لایەنە لەسەرووی لێکۆڵینەوەکەمان دابنێین. بەڵام دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە لەو رادەیەدا بێ، پەیوەندی بە کۆمەڵێک پرسیاری ئاڵۆز و وردبوونەوە هەیە و ئەوەش بۆخۆی پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو باس و لێکدانەوەیەە پێکدێنێ کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کێشەی لێکۆڵینەوەی پرسی ناسیۆنالیستی و ناسیۆنالیزم بەتایبەتی لە باشووری رۆژاوای ئاسیا (بەدیاریکراویی رۆژهەڵاتی نزیک) و رۆژهەڵاتی "مەغرب"ەوە دەبێ.

هۆکارەکانی هەڵکشان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم بە رەهایی ئۆبژێکتیڤن و بەستراونەتەوە بە نایەکسانی دۆخی ئابووری و سیاسی-کۆمەڵایەتی "ئێتنۆس"ەکان لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا. پەیدابوونی ئەو نایەکسانییە پەیوەندیی بە پرسگەلێکی جوراجور هەیە کە کاردانەوەیان لەسەر ژینگەی ژیان و چالاکی کۆمەڵایەتی خەڵک

دادەنێ و لە پرۆسەی ناهاوتەریبی "ڕەوتی گەشەی ئێتنیکی"[20] لەسەر ئاستی گۆی زەوی و کشوەریی و ناوچەیی‌دا ڕەنگدانەوەی دەبێ. ئەگەر بەپێی ڕەوتی گەشەکردنی نەتەوەیی و ئاستی دەستکەوتەکەی لە ماوەی گەشەکەیدا، هەڵسەنگاندنێک بکەین، هەر لە دەستپێک و سەرەتای سەرهەڵدانی ئێتنۆسەکاندا هەست بە سازبوون و جیابوونەوەیەکی "پێشڕەو" و "بێگانە[21]" لەنێو "ئێتنۆس"ەکاندا دەکەین. پێکهاتەی ئەو دوو بەرەیە چ لە باری "چۆنییەتیی" (بەپێی ڕادەی گەشەی یەکگرتوویی ئێتنیکییەوە)، و چ لەباری "چەندایەتی" (بەپێی ژمارەی کەسانی هەڵگری پێناسە ئێتنیکییە سەرەکییەکە) و چ بە هەڵسەنگاندنێکی هاوتەریب لەگەڵ ئێتنۆسە دیاریکراوەکانی‌تر و چ لە پانتایی گلۆباڵدا (بەپێی ئەو پلە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەی کە لە جیهاندا هەیەتی)، هەمیشەیی و نەگۆڕ نەبووە. کەوابوو، هاوپەیوەندییەکانی نێوان ئێتنۆسە جیاوازەکان کە لە یەک سەرزەمین و لە زۆربەی نموونەکاندا لەژێر دەسەڵاتی یەک دەوڵەتدا دەژین، تەنانەت لە نموونەیەکی ئیدەئاڵیشدا (کە بە کردەوە بوونی نییە) ناتوانن لەهەموو بارێکەوە مافی یەکسانیان هەبێ، جا زوو یان درەنگ ناتەبایی ئێتنیکی لەنێوانیاندا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی سازبوونی پێکدادانی نەتەوەیی بەئاستی جوراجور، لە ئاڵۆزیی و دەمارگرژیی بگرە تا تێکهەڵچۆن و گرژیی سیاسی و سەرئەنجام پێکدادانی سەربازیی و لێکپرژانی

---

20 Ethnogenesis بریتییە لە ڕەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی یەک ئێتنۆس (Ethnos) لەسەر بنەمای پێکهاتە ئێتنیکییە جیاوازەکان. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

21 outsider -. وەرگێڕ.

دەوڵەت و تەنـانەت ئیمپراتووریـا فرەنەتەوەییەکـان (بەپێـی واتـای ئەم سـەردەمە، زلهێزەکان).

کەوابـوو، مێـژووی هـاوڵاتیبوونی مرۆڤ، هاوکـات بریـتییە لە مێـژووی پێکهـــــاتە ئێتنیکییە کۆمەڵایتییەکـــــانی، واتە بریـــــتییە لە مێژووییە "ئتنۆس"ەکان و بەبـێ رەچـاوکردنی نەخشـی فـاکتەرە ئێتنیکییەکـان، نـاتوانین سـەبارەت بە رەوتـی مێژوویـی بۆچـوونی تەواو و یەکگرتوومـان هەبی.

هاوکات، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پرسـانەی کە راستەوخۆ یان ناراستەخۆ پەیوەندیان هەیە هەم بە لایەنی ئێتنیکی ژیانی گەلان و دەوڵەتانەوە و هەم بە پرســی نەتەوەیــی بەگشــتی، شـێواز و تەکنیکێکـی تـایبەت پێویستە. واتە پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی Interdisciplinary[22] هەیە و نــاکرێ ژێــدەر و چاوگەکــانی: ئتنۆلــۆژی (هەروەهــا ئانــترۆپۆلۆژی)، زمانناســــی، جوگرافیناســــی، کولتوورناســــی، ئایینناســــی، سیاسەتناســی، کۆمەڵناســی و هەروەهــا فەلسەفەی مێــژوو و پســیکۆلۆژی – نەخەینە بەرچــاو. بەکــورتی، چەمکــی "ناســیۆنالیزم" هەنــاو و نــاوەرۆکی سـەرەکی "پرســی نەتەوەیــی" و گشــت وردەکارییەکان و لێکەوتووکانی پێکـدێنێ. دەکـرێ بڵێیـن، ناسـیۆنالیزم و کێشـەی نەتەوەیـــی چ لە رۆانگەی فەلسەفییەوە و چ بەپێـــی ئەو نێوەڕۆکە پراکتیکییەی کە هەیەتی، "هەمبیز"ن [دووانەن].

لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزم بەپێی لۆژیکی کۆمەڵایەتی- سیاســی ئەو چەمکەوە، دەبێ لە دوو رەهەندی: جـوگرافی و کرۆنۆلـۆژییەوە (کـات)

---

22 شێوازێکی هەمەلایەنە و هەمەزانستیی زانستە کە شێواز و ئەزموونی دوو یان چەند لەزانستەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسێکی ئاڵۆز و فرەرەهەندی سرووشتی یان کۆمەڵایەتی لێکگرێ دەدات. -. وەرگێر.

ئەنجــام بــدرێ. ڕەهەنــدی یەکەم سەروکاری هەیە لەگەڵ پانتــایی دیــاریکراوی جــوگرافی پرسەکە و "چۆنـایەتیی" ئەو پرسە پێکـدێنێ، هەروەها پەیوەنـدە هەیە بە ئتنۆسـەکان بەگشـتیی، بە نەتەوەکـان، بە کەمەنەتەوەکان، بە گرۆپە ئێتنیکییەکـانی دیکە و لقوپۆکـانی و نیشـانە سەرەکییەکانیانەوە، ڕەهەندی دووەم سەروکاری لەگەڵ کـارکردی ئەو لایەنـانەی ڕەهەنـدی یەکەم هەیە لە ڕەوتێکـی مێژوویـی و چوارچێـوە دیاریکراوەکـانی مێـژووی جیهانیـدا و پەیوەنـدی هەیە بە کـاردانەوەی هاوبەش و هاوکاری و هاوپەیوەندیی مەرجدارانەی ئەو لایەنـانە لەگەڵ یەکـتر. لە هەردوو لەو ڕەهەنــدانەدا ناچــار ڕووبەڕوو دەبینەوە لەگەڵ کەموکـــورتی زانیارییەکـــان کە کـــاردانەوەی لەسەر دەرئەنجـــام و ئاکامەکـانی لێکۆڵینەوەکەمـان دەبـێ. کەوابـوو، پرسـی ئتنـۆ-ناسیۆناڵ تایبەتمەنییەکی گشـتگیری هەیە و لێکـۆڵینەوەیەکی زۆر سـرنجڕاکێش و زینـدوو و بەرهەمـدارە و هاوکـاتیش پرسـێکی گەلێـک دژوارە. ئەوەش ڕوون و ئاشـــکرایە کە هەر هەوڵێــک بــۆ لێکــۆڵینەوەی لەو چەشـــنە، لێکۆڵەر ناچار دەکات پانتایی ئەرکەکەی سنووردار بکات.

ئەو لێکـۆڵینەوەی بەردەســت، پانتـاییەکی بەرفـراوان دەگـرێتەوە لە باشـــووری ڕۆژاوای ئاســـیا و بـــاکووری ئافریقـــا لە ڕۆژاوای دەریـــای ناوەڕاســـتەوە تـــا کەنارەکـــانی ڕووبـــاری ســـیند. ئەو ناوچـــانە لەسەر نەخشـە، پێوەرێکی جـوگرافی و یـان نـاوێکی پەسەندکراوی گشـتگیر و دیاریکراوی نییە و بە گەلێـک نـاو ئامـاژەی پێـدەکرێ وەک: "ڕۆژهەڵاتـی نزیک"، "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت"، "ڕۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاسـت" و یان نـــاوێکی کـــۆن و گۆمانـــاویی: "ڕێـــڕەوی ئاســـیا[23] [ڕۆژئاوای ئاســـیا]"

23 Передняя Азия

(ئەگەرچی ئێستاش ئتنۆگرافەکان جارجار ئەو واتا کۆنە بەکاردێنن)، هێندێکجاریش لە نووسراوە نێونەتەوەییە رۆژاواییەکاندا ئاماژە بە ناوی زۆر سەیری "باشووری رۆژئاوای ئورووپا" دەکرێ (کە زۆرجار باڵکانیش دەگریتەوە). ئەو ناڕوونییە مخابن کێشە نییە و مەبەست لە هەمان ناوچەیە لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا و باکووری رۆژهەڵاتی ئەفریقا کە بەهۆی هەڵکەوتنی لە رۆژهەڵات و باشووری ئورووپا بۆتە باو بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوی لێبەرین و ئێستا بریتییە لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی عەربی ، ئیسراییل، قوبرس، تورکیا، ئێران، ئەفغانستان، بەمەرج قۆبرسی دابەشکراو و هێندێکجاریش پاکستان و بەتایبەت بەشی رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەش بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەلکینن. لەهەموو ئەو وڵاتانەدا ناسیۆنالیزمی نەتەوە جیاواز و دابەشکراو بەسەر وڵاتە جیرانەکان، لە گەشەکردن دایە (واتە لە یونانییەکانەوە لە رۆژئاوا بگرە تا ئتنۆسە هیندووستانییەکان لە رۆژهەڵاتی ئەو ناوچەیە)[24].

پێکهاتەی ئتنۆ-ناسیۆنالی وڵاتانی ئاماژە پێکراو هەرچی زۆرتر یارمەتیدەری پەیدابوون و گەشەسەندنی گەلێک گرژیی دەبێتەوە کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی ئێستای ئەو وڵاتانە سەرهەڵدەدەن و تەنانەت تا بکارهێنانی هێز پەرەدەستێنن و بۆ ئەوەش هۆکاری ئۆبژێکتیف هەن.

24 لە نووسراوە سیاسەتناسییەکانی [Political science] مۆدێرن سەبارەت بە کێشە نێونەتەوەییەکان زۆرجار تۆشی واتای "رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی مەزن" و یان تەنانەت "رۆژهەڵاتی بەرفرەی نزیک و نێوەڕاست، و باکووری ئەفریقا" دەبین کەزۆر کەمتەرخەمانە و نابەرپرسانە لە لایەن برژینسکی ئەمریکییەوە بۆ گشت رۆژهەڵاتی ئاسیا بەکار هاتووە. ئێمە هەمان واتای باو بەکار دێنین تاکو دوچاری شەرمەزای نەبین لەئاست "داڕشتنی چەمکی نۆێ"ی جوگرافی بۆ ئەو ناوچانەی مەبەستمانە. -. نووسەر

هۆکـاری هەرە سـەرەکی و هەرە بنەڕەتی ئەو کێشـانە دەگەڕێتەوە بـۆ تایبەتمەنـدییەکانی پێکهـاتن و سـازبوونی نەتەوە و دەوڵەتە مۆدێرنەکانی نـاوچەی رۆژهەڵاتـی نزیـک. ئەوەش لەقـوڵایی کەونـارەوە سـەرچاوە دەگرێ و دەبێتە دابێکی باو و کـۆنی چەنـدین هەزار سـاڵەی پێکەوەژیـانی هاوکـات و تـارادەیەک لێنەپراوانە و بەردەوام لە دەوڵەت و دەسـەڵاتداریی لە پانتایی یەک خاکـدا کە هێنـدێکجار پێکهـاتووی چەنـد پێکهاتەیەک بوون و تا ئێسـتا لە هزری گەلدا مـاوەتەوە و تەنـانەت بـۆتە تۆپۆنوومی[25] هاوچەرخ (بۆنموونە: میسـر، ئێران-پـارس و هتـد.). ئەگەر بە قـوڵایی سـەدەکانی رابـردوو چاوبخشـێنین، لە رۆژهەڵاتـی نزیـک لەگەڵ ناوی دەیان دەوڵەت و دەسـتەڵات رووبەڕوو دەبینەوە کە هەرگیـز سـەربەخۆ نەبـوون و تەنیـا وەک دەسـتکەوتی شـوێنەوارناسـی و مێژوونووسـی ماونەتەوە و نەخشێکی بەرچاویان نەبـووە لە نـاوچەکەدا، ئیـتر باسـی ئیمپراتـووریە مەزنەکـانی وەک هیـتی، ئاسـووری، مێـدیا و بـابیلۆنی نـوێ و هتـد، و خەلیفەکـانی ئەمەوی و عەباسـی و ئیمپراتووریای عۆسـمانی نـاکەین. هەمـوو ئەوانە شـوێنپێیەکی قـووڵ و حاشـالێنەکراویان لەپێـش هەمـوو شـتێکدا لەسـەر "رەوتـی گەشـەی ئێتنیکـی"[26] گەلانـی نـاوچەی رۆژهەڵاتـی نزیـک دانـاوە و دوواتریـش کاردانەوەیان لەسـەر مێـژووی شـارومەندی، سیاسـی و یـان سـەربازی وڵاتانێک کە ئەو گەڵانەی لەخۆ گرتووە، داناوە.

یەکگرتنەوەی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیک لەژێر کـاردانەوەی دۆخە دەرەکییە ناسـازگارەکان روویـداوە (شـەڕە درێژخایەنەکـان، پێکـدادانە

---

25 Toponymy ناو-شوێن. لێرەدا مەبەست ئەو ناوانەی کە لەکەونارەوە ئێستاش باوە و ماونەوە . -. وەرگێر.
26 Ethnogenesis، بڕوانە ژێرنووسی 4. -. وەرگێر.

خوێناوییەکان، هێرش و وێرانکارییەکانی تورک-مەغۆڵەکان و زۆری دیکە لەشکرکێشـــــییە داگیرکـــــارانە و دەســــــتدرێژییە سـەربازییەکانی کلۆنیالیسـتە رۆژئاواییەکـان و هتـد) کە لە رۆانگەی مێـژووییەوە گەلێـک لەسـەرەخۆ و بگـرە سـەدان سـاڵی خایەنـدووە. تەنـانەت ئێسـتاش ئەو یەکگرتنەوەیە زۆری ماوە تا بە سـەرئەنجام بگـات و نـاوچەکەی کردووتە تـــــابلۆیەکی رەنگـــــاورەنگی ئێتنۆسـەکان بە ئاســــــتی جیـــــاواز لە پێشـکەوتوویی و گەشە، و مەودا و قەڵەشـتی نێـوان پێشـڕەوەکان و "بێگانەکـــان" لە گەشـەی نەتەوەییـــدا دەتـــوانێ گەلێـــک مەزن و بەرفراوانتـر بێتەوە. ئەو مەترسـییە هەروەهـا سـەبارەت بە ئاســتی راستەقینەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری و کـۆمەڵایەتی-سیاسـی و حقـوقی هێنـدێک لە ئێتنۆسـەکانی رۆژهەڵاتـی نزیـک کە بەهـۆی سنوورەکانی دەوڵەتان لێکداپڕاون (بۆ نموونە، عەڕەبەکـان و کوردەکـان) و سـەبارەت بە هەلـومەرجی کەمـایەتییە نەتەوەییەکـانی وڵاتـانی دیکەی ناوچەکە، دەبیندرێ.

کەوابوو، لەپانتایی رۆژهەڵاتی نزیکدا بەستێنێکی ئۆبژێکتیڤ ئامادەیە بۆ شیمانەی هەڵگیرساندنی واقعیانەی گرژییەکـان کە بە شـێوەیەکی شـــاراوە هەمیشە لە نێـو پرســی نەتەوەییــدا خـۆی حەشـــارداوە و رەنگـدانەوەی ناتەبـایی نێـوان گرۆپە ئێتنیکـی خـۆجییە جیاوازەکـانی نـــاوچەکەیە. ئەوانە بەســـتێنێک بـــوون بـــۆ تەقینەوەی هەســـتە نەتەوایەتییەکان کە لە رابردوو لە وڵاتانی رۆژهەڵاتـی نزیکـدا روویانـداوە و لەم سـەردەمەشـدا هەرچی زۆرتر دووبارە دێنەوەبیر.

ناســیۆنالیزم لەم نــاوچەیە، فــرە روخســار و ئاڵــۆزە و بە روونــی رەنگدانەوەی ئێتنیکی پێوەدیارە و پێویست دەکـات بەپێـی رەچـاوکردنی

بـارودۆخی شـوێن و کـات، بەشـێوەیەکی جیـا و دیـاریکراو لێکبـدرێتەوە. ئەو ناسـیۆنالیزمە بەئاشـکرا خـۆی لە نمـوونە "کلاسـیکەکانی" پێشـوو جیا دەکـاتەوە و زۆر خێـرا خـۆی لەگەڵ کـاردانەوە تازەکـان دەگـونجێنێ، ئەوەش دژوارییەکـــی بەرچـــاو بـــۆ لێکـــۆڵینەوە ســـاز دەکـــات. ئەو ناسیۆنالیزمە بەخیرا و زۆر بەتوندی لەئان و سـاتدا کـاردانەوەی دەبـێ، بـۆیە لە سیاسـەت و ئیدیۆلۆژیـدا بەرەو کـرداری بەتـایبەت زێـدەڕۆیانە و توونداژووانە دەکێشرێ. ئەو ناسـیۆنالیزمە گەلێکجـار دیـاردە شـاراوەکان نـابینێ و توانـای بڕیـاردانی هوشـیارانەی نییە و بەکـورتی، لە هەمـوو بوارەکاندا گوڕوتین لەسـەرووی کاردانەوەکانی دادەنێ.

ناسـیۆنالیزم، لەڕادەبەدەر کارایە و زۆر خێرا بڵاودەبێتەوە، بەتـایبەت لە وڵاتـانی رزگـارکراوی "جیهـان سـێەم"دا بـۆ گشـت سـەرخان و بنخـانی کۆمەڵگـا پەلـدەهاوێژێ و پـاش شـەڕی جیهـانی دووەم، یارمەتیـدەری گۆڕانە شـۆڕشـگێرییەکان بووە.

ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی لە باشـووری رۆژاوای ئاسیا، لە وڵاتانی "مەغریبی [عەڕەبی]"، هەروەها لە ولاتانی دیکەی پێشـوو کۆڵۆنیـالی و وابەســتە لە تەواوی کشــوەرەکانی گــۆی زەویــدا، هەنگــاوی بەرەو گــۆڕان نــاوە و لە نێــوەی دووەمــی سـەدەی بیســـتەم و لە سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا، ئەو نەتەوە و دەوڵەتـانەی کە یـان مـافی سـەربەخۆیی یاسـایی و یان سـەربەخۆیی رواڵەتیان وەدەسـت هێنـاوە، رووبەڕووی ئەرک و پرسـی تازە بۆنەتەوە.

سـەردەمی نـوێ، پرســی نـوێ لێـدەبێتەوە. چاکســازیی سیســتەم-ئەویـش چاکســازییەکی بنەڕەتـی، لە تەواوی رووبەر و لـق و پۆکـانی ژیانی دەوڵەتەکاندا، بۆتە رۆژەڤ و ئەرکی سـەرەکی. ئەو چاکســازییانە

دەبـــووا وڵامـــدەرەوەی بەرژەوەنـــدی گشــــتگیرانەی خەڵـــک بـــا و ڕەنگدانەوەی هەبووبا، هەم لە ئاواتەکانی چین و تـوژە نەریـتی و بەرەو لەنێوچووکـانی کۆمەڵگـا کە هیوایـان بەم سـەردەمە نـوێە بەسـتبۆوە، و هەمیش چاوەڕووانی و هیواکانی هێـزە سیاسـی- کـۆمەڵایەتییە تـازە پێگەیشـــتووەکانی وەدیهێنابــا. کەواتە، ئەم ناســیۆنالیزمە نــوێیەی کە وڵاتـانی ئەم سـەردەمەی ڕۆژهەڵاتـی ڕزگـار کـردووە، ئیـتر بەئاشـــکرا ڕوخسارێکی بەتەواویی تازە لەخۆی پێشان دەدات.

هــــزری ڕزگــــاریخوازیی نەتەوەیـــی ئەو ناســـیۆنالیزمە کاتێـــک بە ڕوخساری ئایینی دەردەکەوێ، ئیتر هێدی هێدی ڕۆڵەتی کۆنی خـۆی لەدەست دەدات. ئەم وێنەیە، تـایبەتە بە ڕۆژهەڵاتـی نزیـک کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئیسلامیزە بـوون. لە دەرەوە و بەشـێوەیەکی ڕووکارانە ئایین تـا ئەمڕووشــی لەگەڵ بێـت لەلایەن مۆسـڵمانانەوە لەم ناوچەیە زۆر بەبەربڵاویی وەک پـاڵنەر و وروژێنەری هێـز و پروپاگانـدە و هانـــدان لەدژی مەترســـییە ئاشـــکرا و شــــاراوەکانی چەوســـێنەر و کۆڵۆنیالیستەکانی پێشوو، واتە دژی هێزە ئەمپریالیستەکان (ڕووسیای کــــۆن و تــــازە)، زایۆنیســـــتەکان، "خاچپەرەســــتانی"[27] سـەردەم، کۆمۆنیســـــتەکان، گڵۆبالیســـــتەکان و هەمـــوو هێـــزە "شـەیتانییە" دۆژمنکارەکانی هاوشێوە بەکار هاتووە.

بەزەقـــی دیــــارە کە ئەو شــــێوازە لە بیرکـــردنەوە، بەتــــایبەت بەو تێگەیشــتنەی کە لە ناســیۆنالیزم هەمـانە، ئەگەر ڕاســت بیـن لەگەڵ خۆمـان، هیــچ پەیوەنــدییەکی ڕاســتەوخۆی بە ناســیۆنالیزمەوە نییە، چونکو ئەو ڕق و کینەیەی هەڵیگرتووە، بێگۆمـان لە بنەمـای ئێتنیکییەوە

27 مەبەست "شەڕی خاچپەرستان"ە. -. وەرگێڕ.

سەرچاوەی نەگرتووە. ئەوە زۆرتر بنەمایەکی قوڵی مێژوویی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە سەرەتاییەکانی "ڕەوتی گەشەی ئێتنیکی"، کاتێک خێڵ و گرۆپە ئێتنیکییە جیاوازەکان بەیەکەوە ژیاون و هێندێک لەوانە هێشتا گەشەی بەرچاو و نیشانەی (Attribute) پێویستیان نەبووە تا بگەنە ئاستی "ئتنۆس"ێکی دیاریکراو، بۆیە ڕێک لەسەر ئەو بەستێنە ئێتنیکییە، ئەو دوژمنکاری و ناکۆکییەی ئێستای لێ پەیدابووەوە.

ئەو شتەی کە ئێمە بە ناسیۆنالیزم نوێ لە ڕۆژهەڵاتی نزیک ناوی دەبەین، ناسیونالیزمی ڕاستەقینە نییە و بەلانی زۆر تەنیا کۆپییەکە لە ناسیۆنالیزمی ڕاستەقینە. ناسیۆنالیزم لەپلەی یەکەمدا، بەرهەمی ناکۆکی نێوخۆیی و نێوئێتنیکییە و لەسەر بەستێنی ناتەبایییە ئۆبژێکتیڤە لەئارابووەکانی نێوان چەند "ئتنۆس"ی جیاواز کە بەیەکەوە لەسەر یەک خاکی دیاریکراودا دەژین، پێکدێت. ڕێک ئەو ناسیۆنالیزمە لە نموونەی "کلاسیکی" خۆیدا بڵاوکەرەوەی زۆرترین "بیگانە هەڕاسی"[28] وەک تایبەتمەندی هەرە قرێژی خۆی، بۆ هەموو کەس ناسراوە و بێگۆمان لەلایەن کۆمەڵگای شارستانی سەردەمیانەوە ڕەتکراوەتەوە. شیکردنەوەی هۆکارە سەرەتاییەکانی پەیدابوون و گەشەی ناسیۆنالیزمی "ڕۆژهەڵاتی نزیک" کەڵکی نییە. چونکو ئەو هۆکارانە بەگشتی جیاوازییەکی ئەوتوویان نییە لە هی وڵات (دەوڵەت) و ناوچەکانی دیکەی گۆی زەوی کە لەرووی سرووشتی و مێژووییەوە ناهاوسەنگی ئێتنیکییان لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانیاندا هەیە. پرسەکە بریتییە لە دەستنیشانکردن و

28 Xenophobia وروژاندنی ترس لە خەڵکانی بێگانە. -. وەرگێر.

شیکردنەوەی ئەو فاکتەرە زۆر تایبەتانەی رێک پەیوەستن بە ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیک، کە لەنێوەی دووەمی سەدەی بیستەمیشدا ئەو ناوچەیەی وەرچەرخاند بە سەرەکی‌ترین پاشکۆی ناسیۆنالیزم لە ئاسیا لە بیچمی هەرە شۆڤینی خۆیدا و کردی بە "ناوچەی داغی هەمیشەیی گۆی زەوی و سەرچاوەیەکی بەردەوامی گرژی سیاسی-سەربازی و تێکهەڵچوونە پەیتا پەیتا چەکدارییەکان.

دەبێ هۆی سەرەکی پەیدابوونی ئەو ناسیۆنالیزمە پڕ لە قرێژییەی رۆژهەڵاتی نزیک، لە ژێئۆپۆلیتیکدا بدۆزینەوە. راست لێرەدا گرێی بەرژەوەندییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان، باشترە بڵێن ژێئۆئێکۆنۆمیکی و ژێئۆستراتێژیکییەکانی نەتەنیا دەوڵەتانی ناوچەکە، بەڵکو زۆرتر لەهەمووان، هی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، ئاڵمانیا، فەڕانسا، ئیتالیا، ژاپۆن، رووسیا، کانادا کۆبوونەتەوە. دەبێ بەوانە، دەوڵەتانی کەم پێشکەوتوو و نێوپێشکەوتوو و زۆر پێشکەوتووی یەکێتی ئورووپا و هەروەها وڵاتە خێراگەشەکراوەکان لە کشوەرەکانی دیکەی گۆی زەویش زیاد بکەیەن، وەک وڵاتە زەبەلاحەکانی چین، هیند و برازیل کە بارودۆخی رۆژهەڵاتی نزیک (پتر ئابووری) لە بەرژەوەندییاندایە. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەم سەردەمەدا بەهۆی سامانە مەزن و حاشالێنەکراوەکەی (لەسەرەوی هەمووانیش: پاشکۆی کەرەسەی سەرەتایی هیدرۆکاربۆنی کە بەهۆی شوێنی هەڵکەوتنەکەی، گێرەوکێشەی هەناردەکردنی گەلێک کەمترە و زۆر هەرزانتر تەواو دەبێ، هەروەها پاشکۆیەکی لەپڕ نەهاتووی وزەی ئاو و سەرچاوەی ئاوی شیرین بەهۆی رووبارەکانی نیل، دیجلە و فورات و

لـق و پۆکـانی) ژینگەی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک بـۆتە ناوەنـدی سیاسـەت و ئابووری جیهان.

هاوکـات، ئەگەرچـی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک لەرووی ئابـوورییەوە یەک لە ناوچە هەرە سـاماندارەکانی گـۆی زەوییە و داهـاتوویەکی پرشـەنگداری هەیە، بەڵام لەرووی سـیاسـیەوە یەکێـک لە نـاوچە هەرە ناسـەقامگرتووەکان پێکـدێنێ. لە نێوەڕاسـتیی سـەدەی بیسـتەمەوە، ئەو نـاوچەیە گۆڕەپـانی سـەرەکی زۆربەی هەرە زۆری گرژییە نێونەتەوەییەکانی پێکهێناوە. تایبەتمەنییەکانی ئەو گرژییـانە بریـتین لە: درێژخایەنییان، بەردەوام دووپاتبوونەوەیان، داگیرکردنی مەودایەکی پـان و بەرینی جۆگرافی و دانانی کـاردانەوەی بەربڵاو لەسـەر کۆمەڵگاکـانی ئەو پانتـاییە و ڕەنگـدانەوەی لە ئامرازەکـانی گشـتیی ڕاگەیانـدن (لەسـەرەتا لەئاسـت نـاوچەکە و پـاش پەلکێشـانی بـۆ وڵاتـانی دیکە و تەنانەت دورترینیان) و ناچار بڵاوبوونەوەیـان لە ئاسـتی نێـونەتەوەیی تـا ئاسـتی بەرژەوەنـدیی و دەسـەڵاتی ڕێکخـڕاوی نەتەوە یەکگرتووکـان و ڕێکخـڕاوە نێونەتەوەییەکـانی دیکە. هەر دۆخێکـی قەیرانـاوی لە ڕۆژهەڵاتـی نزیـک کە هەڵگـری پرسـی نەتەوەیـی و زوڕنـاکەی، واتە ناسـیۆنالیزم، بەهەمـوو ڕوخسـارەکانی بێـت، بەناچـاریی دەنگـدانەوەیەکی بەربڵاوی نێـونەتەوەیی لێـدەکەوێتەوە و دەبێتە فاکتەرێکی کـاریگەر لە پەیوەنـدییە نێونەتەوەییەکـانی ئەم سـەردەمەدا. کەواتە، ژێئۆپۆلیتیـک ناچارمـان دەکـات هەم لە ڕوانگەی سیاسـەتی نـاوخۆیی و هەم لە ئاسـتی سیاسـەتی نێونەتەوییـدا، هەڵـوەمەرجی گشـتیی ئێتنۆ-ناسـیۆنالیسـتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و تایبەتمەندییە دیـار

و بەرچاوەکانی بـزووتنەوە ناسیۆنالیسـتییەکانی ئەو نـاوچەیە بە بەشە جیاوازەکانیەوە، بخەینە بەر سرنج و لێکۆڵینەوە.

## ٢- ڕەوتی دوورکەوتنەوەی ئێتنیکی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک "ئتنۆس"ەکان و "سوپەرئتنۆس"ەکان

بنەچەی ئێتنیکی "ئتنـۆس"ە هینـدوئەرووپییەکان و "ئتنـۆس"ە بچۆک و مەزنەکـــانی دیکەی ڕۆژهەڵاتـــی نزیـــک (عەڕەکـــان، تورکەکـــان، پارسـەکان، کوردەکـان. ئیزراییلییەکـان، ئاسـوورییەکان، ئەرمەنەکـان، گەڵەکـانی دیکەی ئێرانــی زمـان، ســامی و تـورک) کە لە سـەردەمە کەونارەکانەوە بناغەیـان لەم نـاوچەیە داکوتـاوە و پاشـان لە سـەردەمی هێرەشـــکانی عەڕەبە مۆسـڵمانەکان و تـورکە مەغۆلەکانــدا (نێــوەی یەکەمــی هەزارەی یەکەم تــا نێــوەی دووەمــی هەزارەی دووەمــی زایینــی)، یەکەم هێڵەکـانی جیـاکردنەوەی ئێتنیکـی و ژێئۆپۆلیـتیکی نەخشـەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایان داڕشتووە.

پێــش هەمــوو شـــتێک، پێویســـتە کـــۆمەڵە ئێتنیکییە یەکپـــارچە و مەزنەکان (نەتەوەکان[29]) جیابکەینەوە کە ئێستا بە سـنووری دەوڵەتـان دابەش بوون و دانیشتووانی چەندین دەوڵەتـی سـەربەخۆی دراوسـێی نـاوچەکە پێکـدێنن و لە هەر یەک لەم دەوڵەتـانە و بۆنمـوونە لەیەکێـک لەوانە، لەلایەک زۆرینەیەکـــی زاڵ (عەڕەبەکـــان) و لە لایەکـــی دیکە کەمـــایەتییەکی پەرشـــوبڵاو (کوردەکـــان) پێکـــدێنن. دیـــارە بە هۆکارەگەلێکی ئاشـکرا، ڕێک ئەو ناوچانەی ئەو ئتنۆسـانە تێیـدا دەژیـن،

29 Nations

بــــۆتە لانکە و بنکەی هەڵگیرســـــاندنی تونـــــدوتیژترین و بەربڵاوتریـــــن کێشـەی ئێتنیکـــی کە بەرەو تونـــداژووترین شـــێوازەکانی ناســـیۆنالێزم پەلکێشبووە.

دەکرێ **عەڕەبەکـان** بە "سـۆپەرئتنۆس" نـاوبەرین کە لە ٢٠ وڵاتـی سـەربەخۆ و یەک ئۆتۆنۆمی رواڵەتـی و دانپـیّ نەنـراو ( فەلەسـتین کە کەنــاری رۆژاوای [رووبــاری] ئۆردۆن و بــاریکەی غەزەش دەگــرێتەوە) دەژیـــن و سـەرجەمی ئاپۆراکەیـــان دەگـــاتە ٢٠٠ ملیـــون. بەڵام ئەگەر تەنـانەت بە یەک پێـوەریش، واتە هەبـوونی یەک دەوڵەتـی سـەربەخۆ، عەڕەبەکان هەڵسەنگێنین، ناکرێ وەک "Titular nation"[30] هەژماریان بکەین و **بە تاق** ئاماژەیـان پێبکەیـن. هەر عەڕەبێـک دوو تایبەتمەنـدی هەیە: "وشیاریی دوونەتەوەیـی" هەمەعەڕەبـی و خـۆجێیی. بەو پێیە خاوەن "پێناسـەی نەتەوەیی دووانە"ن (وەک: "عەڕەبی" و "میسـری"، "عەڕەبـی" و "سـووری" و هتـد.). بە پێـی زانســتی چەشنناسـی[31] دەکـــرێ عەڕەب بە نەتەوەکـــانی ئامریکـــای لاتیـــن بشـــۆبهێنین. وەک زۆربەی نەتەوەکانی ئەمریکای نێوەندیی و باشوور، ئەگەرچی بەهـــۆی کــارابوونەوەی بەرچــاوی چیـــن و تۆژەکـــانی خەڵکە خـۆجێییە "ســوور پێستەکان" کە هێشتا دوچاری توانەوە نەبوون و لەو دووایانەدا تەنانەت گەشانەوەیەکی سیاسییان دەستپێکردووە بەڵام بەشێکی‌تر لەوانە بەتـــایبەت باشـــوورییەکان زۆر بە روونـــی بە پێناسـەیەکی سیاســـی-حکومرانی خۆتەوەرانە، خۆیـان جیـادەکەنەوە (مەکزیکـی، کۆلوومـبی، پێرووانی، بۆلێڤیایی و هتـد.). پرســی نەتەوایەتـی عەرەبـی بە مانـای

---

30 Titular nation بەشێک لە دانیشتوانی وڵاتێک کە لە ناوەکەیان، ناوی هەمان وڵات پێکدێنێ. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

31 Typology

گەورەترەکەی، واتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، وەک بەشێکی هزری-سیاسی جیانەکراوە و سەرەکی ئەو پرسەیە کە تەواو پەیوەندییە نێوعەڕەبییەکان و نێوخۆییە عەرەبییەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، لەوانەش: مشتومڕێکی هزری-سیاسی سەد ساڵی رابردوو لە جیهانی عەرەبدا لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێ ناعەرەبەکان و زلهێزە رۆژاواییەکان (بەتایبەت کۆلۆنیالیستەکانی پێشوو). ئەو پرسە بۆتە خاڵێکی سەرەکی و سیاسی لە "مەغربی عەڕەبی" (لە لیبیاوە تا مۆریتانی) و لە "مەشرقی عەڕەبی"(بەشی عەرەبی باکووری ئەفریقا). زۆرتر لەهەر شتێک جەوهەرەی ناسیۆنالیزمی عەڕەبی هەڵگری سرشتی توندڕەوانەی داگیرکارانەیە و بەردەوام لەهەوڵی بەرفرەکردنی پانتایی کاردانەوەی خۆی دایە.

ناسیۆنالیزمی عەڕەبی وەک بزووتنەوەیەکی هزری-سیاسی لە نێوەی دووەمی سەدەی ١٩ و لەسەردەمی ئیمپراتووریای عۆسمانێدا سەری هەڵداوە و چەندین جار نەیارە سەرەکییەکانی خۆی گۆڕیوە. لەسەرتادا ئەو نەیارە دەزگای سەرەرووی سەربازی-میریی تورکەکان بوو کە بەناوی دەسەڵاتی مەزنی سوڵتان، راستەوخۆ بەڕیوەبردنی ویلایەتە عەڕەبەکانی بەدەست گرتبوو (بۆ یەکەمجار لەسەدەی ١٦، ناوچەکانی ئێستای سووریە، لوبنان، فەلەستین، میسر و هێندێک دوواتر، تەواویی وڵاتانی دیکەی عەڕەبی، جگە لە مەراکیش). دژبەرایەتی و ناکۆکی نێوان عەرەب و تورک لەسەر بەستێنی بەڕێوەبردنی دەزگای میری و بەهۆی سەرەڕۆیی و گەندەڵکاری کارمەند و کاربەدەستە تورکەکان و بەتایبەت لە بوارەکانی ماڵی، دادوەری و پۆلیسدا دەستپێکرد.

بەکەڵـک وەرگرتـن لە چەمکێکـی مارکسیسـتی، دەتـوانین بڵێیـن "نـاموویی نەتەوەیـی"[32] لەنێـوان عەرب و تـورک لە ئیمپراتووریـای عۆسمانیدا چەندە سرشتی ژێرخانی هەبوویێت، ئەوەندە پتر هەڵگری جەوهەرەیەکـی سەرخانی بـووە، چونکـو ئەو پرسە بەروونـی لەسەر بنەمای ئابووری-کۆمەڵایەتی نەبـووە. پـاش شکسـتی ئیمپراتووریـای عۆسـمانی لە شەڕی یەکەمـی جیهانیـدا، سەروەریی تورکەکـان لە ویلایەتە عەرەبییەکانـدا نەمـا بەڵام لەهەمـوو ئەو ناوچـانەدا، بنەمـای چەقبەستوو و نەریتییەکانی ژیـانی کۆمەڵگـایەکی داسەپاوی فیۆدالی (باشتر بلێین، فیۆدالی-عەشیرەتی) هەر تێدا بەردەوام دەبێ[33].

ئەو کەسـانەی پێیانـدەگوتن سەرچاوەی بـاج و لە گۆنـدەکان دەژیـان (کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشـتووانیان پێکـدەهێنا) و ئەوانەی نیشـتەجێی شـارەکان بـوون (وردە بازرگانەکـان، پیشەوەرەکان وەک تـۆژێکی نـزم، و لە شـارە ڕۆژهەڵاتییەکـان دەژیـان) هەر وەکـوو پێشـتر لەلایەن "کەسە خۆماڵییەکـان"ی وەک کارمەنـدانی میریـی، سەرۆک خێل و عەشـیرەتەکان کە بە زمـانی خۆیـان دەگەڵیـان دەئاخـافتن (واتە بە زاراوەیەکی نزیک لە زمانی فەرمی قورئان) و بازاریان بەدەسـت بـوو و بازرگانی زەبەلاح بوون و دەوڵەمەندە مەزنەکانی دیکە، لەژێر رەکێفی چەوسـانەوەی فیۆدالیـدا بـوون و هەسـتیان بە زوڵـم و سـتەمێکی زۆر دەکـرد. لەسەرتا ژمـارەی تـورک و بە گشـتی کەسـانی بیـانی لەنێـو ئەوانەدا زۆر کەم بوون.

32 National Alienation -. وەرگێر.

33 مەبەست وڵاتانی عەڕەبی ئاسیایە (واتە رۆژاوای ئاسیا، یان وڵاتانی شام Levant). بەڵام ئەوە دەکری بۆ وڵاتانی عەڕەبی ئافریقاش (مەغریبی عەڕەبی) راست بێت. -. نووسەر

سەرەڕای زەبر و زۆریی و تاڵان و ملهوڕیی کە بەردەوام لەلایەن داگیرکاران و پاشان دەستنیشاندە و لاساکەرەوەکانیان ئەنجام دەدرا، باڵادەستی چوار سەدساڵەی تورک (لە سەرەتای سەدەی ١٦ەوە تا ساڵی ١٩١٨ لە رۆژهەڵاتی عەڕەبی، هێندێک کەمتر لە رۆژاوای عەڕەبی) تەنیا کاردانەوەی رووکارانەی دانابوو و نەچووبووە نێو قوڵایی ژیان و سامان و ئابووری خەڵکییەوە، بەتایبەت کولتووری ئەوانی نەگرتبۆوە. سرنجڕاکێشە کە داگیرکارەکان و داگیرکراوەکان هاوئایین بوون (بە باڵادەستی داگیرکاری سونە) و زمانی پیرۆزی ئیسلام کە گشت بنەماکانی ژیان و سامانی هەدووک لایەنی دیاری دەکرد، زمانی عەڕەبی بوو. ماوەیەکی دور و درێژ بوونی کەمایەتی شیعە و نەیارە موسڵمانەکانی دیکە کە بەگشتی لە لوبنان، سووریە، عێراق و یەمەن (زەیدی، عەلەوی، دروزیی و هتد.) دەژین، تا رادەیەک بێ کێشە و یان کەم کێشە بوون و نەببوونە مایەی کاردانەوەی بەرچاو و نەرێنی زۆربەی سونە، چ دەگا بە دژمنایەتیکردنی ئاشکرا لەگەڵیان. سەرەڕای ئەوەش، بەڕاستی ئەو موسڵمانە "لادەرانە" بەگشتی لەئاست دەسەڵاتی بەرزی وڵاتدا وەفادار و گوێڕایەل بوون، ئەگەرچی دەسەڵات، حکومڕانی خۆی بەهەموو چەشنێکی ناراستەوخۆ یان وەلایی بەسەریاندا سەپاندبوو (زۆربە ئیماراتی نیمچە دوڕگەی عەربستان). بەڵام هەڵسوکەوتی ئایینی سوڵتان-خەلیفە لەگەڵ جیهانی عەڕەب و موسڵماندا زۆرتر پشوودرێژانە بووە.

کەواتە، تا نێوەڕاستی سەدەی ١٩، بەهۆی کۆمەڵگایەکی نەریتیی کە وڵاتانی "مەشریق" و "مەغریبی" عەربی تەنیبووە، هەلۆمەرجێکی

ئۆبژێکتیف نەڕەخسابوو تا ناسیۆنالیزمی عەرەب بتوانێ چ لەرووی هزرییەوە و چ لەرووی سیاسییەوە سەرهەڵدا و گەشە بستێنێ.

کورد ئەگەرچی هێشتا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دانەمەزاندووە، بەڵام ناوچەیەکی بەرینی مێژوویی (نزیک بە ٤٥٠ هەزار کیلومیتری چوارگۆشە) بە "کوردستان" دەناسێ کە لەلایەن تەواوی جوگرافیناسانەوە دانی پێنراوە و لە تەواوی نەخشەکانیشدا ئاماژە بەو ناوە کراوە، و ماوەیەکیشە بەشی عێراقییەکەی، خۆدمۆختارییەکی فراوانی وەدەستهێناوە. بەگشتی و بەپێی ئامارێکی خەملێندراو ژمارەی ئاپۆراکەی پتر لە ٣٠ میلیون کەس دەکات. تایبەتمەندی پەیکەرەی ئێتنۆ-ناسیۆنالیستی داڕێژاوی رۆژهەڵاتی نزیکە (هەبوونی سۆپەر "ئێتنۆس"ی عەڕەب بە ئیدیعا هێژمۆنیخوازنەکانی و "ئێتنۆس"ی کورد بە کێشە چارەسەرنەکراوە دەرەکی و ناوخۆییە مافخوازانەکانییەوە - کوردستانی عێراقی لێدەرچێ، لەسەر بەستێنی گەلێک پرسی تری چاوەڕوانی چارەسەریی بەپەلە لە ناوچەکەدا) هەلومەرجی عەڕەب و کورد دەخاتە بەرەی پێشەوەی ژێئۆپۆلیتیکی هەنووکەیی باشووری رۆژاوای رۆژهەڵاتی نزیک. لە کاتێکدا هەریەک لەوانە بەستێنی کولتووری خۆیان سازکردووە و بە یەکەوە رەسەنایەتی شارستانیەتی بێوێنەی ئەو ناوچەیان پێکهێناوە. نێوەڕۆکی بەنرخ و جیانەکراوە و ئۆرگانیکی ئەو شارستانیەتە، بیر و هزرێکی مێژوویی داڕشتووە کە لە زۆر بواردا پێناسەی روخساری پسیکۆلۆژی، خودئاگایی و "خوباوەڕی"[34] نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە و

34 پڕوانە: پوشکین ا. س.، دیوانی هۆنراوەکان، چاپی چوارەم، بەرگی ٣، لێنینگراد، ١٩٧٧، ل. ٤٢٥, -, نووسەر. (مەبەست ئەو دێرەیە: "خوباوەڕی مرۆڤ، مزنایەتی ئەو دەستەبەر دەکات. Self-identity of man – the pledge of his greatness -. وەرگێر. )

کـــاردانەوە بەردەوام لەسەر هەڵســـوکەوتی سیاســـی تەواوی گرۆپە کۆمەڵایتییەکـــان دادەنێـــت. ئەم بیـــر و هـــزرە مێژووییە هەروەهـــا بەشـــێوەیەکی سـەرەکی بنـــاخەی گەشـەی بەردەوامـــی کولتـــووری نەتەوەیی بۆ تورک، فارس، عەڕەب لە ئاسیا و ئەفریقا، کـورد، ئەفغـان، پووشـــتوون لە ئەفغانســـتان و پاکســـتان و یەهـــودیی لە ئیســـڕاییل داڕێشـــتووە. بـیٚ ڕەچـاوگرتنی ئاپـۆڕا و کـاتی پەیـدابوونیان لە پانتـایی رۆژهەڵاتـی نزیکـدا، رێـک "Titular nation"[35]ە رەسـەنەکان هەڵگرانـی سـەرەکی ئەو بیـــر و هـــزرەن کە پاراســـتن و گەشـەکردنی نەتەوە و کولتوورەکانی ناوچەکەی دەستەبەرکردووە.

بەشێوەیەکی بەرچاو بەستێن و زەمینەی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی ئێتنۆپۆلیتیکی لە پانتایی جیهـانی عەڕەبـدا، درەنـگ سـازبووە، ئەویـش وادیـارە تـا رادەیەک بەهـۆی جێگیربـوونی پارتیکولیـاریزمی[36] ئایینـی لەچوارچیوەی شێواز و دەستە جیاوازەکانی ئایینی ئیسلام لەدەرەوونی دوو ئایینـزای داسەپاوی سـونە و شـێعەدا بـوویێت، و تاڕادەیەکی دیکە بەهۆی بوونی نەریت و باوی لەمێژینەی گەلێک باوەرمەندانی کلیسـای مەســیحیەتی چەشـــن جیـاواز لە وڵاتـانی "شـــام"[37] و هەروەهـا ئەو یەهودیـانەی کە لە "ئاســیای بچۆک" جێگیـر ببـوون و لەژێـر ســایەی "سیســـتەمی میللەت"[38] (سیســـتەمێکی داڕێـــژراو لەلایەن "بـــابی

---

35 پروانە ژێر نووسی ١٣, -.وەرگێر.
36 Partikularismus لەسیاسەتدا بە مانای ناوچەگەرایی دێت لەبەرامبەر ناوەند گەراییدا. جیاخوازیی ئەوپەڕی پارتیکولیاریزمی سیاسییە. -. وەرگێر.
37 Levant یان شام، وڵاتانی سووریا، لوبنان، ئوردن، فەلەستین، ئیسراییل، بەشێک لە سعودیا، بەشێک لە باشووری تورکیا تا دەگاتە چیاکانی تۆرۆس، دەگرێتەوە. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.
38 شێوازێکی دادوەری لە ئیمپڕاتووریای عۆسمانی کە هەریەک لە موسوڵمان و مەسیحی و یەهودی سیستەمی دادوەری سەربەخۆی خۆیان هەبوو. -. وەرگێر.

عالی”[39] بۆ ناموسڵمان و ناتورکەکان) هاوبەرژەوەندییەکی ئابوورییان لەگەڵ دەستەڵاتدا پەیداکردبوو.

بەلانیکەم لە چلەکانی سەدەی ١٩ەوە، نەخشەی ئابووری-کۆمەڵایەتی، دیارە پاشان، ئێتنۆپۆلیتیکی رۆژهەڵاتی نزیک (هەروەها رۆژهەڵاتی عەرەبی) دەستی بە گۆران کرد. نیشانەکانی لاوازیی و دارمانی تەواوی سیستەمی کۆنی فیودالّی-ئایینی و سەربازی-بیرۆکراتی عۆسمانی دەبیندرا کە لەبەرامبەر زێدەخوازییە سەربازی و ئابوورییەکانی زلهێزە کاپیتالیستەکانی روژاوای ئورووپا (لەسەرەتا بریتانیا و فەرانسا) و تزاریسمی رووسیا، توانای بەرەنگاربوونەوەی نەمابوو. لە مێژووی وڵاتانی عەرەبیدا بەهۆی سەردەمی سەرمایەداری و تێکەڵاویی راستەوخۆی ئەو وڵاتانە لەگەڵ سیستەمی بنەرەتی و پێشکەوتووی رۆژاوا، ئاسۆیەکی نوێ پەیدا دەبێ. قۆناخێکی تازە دەست پێدەکات و لەپێناوی خزمەتکردن بە سەرهەڵدانی نەتەوە عەرەبە تازەپێکهاتووەکان، ناسیۆنالیزمی عەرەبی چ وەک ئیدیۆلۆژی (لەسەرەتا) و چ وەک سیاست (دواتر) لە گۆرەپانی ناوچەکە دێتە ئاراوە.

لەروانگەی مێژووییەوە پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەک چەمکێکی سیاسی-ئیدیۆلۆژیک لە رۆژهەڵاتی نزیکدا، هاوکات دەبێ لەگەڵ هاتنی فەرانسا و بریتانیا بۆ ئەو ناوچەیە (لەساڵانی ٣٠ی سەدەی ١٩ەوە دەستپێدەکات) کە دەستدەکەن بە قۆرخکاری هەموو مافە ئابووری و سیاسییەکان، لەسەرەتا لە وڵاتانی شامی عەرەبی (سووریا، لوبنان، فەلەستین) و پاشان لە میسر و “مەغریبی

---

39 مەبەست کۆشکی سۆڵتانی عۆسمانییە لە ئیستامبۆڵ. -. وەرگێر.

عەڕەبی" کە لەژێر دەسـتەڵاتی ئیمپراتووریـای عۆسـمانیدا بـوون (جگە لە مەراکیـش). بەواتـایەکی دیکە، ڕێـک ئەو کـاتەی کە عەڕەبەکـان راسـتەوخۆ لەگەڵ کۆلۆنیـالیزمی کلاسـیکی ئوروپییە رۆژاواییەکـان رووبەڕوو بـووونەوە. تایبەتمەنـدی یەکەم رووبەڕوو بـووونەوەی راسـتەوەخۆی عەڕەب و زلهێـزە ئورووپییە روژاواییەکـان لە خۆحەشـاردانەوەی ئەو وڵاتـانە لەژێـر نـاوی دژایەتیکـردن لەگەڵ تورکیـا (ئیمپراتووریـای عۆسـمانی)دا بـوو. ئەو نـاوچە عەڕەبییـانەی لەژێـر دەسەڵاتی تورکیـادا بـوون تـا کۆتـایی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا هیـچ کـاردانەوەیەکی سـەربەخۆیانەیان لە رووداوەکانـدا نەبـوو. واتە لەسـەرەتادا ناسـیۆنالیزمی عەڕەبـی لە گۆڕەپـانی رۆژهەڵاتـی نزیکـدا بەشـێوازێکی پارادۆکسـاڵ هەڵسـوکەوتی دەکـرد. بەفەرمـی دژایەتـی دەکـرد لەگەڵ داگیرکـاریی تورکیـا کە بەرەو لێـک بڵاوبـوون دەچـوو، و بە کـردەوەش پشـتی بەسـتبوو بە پشـتگیرییە ئاشـکرا و نهێنییەکـانی فەرانسا و بریتانیا (و لە فەلەسـتین، بە رووسـیا) کە هەوڵـی کۆلۆنیـاڵ کردنـی وڵاتـانی عەڕەبـی شـامیان دەدا و بـۆیەش بەشـێوازێکی ئۆبژێکتیڤ دژایەتـی هـزری رزگـاریخوازانەی سـەرهەڵدانی ("النهضە"[40]) عەڕەبیان دەکرد [41].

---

40 بزووتنەوەیکی ڕێفۆڕمخوازیی کولتووری لە وڵاتانی عەڕەبی لە سەدەی ١٩ تا سەرەتای سەدەی ٢٠ کە رافع الطهطاوی، جمال الدی اسد آبادی و شیخ محمد عبده لە دامەزرێنەرانی بوون. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

41 پڕوانە: لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتی عەڕەبناسی بەناوبانگی رووس، ل. ن. کۆتلۆڤ کە بۆ سەرهەڵدانی ژیانەوەی عەڕەب نووسراوە و بەداخەوە تا ئێستا لەنێو هۆگرانی وێژەیی ئێمەدا [رووسیا] جێگای بەرزی خۆی نەدۆزیوەتەوە، کۆتلۆڤ ل. ن. بزووتنەوەی رزاریخوازانە و ناسییۆنالیستی لە رۆژهەڵاتی عەڕبەی (ناوەڕاستی سەدەی ١٩ تا ١٩٠٨)، مۆسکۆ، ١٩٧٥، هەوەها: نیکیتین ڤ. کوردەکان. وەرگێردراو لە فەرانسی، مۆسکۆ، ١٩٦٤، ل. ٤٣، ٧١. -. نووسەر

لەسەرەتادا و لە شەپولی یەکەمـــــی خۆیـــــدا، ناسیۆنالیســــتە عەڕەبەکـــان چ  لەرووی ئاڕاســـتەی هــزری و سیاســـی و چ لەرووی پرسـی سـتراتێژی و تـاکتیکی خەباتـدا، هـاوەدەنگی لەنێوانیانـدا نەبـوو، چونکــو لەرووی سیاســـی وکولتــوری و ئایینـــی و تەنـــانەت لەرووی ئێتنیکییشەوە لە کەســـایەتی یەکجـــار جیـــاواز پێکهـــاتبوون. ســـۆپەر ئێتنۆســـی عەڕەب هەرگیـــز بریـــتیی نەبـــووە لە یەک گەل، بەلکـــو سەرجەمی هێنـدێک لە ئێتنۆسـە لێکنزیکە هاوخوێنەکـانە (و بەگشـتی هەر بەو شـــێوەیەش دەمێنێتەوە) کە بەهـــۆی گەلێـــک نەریـــتی ئێتنۆکولتـووریی پتەو و بنەڕەتـی ئیسـلامی لێـک نزیکبـۆنەتەوە. لەوانە زمـــانی وێژەیـــی عەڕەبـــی (زمـــانی قـــورئان) لە پلەی یەکەمـــدایە و کۆگایەکی بەهێـز و مەزن لە کولتـووری نووسـراوەیی [کتێـبی] دارێـژراو لەسەر بنـــاخەی میتۆلـــۆژی ئیســـلامی و کۆمەڵێـــک لە ئاســـۆ مێژووییەکـــانی چارەنووســـی عەڕەبەکـــان بە هەمـــوو جیـــاوازی و ناتەباییەکانییەوە، لایەنەکانی دیکەی ئەو نەریتەن. ئەو کۆمەڵە ئاسۆیە بەهۆی پێکهاتە سەرەکییە بزونەرەکانی، سەرەڕای گەشـەی مێژوویـی و دەســـکەوتە سەردەمیانەکانی دەوڵەتـــانی عەڕەبەوە، نەیتوانیـــوە سیســـتەمێکی دەوڵەتـــی و سیاســـــی هێمـــۆژێن [یەکپـــارچە و هاوئاهەنگ] لە شێوازی ئیمپراتووریا پێک بهێنێـت. بەپێچەوانە،  گەلێـک کۆمەڵگای تەواو خۆدمۆختار بە سەربەخۆیی خۆجێیی‌یەوە  بەڵام لەژێر مەتـاڵی عەڕەبیزمـی زاڵ و وەک رەهەنـدێکی "ئەوپەڕ دەوڵەتـی"[42] بە سرووشتی ئێتنیکییەوە بۆتە تایبەتمەنیی ئەو کۆمەڵگایانە.

---

42 Supra state وەک شێخ نشینەکان و یا ئیمارات و شێخنشینەکانیی عەڕەبی -. وەرگێر.

ئەو تایبەتمەندییانەی جیهانی عەڕەب بوونەتە هۆی لێکداپڕان و پارچە پارچەبوونی بە گەلێک دەوڵەتی بچکۆڵەی خۆدمۆختار (ئیستا بەپێی ئەندامبوون لە کۆمکاری عەڕەبی، گەیشتووتە ٢١ دەوڵەت) و هەر یەکەش ئیتر خاوەنی سالانێک لە مێژووی "پۆست کۆڵۆنیالیزم"ن. بۆیە لیکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزمی عەڕەبی نەتەنیا دەبێ بەشێوازی " grosso modo بێ، بەڵکو دەبێ تایبەتمەندی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم لەهەریەک لەو وڵاتە عەرەبە جیاوازانەش لەبەرچاوبگرین.

نموونەیەکی دیارە لە "ناسیۆنالیزمەکانی" پارتیکولاریی عەربی، ناسیۆنالیزمی پانعەڕەبی سەردەمی "النهضە"یە کە ئێستاشی لەگەڵ بێت، لە جیهانی عەڕەبدا گەلێک لایەنگری هەیە. پانعەڕەبەکان باوەڕیان بە بوونی یەک نەتەوەی عەڕەب لە پانتایی دەوڵەتە عەرەبەکانی ئێستادا هەیە و گۆیا ئەو سنوورانی کە لەسەردەمی داگیرکاری عۆسمانی و کۆلۆنیالیزمی ئورووپییە رۆژاواییەکاندا (بریتانیا، فەرانسا و ئیتالیا) کێشراون تەنیا "هێلی نمایشی"ن[43] و پێویستە هەرچی زووتر لەنێو بچن. ئەو روانگەیە وەک لەرابردوو دیتمان، هیچ بنەمایەکی بەجێ و لۆژیکی تێدا نییە و پەیوەندی نییە بە واقیعی هەلومەرجی ئێتنۆپۆلیتیکی جیهانی عەرەبەوە کاتێک ئاڕاستەی رەوتی ناسیۆنالیستییەکەی بەرەو سازدانی نەتەوە عەرەبە خۆدمۆختارەکان و دامەزراندنی گەلێک سیستەمی ئیدیۆلۆژیکی و کۆمەڵایەتی-سیاسی پارتیکولیاریی دەچێ، با پەیوەندی ژێنیتیکی خۆشیان لەگەڵ هزری پانعەڕەبی راگرتبێ. لیرەدا پەیوەندییەکی چەشنناسانە[44] لەنێوان پانعەڕەبیزم و

43 Demarkation Line -. وەرگێر.
44 Typology-. وەرگێر.

پانئیسلامیزم بەدی دەکەین کە ئێستا تەنیا بۆ مێژوناسە سڵاڤەکان (بەتایبەت ئەوانەی بەرەو رۆمانتیزم و نۆستالژی لاربوونەوە) سرنجڕاکێشە.

چەمکی ناسیۆنالیزمی سەردەمیانەی عەڕەبی دەبێ لە دوو رووەوە هەڵسەنگێنین: یەکەم لەرووی سیاسییەوە واتە "مانا هزرییە کاتییەکەی"[45]، دووەم لەرووی زانستییەوە بۆ دیاریکردنی واقیعی ئۆبژێکتیڤی ئەو چەمکە، هەڵبەت بە دانی بەهای سەرەکی بە لایەنی کولتووری. رووی یەکەم بەئاشکرا هەڵگری تەوەژمێکی هەستیاریە (هێندێکجار بە "عەڕەبیزم" ناوی لێدەبەن) و رۆمانتزمێکی بەهێزی تێدایە کە پشت بە نەریتێکی دەوڵەمەندی مێژوویی دەبەستێتەوە. رووی دووەم، لەسەر پێوەرە باوەڕپێکراوە زانستی و ئۆبژێکتیڤەکان دارێژراوە، و تەنیا رێگای پێکەوەژیانی سەردەمیانە و بێ توندوتیژییە، بۆیە زانست بێ سڵدانەوە ئەو شێوازە لە پلەی یەکەم دادەنێ. مخابن بە رەچاوگرتنی رووی یەکەم، ناسیۆنالیزمی عەڕەب بۆتە کەرەسی سەرەکی و زۆربەکارهاتووە لە سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی گشت دەوڵەتانی عەڕەبی.

عەڕەبیزم نەتەنیا بەشێکی جیانەکراوە و سەرەکی فۆلکلۆر و داهێنانی هونەری پێکهێناوە، بەڵکو بەگشتی بۆتە کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی عەڕەب. هزری عەڕەبیزم رخنەی کردووتە نێو گشت ئاستەکانی ئاگایی کۆمەڵایەتی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەرنامەی گشت حیزبەکان بێ جیاوازی، چاپەمەنییەکان، نێو

45 Conjunctures, subjective connotation -. وەرگێر.

کەرتەکـــانی ڕاگەیانـــدن و بەرهەمهێنـــان و ئامرازەکـــانی ڕاگەیانـــدنە ئەلکترۆنییەکانی بینراو و بیسراو.

بەتێڕوانینێکـــــی وردبینـــــانە بۆمـــــان دەردەکەوێ کە ئەو دوو ڕووی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم سەردەمەدا، بەهیچ شـێوەیەک لێکـتر جیـا ناکرێنەوە و لەڕووی سرشتی دژایەتییـان لەگەڵ یەکـتر نییە. جیاوازیـان تەنیـا بەنـدە بە هەلومەرجەکـان و پەیوەنـدی هەیە بە بەکارهێنانیـان لە هەلـومەرجە جیاوازەکانـدا و تەواکەر و جێگـرەوەی یەکـترن. بەگشـتی، ئەو دوو ڕوویە، وێنـایەکی یەکگرتـوو و پڕبەپێسـتی چەمکـی ڕواڵەتیـی "خۆاگایی نەتەوەیـی عەڕەبـی" یـان "عەقڵیەتـی نەتەوەیـی عەڕەبـی" پێکـــدێنن و بە تێکەڵکبـــوون لەگەڵ بەســـتێنی پارتیکۆلیـــاریی (وڵاتە جیاوازەکـــان) و هەروەهـــا پـــانعەڕەبی (عەرەبیـــزم)، نێـــوەڕۆکی ڕاستەقینەی چەمکی کۆمەڵناسیانەی "ناسیۆنالیزمی عەڕەبـی" پێـک دەهێنن.

ناســـیۆنالیزمی عەڕەبـــی خـــۆی بە هەمـــوو ڕژێمە سیاســـییەکانی جیهانی عەڕەب تەیار کردووە، بەڵام بەشێوازی جوراجور بەکاری دێنـێ و دەکرێ بڵێین کە بەشێوازێکی پارتیکۆلیـاریی بەنـدە بە شـوێن و کـاتە جیاوازەکـان. لەو وڵاتـانەی کە ئێسـتا دابونەریـتی کـۆنی عەڕەبـی لە شـێوازی ژیـانی کۆمەڵاتیـدا بەهێـزن، ناسـیۆنالیزم بەچـڕی تێکەڵاوە و لێکبەستراوە لەگەڵ ئیسلامیزم (پاشایەتی سعۆدی، لیبیا، مەراکیش) و تـا ڕادەیەک وێنـای ئایینـی هەیە. لە وڵاتە پیشـکەوتووترەکانی شـام Levant ، واتە لە میســـر، ســـووریا، و هەروەهـــا لە لوبنـــای نیمچە مەســـیحی و لە ئوردن و عێراقـــدا، ئیســـلامیزم بەگشـــتی لەبـــاری سیاسـی و حقوقییەوە نەچۆتە نێو چوارچێـوەی بنەمـا ڕاگەیانـدراوەکانی

ئەو دەوڵەتـانە. ئەگەرچـی ئیسـلامی رووحـانی[46] کـاردانەوەی خـۆی لەسەر کەشـوهەوای هـزری سیاسـیی ئەو دەسـتە لە دەوڵەتـانەدا داناوە.

خۆنامۆیی[47] کە سەرەتا لەسەر بەستێنی ئێتنیکی و پاشتر لەسەر بەستێنی ئایینی پێکدێت، هۆکاری ناتەبایی ناوخۆییەکـانە و کـاردانەوی هەیە لە چڕبـوونەوەی ناسـیۆنالیزم لە هەمـوو ئەو وڵاتـانەی ئەم پرسە تێیانـــدا سەریهەڵداوە. سەرەڕای ئەوە، دووپـــاتی دەکەینەوە کە لە ئیمپراتووریـای عۆسـمانی مـاوەیەکی دوور و درێـژ ئێتنـۆس و ئایینـی زۆر جیـاواز لەژێـر سـایەی "سیسـتەمی میللەت"[48]ی "بـابی عـالی"[49] بەئاشـتی لەگەڵ یەکـتر ژیـاون. بەڵام کاتێـک ئەو ئیمپراتووریـا فـرە نەتەوەییە کەوتە قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییە سرۆشتییەکانی خـۆی و پاشـانیش تێکڕووخا، ئەو "حەیران"ە کۆتایی پێهات.

لە گۆڕەپـانی وڵاتـانی عەڕەبـی و وڵاتـانی دیکەی کۆلۆنیـالی و نێـوە کۆڵۆنیـالی نـاوچەکە، ناتەبـایی ئێتنیکـی-ئایینـی لە سەردەمی شەڕی یەکەمـی جیهـانی سەری هەڵـدا و گەشەی کـرد و پاشـانیش لەژێـر کـــــاردانەوەی دەســــــتێوەردانە مەبەســــــتدارانەکانی زلهێـــــزە ئەمپریالیســــتییەکان بــــۆ داگیرکــــردن و دامەزرانــــدنی گۆڕەپــــانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە رۆژاوای ئاسـیا کەڵکیـان لە بزووتنەوەکـانی رزگاریخوازانەی دەوڵەتە فـرە نەتەوەییەکـانی ئەو نـاوچەیە بـۆ گەیشـتن بە مەبەســتەکانیان وەرگــرت. پــاش شەڕی دووەمــی جیهــانی و هەسـتانی شەپولی بـزووتنەوە رزگاریخوازانەکـانی وڵاتـانی ئەفریقـا و

46 Cleicalism -. وەرگێر.
47 Alination -. وەرگێر.
48 پروانە ژێرنووسی ٢١. -. وەرگێر.
49 پروانە ژێرنووسی ٢٢. -. وەرگێر.

ئاسـيا لەپێنـاو رزگـاریی لە کۆلۆنیـالیزم، دەسـتێوەردانەکانی رۆژئاوا لە ژیـانی گەلانـی رۆژهەڵاتـی نزیـک (لێـرەدا تەنیـا باسـی ئەو نـاوچەیە دەکەین) نەتەنیا کۆتایی پێنەهات، بەڵکوو لە زۆر بـواری دیـاردا تەنـانەت پەرەسـەندنی بەخـۆیەوە دیـت. تەنیـا شـێوازەکان و ئامانجەکـانی ئەو دەستێوەردانانە لەپەیوەندیی لەگەڵ هەلومەرجی تازەپێکهاتوو، گۆڕانی بەسـەردا هات.

لەم سـەردەمە تازیەدا، ئەگەرچی قۆناخی کاپیتالیزم و ئەمپریالیزمی کلاسـیک بەسـەرهات، بەڵام مەیلـی وڵاتە فرەپێشـکەوتووە پێشـەسـازییەکانی رۆژاوا بـۆ دەسبەسـەرداگرتنی رۆژهەڵاتـی نزیـک لەپێناو بەرژەوەندییە ژێئۆپۆلیتیکی و ژێئۆستڕاتێژیکییەکانیاندا بەتەواویی لەئاسـتی خـۆی مـایەوە و بەرەو وەدەسـتهێنانی سـەرچاوە سرووشـتیەکان (لە پلەی یەکەم نەوت و ئێسـتاش گـازی سرووشـتی) هەڵکشـانی بێ وێنەی بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام بۆ راگرتن و بەپێی توانا، پتەوکردنـی پێگە وەدەسـتهاتووەکانی سـەردەمی کۆلۆنیـالیزمی کلاسـیک لە نـاوچەکەدا، پێویسـتیان بە شـێوازی سیاسـی نـوێ بـوو. زلهێـزە کـۆنە کۆلۆنیالیسـتەکان ئیـتر ئێسـتا سـەروکاریان هەبـوو لەگەڵ، یەکەم، گەشـەی خۆاگـایی ناسیۆنالیسـتی عەڕەبەکـان و گەلانـی دیکەی رۆژهەڵاتـی نزیـک لەپێنـاو سـەربەخۆیی راسـتەقینە و مـافی خۆبەڕیـوەبردن[50] بە رێبەرایەتـی ناسـیۆنالیسـتە خۆجێییەکـان، دووەم، لەگەڵ ململانـی رکـابەرە رۆژاواییەکـانی دیکە (لەوانە، رکـابەری نـوێ، وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا) کە چاویـان پڕیبـوو بەشـی خۆیـان لە سـەرچاوە سرووشـتییەکانی نـاوچەکە. ئەمپریـالیزم و کۆلۆنیـالیزمی

---

50 Sovereign -. وەرگێر.

شـــێوازکۆن، ناچـــاربوون بەرگـــری لەخۆیـــان بکەن، واتە بەناچـــاری بەتەواویـــی لە پێگەی فەرمـــانڕەوایی ڕۆژهەڵات پاشەکشەیان کـــرد و وازیـان هێنـا لە تۆنـدوتیژیی بـێ بەزەیـانە وەک سـەرەکی‌ترین ئامـراز. بەڵام بـۆ داگیرکردنـی نـاوچەی تـازەی کاردانەوەیـان و بەرگریکـردن لە دەســـتکەوتەکانیان، دەســـتیانکرد بە دۆزینەوەی هاوپەیمـــان لەنێـــو نۆخبەکـانی خـۆجێیی و هێـزە سیاسـییە تـازە سـەرهەڵداوەکان کە زۆر جـار ناسیۆنالیسـتە خۆجێییەکـان و تێکۆشـەرانی سیاسـی و تەنـانەت کەسانی تۆندازۆشـی دەگرتەوە.

ناســیۆنالیزمی هەمـوو ئەو کەســانەی هێســتاش چەقبەســتووی کۆمەڵگای نەریتی مابوونەوە و بەپێی ئاسـتی پێشـکەوتوویی ئەوکـات، پێـــوەرە دیارەکـــانی شارســـتانیەتی سەردەمیانە لایـــان بێگـــانەبوو، سنووردار و ناتەوا بوو و لەرووی سرووشـتیەوە خۆپەرەسـتانە و تەنیـا بە پرسە بەرتەســکە ئێتنیکییەکـــانی نەتەوەی خۆیـــان ســـنووردارکرابوو، سیستەماتیک نەبوو، بەرنامەیەکی ئەرێنی بۆ چاکسازی و نوێکاری لە بنکە سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی و ئابـــوورییە کـــۆن و پاشـــماوەی سەدە ناوەڕاســـتەکانی پـــێ نەبـــوو. ئاڕاســـتەی ئەو ناســـیۆنالیزمە تەنیـــا دژایەتیکـردن بـوو لەگەڵ دوژمنـانی دەرەکـی کە ئەوە تێـرکەرەوە نەبـوو. بەگشـــتی لە ناســـیۆنالیزمی سەردەمیانەی ڕۆژهەڵاتـــی نزیـــک و بەتـــایبەت لە ناســـیۆنالیزمی عەڕەبـــدا، چ لە رووی هـــزرییەوە و چ بەکـردەوە، کەسـایەتییکی "پرۆتاگۆنیسـتی"[51] لەئاسـتی نێونەتەوییـدا، پێـوەی دیـار نییە تـا پێکهێنەری ناسـیۆنالێزمێکی پێشـکەوتوو و ئاسـۆدار بێت هەر وەک لە زۆر لەنموونەی کـارە سیاسـی و هزرییەکـانی ڕێبەرە

51 Protagonist کەسایەتی یان قارەمانی سەرەکی ڕۆمان و داستان. -وەرگێر.

ناودار و کاریزماتیکەکانی رۆژهەڵاتدا دەیانبینین، وەک: سوون یاتسێن، گاندی، نێهروو، کەمال ئاتاتورک. لێرەدا پێویستە ئەمەشی لێ زیادکەین کە ئەو ناسیۆنالیزمە بەهۆی لاوزبوونی تا ئێستا نەیتوانیوە ئەزمونێکی بەرچاوی سیاسی کۆبکاتەوە تا بیکاتە بنەمای رێبەریکردنی بزووتنەوەیەک بۆ بۆنیادنانی کۆمەڵگایەکی رەسەنی دێمۆکراتیک لە وڵاتانی عەڕەبیدا. هاوکات ناسیۆنالیزمی سەردەمییانەی عەڕەبی پاشخانێکی ئیسلامیزمی پڕ لە گرێکوێرە کۆن و داسەپاوەکانی لەکۆڵی بەستووە و تەنانەت پێشی وابەستەیە کە نەخشێکی زۆر تێکدەرانە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا دەگێڕێ (ئەوە عەڕەبە مەسیحییەکانی شام Levant ناگرێتەوە). بۆیە لەم سەردەمەی ئێمەدا ناوەرۆکی نیشتمانپەروەرانە و دژە هێژمۆنیکی ناسیۆنالیزمی عەڕەبی گەلێک سنووردار خۆیدەنوێنێ.

سەرەڕای ئەمانە، ناسیۆنالیزمی عەڕەبی نەخشێکی گرینگ و سەربەخۆیانە و هاوکات زۆر شاراوەی لە سیستەمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی سەقامگرتوو لە رۆژهەڵاتی نیزیکدا گێڕاوە و بناخەی سیاسی بزووتنەوەیەکی بەهێزی لە پێناو سەربەخۆیی تەواو و خۆبەڕێوەبەری لە هەموو وڵاتانی عەڕەب پێکهێناوە کە لە ئاکامدا روخانی رژێمە کۆلۆنیال و نیمچە کۆلۆنیالەکانی ئاسیا و ئەفریقای لێکەوتووتەوە. ئەو ئاکامە، بەهرەی ئەرێنی ناسیۆنالیزمئ عەرەبە لە رەوتی مێژوویی و گشتگیری پێکهێنانی بارودۆخ بۆ گەشەکردنی ئازاد و سەربەخۆیانەی گشت گەلانی جیهان. لە هەمان کاتدا، هەڵکشانی خێرای ناسیۆنالیزمی عەڕەب پاش شەڕی دووەمی جیهانی، بۆتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی کێشەکان لە

ڕۆژهەڵاتــی نزیــک کە تەنــانەت بــۆ بەرژەوەنــدیی خۆدی گەلانــی عەڕەبیش هەڕەشەیە.

مــافی چــارەی خــۆ نووســینی گەلانــی عەڕەب لەژێــر ئاڵای ناســیۆنالیزمی عەڕەب بــۆ نمــوونە لە ســاڵانی ١٩٢٠ تــا ١٩٧٠، راســتەوخۆ لەسەر بەرژەوەنــدییەکانی وڵاتە زلهێــزە فرەپێشــکەوتوو و پێشەسازییەکانی ڕۆژاوا (هەروەها ژاپۆن) کاریگەریی مەزنــی دانا. ئەو زلهێزانە بەهیــچ شــێوەیەک ئامــادە نەبــوون ڕێگــا بــدەن بە لاوازبــوونی کاردانەوەیــان لە جیهــانی عەڕەبــی، واتە ئەو وڵاتــانەی (ئێرانیشــی لەگەڵ) کە خــــاوەن سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی سرووشــــتین. هەروەها هێندێک وڵاتی نەهەموو ئورووپی "پاشــکۆ"ی ئەو زلهێزانە کە بەســتراوەی هەنــاردەی نەوت و گــازی ڕۆژهەڵاتــی عەڕەبــی بــوون، پشــتیوانی ئەو زلهێزانەیــان دەکــرد. هەمــوو ئەو وڵاتــانە بەگشــتی سەقامگیریی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و بەتــایبەتی لە دەوڵەتــانی میسر، ســودان، شــامی عەڕەبــی Levant، و عێراقیــان زۆر پــێ گرینــگ بوو.

بەڵام مــاوەیەکی دور و درێــژە ئەو نــاوچەیە سەقامگیریی بەخــۆیەوە هەر نەبینیوە و چــاوەڕێ نــاکرێ لە داهــاتوویەکی نزیکیشــدا لەو ڕووەوە گۆڕانێــک ڕووبــدات. بە درێژایــی سەد ســاڵی رابــردوو پشــێویی ناسیۆنالیســتی ئەو نــاوچەیەی تەنیــوەتەوە. پــاش ڕووخــانی ڕژێمــی سەرەرۆی سۆڵتان بەدەست تورکانی جەوان، لەسەرەتا هەستی دژە تورک ورووژا و پــاش هەرەســهێنانی ئیمپراتووریــای عۆســمانی بەهــۆی شکســتی لە شەڕی دووەمــی جیهانیــدا، گــوڕوتینی ناسیۆنالیســتە عەڕەبەکــان بەدژی هاوپەیمــان و پشــتیوانانی پێشــوویان لەشەرەدا

هەڵگیرسا، واتە ئینگلیس و فڕانسییەکان، چونکوو نەتەنیا بەڵێنیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆی عەڕەبی لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتووریای عۆسمانیان بەجێ نەگەیاند، بەڵکوو بەکەڵک وەرگرتن لە سەرکەوتنی "هاوپەیمانانی ٣ لایەنی ئانتانت"[52] بەسەر "هاوپەیمانانی ٤ لایەن"دا، سووریا، لوبنان، فەلەستین، "ئەوپەڕی ئوردن" (ماوراء الاردن "ئوردنی ئێستا") و عێراقیان داگیر کرد و لەچوارچێوەی رژێمێکی کۆلۆنیالیدا خستیانە ژێر حوکمی "کۆمەڵەی نەتەوەکان"[53]. تەنیا پاش تەواببوونی شەڕی دووەمی جیهانی بوو کە ئەو وڵاتانە سەربەخۆییان وەدەست هێنا، ئەگەرچی لە یەکەم قۆناخدا زۆرتر بەشێوەیەکی رواڵەتی بوو و لە زۆر بواری هەستیاردا (پێش هەموویان ئابووری و سیاسی-سەربازی) بەستراوەیی زۆربەی وڵاتە سەربەستە عەڕەبییەکان بە رۆژاوا هەر بەردەوام بووە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەر بەردەوامە.

پاش لەنێوچوونی کۆلۆنیالیزمی وڵاتانی عەڕەبی چاوەروان دەکرا روانگەی مافخوازانەی ناسیۆنالیزمی توندازووی عەڕەبی دژی رۆژاوا کۆتایی پێهاتبا و یان بەلانی کەم لاواز بۆبا. بەڵام ئەوە رووی نەدا و بەپێچەوانە، هەڵکشانی بەخۆیەوە دیت. رێک لەو سەردەمەدا و کاتێک پرسە کۆنە کلاسیکی و مێژووییەکەی رۆژهەڵات بەگۆڕ دەسپێردرا، تازە کێشەیەکی گەلێک مەزنی سیاسی-سەربازی دیکە دەست پێدەکات کە چوارچێوەی ناوچەیی تێدەپەڕێنێ و لەقوڵایی و پانتایی بەرفراواندا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە سەرەکیترین و کاراترین کێشەی نێونەتەوەیی.

---

52 Triple Entente رێکەوتنی نێوان بریتانیا و فەڕانسا و رووسیا. -. وەرگێر.
53 League of Nation -. وەرگێر.

مەبەست پرسی فەلەستینە (لە نووسراوەکانی ئەم سەردەمەدا زۆرتر بە واتایەکی فراوانتر و لەرووی جوگرافی نادیار، بە "کێشەی رۆژهەڵاتی نزیک" ناوی لێدەبەن) کە بەهۆی سیاسەتی ئەمپریالیستی لەندەن لە کۆتایی شەڕی یەکەم جیهانیدا و لەماوەی ریکەوتنەکانی ئاشتی پاش شەڕ بەسەر ناوچەکەدا سەپا. ئەو سیاسەتە تاکو ئێستا نەتەنیا ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیک، بەڵکو کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواوی جیهانی ژەهراوی کردووە و بۆتە کۆسپێک لەبەر سیاسەتی دەرەوی دەوڵەتە عەڕەبەکان و زۆربەی دەوڵەتانی موسڵمان، و ئەو وڵاتانەی هاویشتووتە ناو ململانییەکی زۆر پڕخەرج لەگەڵ ئیسراییل کە لەگەڵ بەرژەوەندییە بەهادارە نەتەوەییەکانییان نامۆیە و هەروەها دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی گەلێک گیروگرفتی کەڵەکەکراوی ئەو وڵاتانە کە لەمێژە چاوەڕوانی چارەسەری دەکەن.

کێشەی رۆژهەڵاتی نزیک بەو روخسارەی کە ئێستا هەیەتی هەروەها بەشێوەیەکی نەرێنی کاردانەوەی لەسەر ئیسراییل داناوە و ئاسۆی مانەوەی سەقامگیرانەی دەوڵەتی لاوی یەهوودی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. لە ململانی عەرەب و ئیسراییل کە پتر لە ٦٠ ساڵە درێژەی هەیە و چوار شەڕی گەورە و چەندها تێکەڵچوونی سەربازیی ناوچەییشی لێکەوتووتەوە، لە ٢٥ ساڵی رابردوودا هەردوو لایەنی خستۆتە بنبەستەوە. هەوڵی گەلێک لایەنگرانی هەڵسوکەوتی رادیکاڵانە لە رێکخراوی ناسیۆنالیستی و رێبەرانی دەوڵەتانی عەڕەب کە زۆرتر شێوازی پارتیزانی و تیروریستییان گرتبووبەر، نەیتوانیوە ئاکامێکی چاوەڕووانکراویان بۆ بەرهەم بێنێ. ئاکامی ئەو هەوڵانە

بەپێچەوانە، لاوازیــــی سیاســــی و سەربازیی عەڕەبە رادیکاڵەکـــانی پێشان دا و سەلماندی کە ناتوانن بەسەر ئیسراییلدا سەرکەون و یان واداری بکەن پاشەکشەیەکی جیددی بۆ عەڕەبەکان بکات. تاقمە توندوتیژەکانی کارگای کەرەسەسازیی عەڕەبی داوای دامەزراندنی فەلستینی عەڕەبییان دەکرد بە پایتەختیی ئورشەلیم و ئەگەر بکرێ سنوورەکانی بگاتە ئەو ناوچانەی ئیستا شارۆچکە زایۆنییەکان لێی ساز نەکرابوو ("داوای هەرە بەرز")، دەنا بەلانی کەم جێبەجێکردنی بریاری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٢٩ نۆڤەمبەری ١٩٤٧ ( "داوای هەرە نزم" جیاکردنەوەی دوو دەوڵەتی فەلەستینی عەڕەبی و یەهودی).

بانگەشەکانی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دوربوو لە بەستێنی واقیعی و لەگەڵ بارودۆخی ژێئۆپۆلیتیکی نە رۆژهەڵاتی نزیک و نە جیهان یەکیان نەدەگرتەوە و هیچ چانسێکی نەبوو لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانی پێشوازی لێبکرێ، ئیتر باسی هەڵوێستی ئیسراییل هەر ناکەین. بەڵام ئێستاش نزیک بە هەمووی ئەو روانگەیە بەردەوام لە لایەن کۆمەڵگای تەواوی وڵاتانی عەڕەب هەمدیسان دووپات دەبێتەوە و هەروەها پشتیوانی و دڵسۆزیی جیهانی ئیسلام و، لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا- وڵاتانی جەمسەری سۆڤیەت و دەوروبەری بۆ لای خۆی راکێشا. بۆیە لە ٢٠ ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەڕای شکستە سەربازییەکانی عەڕەب، ئەگەرچی لەوانەیە لەژێر کاردانەوەی ئەو شکستانەش بووبێ، ناسیۆنالیزمی عەڕەب بە بەرزکردنەوەی هەست و سۆز و پشتبەستن بە سایکۆزی[54]

54 Psychosis دەروون شێواویی-. وەرگێر.

ڕێڤانشیزمی[55] تایبەت بە عەقڵییەتی تۆڵەئەستێنەرانە و جێگرتووی عەڕەب، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیت، بەڵام بەگشتی ئاڕاستەیەکی توندڕاژووانەی ئاشکرای بەخۆی گرتووە کە بەرەو بنبەست دەیبات.

دوایین ڕووداوەکانی گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە سەرەتای هەزارەی تازەدا [هەزارەی سێەم]، هێندێک تایبەتمەندی تەڕ و تازەی لە سەرلێشێواویی ناسیۆنالیزمی عەڕەب زیاد کردووە. کێشەکانی ناوچە دیسان بە سەرچاوەی نێوخۆیی و دەرەکی تازە دەبنەوە و بە ڕەهەندگەلی تازە سەرهەڵدەدەنەوە. هەڵبەت هەموو ئەوانە پەیوەندییان بە ناسیۆنالیزمەوە نییە، بەڵام هەموو ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لە کاراکردنی ناسیۆنالیزم، چۆنکە ناسیۆنالیزم لە پەیوەندی لەگەڵ هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لەژیانی کۆمەڵگادا هیچ کاتێک بێلایەن نەبووە و نابێ. ئەم دیاردەیە هەم لە جیهانی عەڕەب و هەم لە دەوڵەتانی دیکەی باکووری ڕۆژهەڵاتی نزیک، بۆ نموونە لە ئەفغانستان بەڕوونی دەبیندرێن.

زۆرجار لایەنەکانی ململانی لە پێناو بەرژەوەندی نەریتی خۆیاندا واز لە گفتوگۆیەکی شارستانیانە دێنن و دەست دەدەنە شێوازگەلێکی زۆر بێبەزێییانە. ڕێککەوتنی ئاشتیانە دەکەوێتە پلەی دووەم و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گرینگی بە شێوازەکانی توندوتیژانە دەدرێ. تیرۆریزم گۆڕەپانێکی بەرفراوانی داگیرکردووە و هێندێکجار کاردانەوەکانی دەگاتە ئاستی کۆمەڵکوژی. بۆ چارەسەری گەلێک

---

55 Rewanshism بەمانای تۆڵەستاندن و تۆڵەکردنەوە، شیوازێکی هەڵسوکەوتی دەوڵەت، حیزب یان ڕێکخراەکانی سیاسییە بۆ گۆڕینی سنوورەکان یان ئەستاندنەوەی خاکی داگیرکراو بەهۆی شکستی سیاسی یان سەربازی. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

کێشەی سیاسی و لە پلەی یەکەم ئەو کێشانەی پەیوەستن بە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، توندڕەویی ئەویش بەشێوازەی هەرە خوێناوی خۆی، بۆتە باو.

نموونەیەکی زۆر ئاشکرا و لەهەمان کاتدا فرە ریاکارانەی سەرهەڵدانی توندڕەویی بریتییە لە کارنامەی حیزبی ژیانەوەی سۆسیالیستیی عەڕەبی ("بەعس") لە عێراق (تا ماوەیەک لەمەو پێش) و لە سووریا کە بۆ رێبەری هەموو عەڕەب تێدەکۆشان. ئەو حیزبە هەروەها لە لوبنان. ئوردەن و چەند وڵاتی دیکەی عەڕەبی لایەنگرانی هەیە، بەڵام کاردانەوەیەکی بەرچاویان نەبووە. کادیرانی بەعەس زۆرتر هەلقوڵاویی بەستێنێکی وردەبوورژوایی بوون و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سامانیی جێگیر نەبوون، بۆیە بە خۆبایییەکی لەرادەبەدەر و بەپێی توانا بەکەمترین سەرئێشە، لەهەوڵی گۆڕاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بوون. بەشی هەرە زۆری بەعسییەکان پێکهاتبوون لە ئەفسەرانی سۆپا و کارمەندانی پلەنزمی پۆلیس لەژێر کاریگەریی هەستی ناسیۆنالیستی وروژێندراو لەلایەن کارمەندانی ئاست نزمی ناو ئامرازەکانی راگەیاندن و هەروەها بەهۆی نووسراوەکانی ناو کتێبەکانی خوێندگەکان و بەسواربوون لەسەر شەپولەکانی نیشتمانپەروەریی، ئاواتەخوازی وەدەستهێنانی ناوبانگ بۆ کەسێتی خۆیان بوون. دیاردەیەک کە بەگشتی لە وڵاتانی پەرەئەستێنی رۆژهەڵات لەنێو نیمچە ڕووناکبیراندا باوە و ئارەزووی گۆڕانی خیرا دەکەن (بەگشتیش تەنیا بۆ سودی خۆیان).

ئەگەر لێکدانەوەیەک بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ناسیۆنالیستی عەڕەب بکەین و عێراق و سووریا بە نموونە بگرین،

بێگۆمان دەتوانی بەاوردیـان بکەیـن لەگەڵ ئیتالیـای سـەرەتای سـاڵانی ١٩٢٠ و ئاڵمانیـای سـەرەتای سـاڵانی ١٩٣٠. ئەم دوو وڵاتە لە رەوتـی خەبات بـۆ وەدەسـتهێنانی دەسـەڵات رووبەڕووی گەلێـک قەیرانـی یەک لەدوای یەکەکـــــان دەبنەوە، لەوانەش، لە بـــــواری پەیوەنـــــدییە نەتەوەییەکـان (بەتـایبەت ئاڵـۆزیی کتـوپڕی نێـو پەیوەنـدییەکانی کـورد و عەڕەب)، هەڕەشـەی بەردەوامـــــی هەڵگیرســــاندنی شـەڕ نێـــوان ئیســـــراییل و ســـــووریا بەهـــــۆی کێشـە لێنەپڕاوەکانیــــان، هەوڵە تیرۆریسـتییەکان لە لوبنـان بەهـۆی هانـدانی لایەنە بەکرێگیراوەکـانی ســـووریا کە هەمـــوو ئەوانە بـــۆنە هۆکـــاری هـــاتنە سەرکاری رژێمە فاشیســـتەکان لە ســـووریا و عێـراق. لە ٣٠ ســـاڵی کۆتـایی سـەدەی بیستەمدا، بەهـۆی تـاقمێکی هەرە تونـدڕەو لە بیرمەنـد و چالاکوانـانی بەعســـی، دیکتـــاتووریەت سـەقامگیرتر دەبـــێ، لە وانەش لەسـەرووی هەمـووان رێبەڕی عێـراق، سـەدام حۆســێن کە لە ســاڵی ١٩٨٩ و لە سیاسـەتی ناوخۆیـدا کەڵکـی لە بۆمـبی کیمیـایی وەرگـرت و تـاوانی کۆمەڵکوژی لە دژی کورد لە باکووری عێراق (حەلەبجە) ئەنجام دا و لە سیاسـەتی دەرەکیشـدا، هەم هێرشــی کـردە سـەر ئێـران و لە ســاڵی ١٩٨٠ تـا ١٩٨٨شەڕێکی ســازکرد و هەم لە ١٩٩٠-١٩٩١کوێـتی بە عێراق "ئەنشلوس"[56] کرد. ئەو ئاژاوەگێڕییە هاوچەشنانەی ئاکارەگەلی هیتلـر و مووسـۆلینی، سـەرئەنجام بیـری پـانعەڕەبی "سیدالرئیســی" بەعسییەکانی لە خشتە بەدەرکرد.

شکســـتە سـەربازییەکانی بەعســـییەکانی عێـراق کە تێکرووخـــانی یاســـامەند و چـــاوەڕووانکراوی رژێمـــی سـەدام حۆســـێنی لە ســـاڵی

56 Anschluss وشەیەکی ئاڵمانیە بە مانای لێکبەستنەوە. مەبەست داگیرکردنی وڵاتی ئۆتریشە لە لایەن سۆپای هیتلر لە ١١ مارچی ساڵی ١٩٣٨. ویکیپێدیا -. وەرگێڕ.

٢٠٢٣دا لێکەوتەوە، لەلایەک و دامــاویی بەعســییەکانی ســووریا و هاوپەیمانەکانیــان لە لوبنــان و هێــزە پشــتیوانەکانی‌تریان لە وڵاتــانی دیکەی عەڕەبی لە بەرامبەر زەبری کـاریگەری ئیسـراییل لەلایەکی‌تـر، بیرو هزری فرە زەبەلاحی بەعسییەکانی بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی یەکگرتــووی عەڕەبــی، خســتە ژێــر خــاکەوە. ناســیۆنالیزمی سەردەمیانەی عەڕەب بە لەدەســتدانی ئەو بنەمــا بنــاژوخوازانە، وادیـارەبوو بـێ کەرەسە دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو بۆشـاییەی کە بەهـۆی شکســتەکانی رێبەری بەعســییەکانی ناســیونالیزمی سیاســی لە هێرشەکانیدا پێکهــاتبوو، زۆر خێــرا بە ئیســلامی تــازە پێگرتــوو و شەرئەنگیز پڕکریەوە.

نیشــتمانپەروەرانی عەڕەبـی ئەم سەردەمە بـۆ قەرەبـووکردنەوەی هەستی ناکامی ناسیۆنالیستی، روویانکردە بەهـا نەریتییەکـان، بەڵام ئەو جێگرەوەیە پڕ بە پێستیان نابێ.

چونکـوو، **یەکەم**، کێشە نەتەوەییە ناوخۆییەکـانی پێشـوو هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و تەنیا خامۆش بـوون بەڵام ئەم جـارە درەنـگ یـان زوو بەشــێوازێکی زۆر دژوار سەر هەڵــدەدەنەوە، وەک پرســی کــورد کە نەتەنیا لە ئەجێندای سووریە دا مـاوەتەوە و بەڕاسـتی هیـچ کارێـک بـۆ چارەسەری ئەرێنـی نەکـراوە، بەڵکـوو لە عێراقیـش هەر لە دەسـتوری کار دایە، ئەگەرچی لەوێندەرێ هێندێک پێشکەوتنی واقعی دەبیندرێ.

لە سـاڵی ١٩٩٢ەوە لە عێـراق ئۆتۆنـۆمی نەتەوەیـی کـورد بە بنەمـا رەوا و یاساییەکانی دەسەڵات و خۆبەڕیـوەبەری ئابـووری بـوونی هەیە کە لەسەر بنەمای رێکەوتنێکی سەقامگیر بۆ نەوت لەبەرامبەر خۆراکدا لەگەل رۆژاوا و رێکخڕاوی نەتەوەیەکگرتووکان بەسـتڕا و بۆ دامەزرانـدنی

یەکەیەک ئۆتۆنـــــۆمی سیاســــی و دەزگاکـــــانی بەڕێـــــوەبردن و فەرمانگەکانی ئیـداری رزامەنـدی درا و ئەم رێککەوتنە هەم لە ئەمریکـا و هەم بە کۆی دەنگ لە ئوروپا پێشوازیی ئەرێنی لێکرا (بەڵام لایەنـی کــورد جەخـــتی کـــردووتەوە لەسەر دەرفەتـــی چاوپێداخشــاندن بە سنوورەکانی لە داهاتوودا، دیارە لەبەرژەوەندی خۆیدا).

مخـــابن، بە دامەزرانـــدنی "کوردســـتانی ئازاد"، واتـــایەک کە بـــۆ ئۆتۆنـۆمی کـورد لە عێـراق بەکـار دێـت، نـاکرێ یەکسەر چـاوەڕوانی کۆتـایی هــاتنی ململانـــی کـۆنی کـورد و عەڕەب لەم وڵاتەدا بیـن. عەڕەبیزمــی شەڕخواز ئەگەرچــی دوچــاری مــایەپوچیی بــووە، بەڵام ئامـادە نییە دان بە شکســتی بەعسیســتەکان و لایەنگرانــی بێنــێ و هەوڵ دەدات کۆســـپ و تەگەرە بخـــاتە سەر رێگــای تێکەڵبـــوونەوەی نـــاوچەی کەرکـــووک بـــۆ سەر ئۆتۆنــۆمی تازەپێکهــاتووی کــورد، ئەم نـاوچەیەی کە چـاڵاوە نەوتەکـانی پاشــکۆییەکی زەبەلاحــی نەوتــی باکووری عێراق پێکدێنێ. کـورد بەپێـی هەمـوو بنەماکـان دەیسەلمێنێ کە کەرکـووک لە کەونـارەوە خـاکی کـورد بـووە و پـایتەختی باشــووری کوردســـتانە و وەک مەرجـــی سەرەکی بـــۆ چارەسەریی ئاشـــتیانەی کێشـەی عەڕەب و کورد بەتوندی پێداگری دەکـات لەسـەر  کوردســتانی بـــوونی کەرکـــووک. لەو هەلــومەرجەی کە لەم نـــاوچەیە پێکهـــاتووە، هەڵوێستی لایەنی کورد کاراتر دێتە بەرچاو.

**دووەم**، کارابوونی لەناکاوی ئیسلامی سیاسـی، بەتایبەت شــێوازە هەرە تونـدڕەوەکەی لە جیهـانی موســڵمانان و هەروەهـا لە وڵاتـانی عەڕەبـدا بـۆتە هـۆی تینـدانی دەســتێوەردانەکانی روژاوا لەکاروبـاری نـاوخۆیی وڵاتـانی نـاوچە کە ئاکـامی چـاوەڕووان نەکـراو و بێگۆمـان

زیانهێنەری دەبی بۆ ئەو وڵاتانە و لەوانەیە بۆ گشت ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و ناسیۆنالیستەکانی دیکەی ناوچەکەش کاردانەوەی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. ئەو بارودۆخە گرژ و ئاڵۆز و بەردەوامەی کە بۆ هێندێک لە وڵاتانی عەرەبی سالآنێکە قەیرانی یەک لەدوای یەک تا تێکهەڵچوونی سەربازی پێکهێناوە، لە پلەی یەکەم لەبواری دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا یارمەتیدەری گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە نابێ و بەرەو ئاسۆیەکی گەشاوە نایانبات.

کەوابوو، ئەو بژاردە دۆگماتیکە ناسیۆنالیستییانەی کە هێزە کۆنسێرڤاتیڤ و تاقمە توندئاژوو و بنچە مارگیناڵ[57] و بەتایبەت مێشک ویشکانی دەستە و دایرە ئایینییەکانی وڵاتای عەرەبی لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی گرتوویانەتە بەر و یان تێدەکۆشن بێخەنە بواری جێبەجێکردن، ئاسۆیەکی دیاری نییە و دەگاتە بنبەست و جێگرەوەیەکی واقیعی و گۆنجاویش بۆ ئەو سیاسەتە بەدی ناکرێ. لیکۆڵینەوەی دیاردەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەم ئاکامە رەشبینانەیەی لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچی دبێ باوەڕمان بەمە هەبێ کە رۆژێک لە رۆژان، درنگ یان زوو، بیرمەند و سیاسەتڤانانی جیهان عەرەب بگەنە ئەو ئاستە کە پێویستە رێگا چارەی سەردەمیانە و شارستانیانەی داڕێژراو لەسەر بنەماکانی خۆبەڕێوەبەری و مافی چارەی خۆنووسینی دێمۆکراتیانەی نەتەوەیی وەک ئەگەری هەرە باشی چارەسەریی کێشە سەرهەڵداوەکانی خۆیان هەڵبژێرن.

57 Marginal لە وشەی لاتینی margo گیراوە بە مانای لێوار، کەنار. کەسی مارگیناڵ بەو کەسانە دەگوترێ کە لە لێوارەکانی تۆژێکی کۆمەڵایەتی و یان سیستەمێک و یان کولتوورێک هەستاون و هەڵگری دابونەریتێک دژن لەگەڵ دابونەریتەکانی ئەو شوێنەی لێهەستاتون. هێندیکجار بەهەڵە بەجێ "لۆمپەن" بەکار دێت. ویکیپێدیا -. وەرگێر.

تەمەنـی **ناسـیۆنالیزمی کـورد** کەمـتر لە ناسـیۆنالیزمی عەڕەب نییە، تەنـانەت تەمەنـی ئێتنیکـی کـورد زۆرتریشـە و لە نێوەڕسـتەکانی هەزاری یەکەمی زایینـی دەسـتپێدەکات، بەڵام سـەبارەت بە عەڕەب و بنەچە ئێتنیکییەکـانی لەو سـەردەمەدا، هیـچ بەڵگەیەکـی زانسـتی لەبەر دەستدا نییە. هەڵبەت کورد وەک نەتەوەیەکی سـەربەخۆ گەلێک درەنگـتر و لە کۆتـایی سـەدەی میـانە و سـەرەتای سـەردەمی نوێـدا لە گۆڕەپانی مێژوودا پەیدا دەبێ.

ئەوەش راستە کە سـەقامگیربوونی ئێتنیکیی کۆمەڵگەی سـەرەتایی کورد ( دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێـن کە کـۆمەڵگەی سـەرەتایی کـورد لە سـەدەی ٥ و ٦ی زایینـی هەبـووە) سـەدان سـاڵی درێـژە کێشـاوە و دەکـرێ بڵێیـن کە لە هێنـدێک بـواردا هەتـاکوو ئێسـتاش بەسـەرئەنجام نەگەیشتووە. هۆکـاری ئەو دیـاردەیە تەنیـا دەگەڕێتەوە بـۆ نالەبـاربوونی بـارودۆخی دەرەکـی کە لە تەواوی قۆناخەکـانی مێـژووی کـورد و بەتـایبەت لەسـەرەتای دەسـپێکی ئەو مێژوییە کـاردانەوەی لەسـەری دانـاوە. پێکهـاتن و سـەرهەڵدانی هێـزە سیاسـییەکان لە دەوروبەر و نزیـک سـنوورەکانی کوردسـتانی ئێتنیکیـی بەشـێوەیەک بـووە کە هەمیشە خاکی کوردستان چاوی مرح و تەماحی جیرانەکـانی لەسـەر بـووە. بـارودۆخی لەم چەشـنە و بەشـێوازی جوراوجـور و بـێ بـڕانەوە، کاریگەریان هەبوو لەسـەر رەوتی یەکگرتنەوە و بۆتە مـایەی لێکـداپڕانی کورد.

گەلی کورد نمـوونەیەکی کلاسـیکیی قوربـانیکراوی ژێئۆپۆلیـتیکە. نە لەسـەدەکانی نێوەڕاسـت و نە لەسـەردەمی نـوێ و مودێڕنـدا دەوڵەتێکی یەکگرتوو، تەنانەت گرۆپێکی یەکگرتوو لە میرنشینانی کورد

پێک نەهاتوون. هەروەها لە درێژایی سەدان ساڵ بوونی ئێتنیکی کوردیشدا، تیۆری و دوکتورینێکی کەمتاکورت روون بۆ ناسیۆنالیزمی کورد چ وەک ئیدیۆلۆژی و چ وەک رێبەرییەکی سیاسیی کاراما بۆ هەلسوکەوتی سیاسی پێکنەهاتووە کە شایستەی ئەو خەباتە بێ وچانە بی کە گەلی کورد لەو وڵاتانەی تێدا دەژین لە پێناو مافە حاشالێنەکراوەکانی خۆیاندا پێ هەستاون.

ئەومە بەو مانایە نییە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان دیاردەیەکی بەتواویی بێ ئامانج بووبێ و خاوەن ئەو تایبەتمەندییە هاوشێوانەی نەبێ کە شایستەی لێکدانەوەی زانستی بن و لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ نەکرێ، بە پێچەوانە، ئەو شوناسە نەتەوەییەی کە کورد لەخۆی پێشانی دەدا و ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ ئازادی هەیەتی و ئەو پێداگرییەی کە بۆ ملکەچنەبوون لەبەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە بەهەر بیچمێکەوە دەیکات و لەرووی هەمەلایەنی و سامانییەوە ئەو کولتوورە مەردومییە دەگەمەن و تاقانەیە کە هەیەتی و زۆرتر لە هەموو شوێنێک بە تەواوەتی لە فۆلکلۆری ئەو گەلەدا رەنگی داتەوە (کە لە لایەن پسپۆڕان و کوردناسانەوە بە "هیپرفۆلکلۆر"[58] ناوزەد کراوە)، رێگامان پێدەدات تا ناسیۆنالیزمی کورد وەک دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ ببینین کە هەم شایانی لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی زانستییە و هەم شایستەی مناقشەیەکی ئاسایی گشتییە.

بەڵام لێرەدا گرفتێک هەیە، ناسیۆنالیزمی کورد خۆف[59] و ئادرەس گەلی دیاریکراو و روونی نییە تا بە هەڵسوکەوتی سیاسی و

58 فۆلکلۆری فرەمەزەن -. وەرگێر.
59 Phobia -. وەرگێر.

ئیـــدیۆلۆژیکی خـــۆی لە بەرامبەریانـــدا راوەســـتێ. بەڵام هێڵێکـــی درەوشـــاوەی لێـــدەردەکەوێ، واتە خەبـــات لە پێنـــاو سەربەخۆیی نیشتمانی مێژوویی کورد، یانی کوردستان، رزگارکردنی گەلی کورد لە ستەمی سەدان ساڵە و لە یەخسیریی دەسەڵاتدارانی بێگانە بێ جیاوازی دانان لە نێوانیاندا بە هەر چەشنە پێناسەیەکی جۆگرافی و ئێتنیکی و کولتووری و ئایینییەوە کە هەیانبێ، مادام بێگانەیە، ئیتر تەواوە! ئەوە ناســـــیۆنالیزمێکی روونە وەک ئاو، بەڵام بە هێنـــــدێک رایەڵەی تێکەڵ پێکەڵ کە رەنگـــدانەوەیەکە لەو ئاراســـتە تـــایبەتە مێژوییەی کە کورد لە ماوەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ ژیان و گوزەرانی مێژوویی خۆیدا تێپەڕیکردووە.

بێگۆمان ئەگەر باسی کەم تەمەنی، کاڵی سیاسی و شکڵ نەگرتنی ناسیۆنالیزمی کورددەکەین بەو هۆیەیە کە "ئاڕاستە-ئامانجی" ئاشکرای سیاسی نەبووە. نەبوونی دەوڵەت و نەبوونی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ یەکگرتنەوەی سیاسی ئێتنیکی و چارەسەریی پرسە گشت نەتەوەییە پێشەرووەکان، کاردانەوەی خۆی لە نەڕەخسانی بارودوخێک بۆ گەشەسەندنی نەریتە مێژوویی و کولتوورییەکانی داناوە.

بـــزووتنەوەی رزگـــاریخوازانەی سەدەکانی ١٨ تـــا ١٩ لەسەرەتا لە ئیمپراتووریـــای عۆســـمانی و پاشـــان لە عێراقـــدا، بەرهەمـــی ناسیۆنالیزمی کورد پێکدێنێ. سیمای کولتووری و ئیدیۆلۆژیکی تایبەت بە کـــورد، چ لەبـــاری ئەرێنـــی و چ لەبـــاری نەرێنییەوە، رێـــک لەم بزوتنەووانەدا بە روونی بەرجەستە دەبنەوە.

لەباری ئەرێنییەوە دەکری باسی ئازادیخوازی بێسنوور و دوژمنی لەگەڵ دەسەڵاتی بێگانە بکەیەن وەک لایەنی هەرە بەرچاو و جیانەکراوە لە عەقڵیەتی کورد. دەکرێ بڵێین گشت مێژووی کورد، لەسەردەمی پەرەگرتنی موسڵمان-عەرەب لە سەدەکانی ٧ تا ٨ی زایینی تا سەرەتای هەزارەی هەنووکەیی، بریتییە لە زنجیرەیەکی لینەبڕاوە- و گۆیا سەرکوتکراو، لە ڕاپەڕین لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و لەدژی زوڵم و ستەمی عەرەب و دوواتر تورکانی مەغول و عۆسمانییەکان و ستەمکارانی دیکە و کۆلۆنیالیستە ڕوژاواییەکان. ئەگەرچی تەواوی ئەو راپەڕینانە خێرا سەرکوت نەکراون و لەرووی دەستکەوتەوە لاواز و لەرووی سەرکەوتنەوە کاتی بوون، بەڵام کوردستان بە وڵاتێک ناوبانگی دەرکردووە کە بەردەوام ئامادەی سەرهەڵدان و راپەڕینە. ئەگەرچی دان پێ نەنراوە، بەڵام بەکردەوە، هەمیشە بەشێکی بەرچاوی خاکی کوردستان خۆدمۆختار بووە (بەپێی کات و شوێن، رووبەڕ و سنوورەکانی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە جیاواز بووە) و وابەستە بوونی بە والی و حاکمان تەنیا رواڵەتی بووە و بەکردەوە نۆخبەی کوردە خۆجێییەکان بەپێی بنەماکانی نەریتی عەشیرەتی و فیودالی بەڕێوەیان بردووە و تەنیا لەرووی یاساییەوە و لەبواری پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی بیانییەوە بەستراوە بووە.

لە سایەی بەرەنگاری و خۆڕاگری کۆمەڵانی خەڵک لەبەرامبەر داگیرکارانی بیانیدا، بنەمای ئێتنیکی و هەروەها کولتووری نەریتی و لەوانەش کولتووری سیاسی گەلی کورد، بەتەواویی پاریزراو ماونەتەوە. دەرکەوتەی بنەڕەتی و بەرچاوی ناسیۆنالیزمی کورد لە

روحی بەرەنگاربوونەوە و لە دەنگ هەڵبڕین و هەوڵدانی لەخۆبردووانە بۆ ئازادی، سەرچاوەی گرتووە.

تایبەتمەندی ناسراوی ناسیۆنالیزمی کورد سۆزداریی پان و بەرینێتی، بەڵام کەماسی بەرچاوی نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی روونە. خۆرسکی و کتوپڕی، تایبەتمەندیی هەموو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردستانە. لاوزیی لە رێکخستنی دەسپێکەکان کە رەنگدانەوەی ئاستی نزمی رێبەریی هزری سیاسی کۆمەڵگای پێشنەکەوتوو و کەم سەقامگرتووی کوردە، "پاشنەی ئاشیل"ی ناسیۆنالیزمی کوردە و دوژمنانی سەربەخۆیی کورد هەمیشە کەڵکیان لێ وەرگرتووە. رێبەرایەتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد بەتەواوی لە دەست چەند رێبەرێکی کاریزماتیکدا بووە کە زۆربەیان هەڵقوڵاوی نۆخبە نەریتییەکانی کۆمەڵگای کوردی بوون و ئەوش کاردانەوەی هەم ئەرێنی و هەم نەرێنی لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەکان داناوە.

زۆربەی راپەڕینەکان لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکان دەستپێکردووە کە زۆرجاریش کەسانێکی نەریتی و هاوکات رێبەرێکی پایەبەرزی ئایینی و خاوەن هێزگەلێکی سەربازی ئازا و تەیار بوون و زۆر خێرا لە تەواوی کوردستاندا لایەنگریان پەیداکردووە و دەستە دەستە کۆمەڵانی خەڵک لەژێر ئاڵاکەی کۆبوونەتەوە و وەک هێزگەلێکی ئەمکدارک و رێکوپێک کەوتوونەتە خزمەتی رێبەر و تا کۆتایی پێی وەفادار ماون. بەڵام نیشتمانپەروەریی گشت کوردیی زۆرجار درێژخایەن نەبووە و لەبەرامبەر بەرژەوەندییە پارتیکۆلیارانەی هێندێک خان یان بەگ و یان شێخدا کورتی هێناوە و خامۆش بووە. ئەوە دیاردەیەکی کلاسیک و بەرچاوی سەردەمی فیۆدالی و عەشیرەتییە

کە لە ڕەوتـــی سـەقامگیریی نەتەوەی کـــورد و ناســـیۆنالیزمی کـــورد دەبیندرێ.

پێ بە پێی لەناوچوونی سرووشـتیانەی سـامان و هـزری نەریـتی و کۆنی بەجێماو لە ڕابردوو، ناسیۆنالیزمی کورد هێدی هێـدی نێـوەڕۆکی نوێ لەخۆ دەگرێ و ڕەوتگەلێکی دیمۆکراتیک تێدا بەهێز دەبێـت و پێـش هەمـــوو شـــتێک کـــاردانەوەی بەهێـــز و یەکپـــارچەی ئەو پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییانەی کە تایبەت بوون بە پێکهاتەی پاشکەوتووی کۆمەڵگای عەشیرەتی کورد و لە کەونـارەوە لە لایەن نـۆخبە فیۆدال و خێڵییەکـان بەتەواوەتـــی خاوەنـــداریەتی و ڕێبەری کـــراوە، بەرەو لاوازی دەڕوون. بەڵێ! ناسیۆنالیزمی کورد بەو نێوەڕۆکە تازەیەوە کە لەژێـر کـاردانەوەی گۆڕانکـــارییە بنەڕەتییەکـــان لەتەواوی جیهـــان و لەوانە لە نـــاوچەی کوردستاندا وەدەستی دەهێنێ لە هەڵوێسـتی کۆنسـێرڤاتیڤ و بـاوی خـــۆی پاشەکشە دەکـــات و دەکـــرێ بڵێیـــن هەناسەیەکی تـــازە هەڵدەکێشـــێ و هەوڵ دەدا لە سیاسەتی تونـداژووانەی جێگیـر لەنێـو عەقڵیەتـی کـورددا، دوور بێتەوە، و بەشـێوازی سـەردەمیانە و مۆدێرنی چـالاکی و تێکۆشـانی سیاســی کە ئەوەش دانپێنـانە بە سیســتەمە دارێژراوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکان، خۆی تەیاربکات.

بەکورتی، پرسی کورد کە ڕەنگدانەوەی شارستانیانە ناسیۆنالیزمی کـوردە، لەبـاری ئۆبژێکـتیڤەوە بەشـێکی یاســایی و هەرە سەرەکی سیســـتەمی نـــوێ جیهـــانی و بەتـــایبەت بـــابەتێکی دیسکۆرســـی زانســـتیانە پێکـدێنێت. لەکاتێکـدا ڕۆژهەڵاتـــی نزیکـــی ئەم سەردەمە بەدەســـت گێـــژاوە و ئاژاوە بەردەوامەکـانی سەر بەســـتێنێکی کـارای ئێتنۆپۆلیـــتیکی نـــاوچەکە دەنـــاڵێنێ و مەترســـێکی زۆر ئاشـــکرای بـــۆ

سەقامگیری ناوچەکە و دەوروبەری پێکهێناوە، تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی پرسی کورد زۆر زەق و بەرچاو دەبنەوە.

ئەو ناسیۆنالیزمە مۆدێرنەی کورد کە لە هەڵگیرساندنی نارزایتییەکانی بەرامبەر بە سیاسەتە شۆڤینیانەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکردووە، دەبیندرێ و لە تورکیا و ئێران تارادەیەکی کەم بڵاوبۆتەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازترە لەو ناسیۆنالیزمەی کە لە سەد ساڵی رابردوو و لە کاتی شەرە جیهانییەکان و ساڵانی پاشی لە سەردەمی شەری سارددا گەشاوەتەوە. جۆگرافیا، نێوەرۆکی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سیاسەتی دەرەکی ئەو ناسیۆنالیزمە گۆرانی بەسەردا هاتووە.

رێبەران و چالاکانی کورد وەک پێشوو پێیان وایە کە پرسی کورد پرسێکی گشتگیری هەموو کوردە و لایەنگریی لە یەکگرتنەوەی کوردستان دەکەن، بەڵام بەکردەوە هەرچی زۆرتر روو لە کرداری پارتیکۆلیاری دەکەن و هێز و توانای خۆیان بۆ خەبات لەپێناو دابینکردنی مافی دانیشتووانی کورد واتە بۆ خۆدمۆختاری لە ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان تەرخان دەکەن بێ ئەوەی سنوورە جوگرافی و ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە دیاری بکەن. کەوابوو، ناسیۆنالیزمی هەنووکەیی کورد تایبەتمەندییەکی دوو رەهەندی هەیە، یەکگرتنەوە و جیاکردنەوە و بەپێی پێوەرە جوگرافییەکان دابەش دەبێ بە بلۆکی تورکیا و ئێران و عێراق. کوردستانی سووریا بەپێی جوگرافی و ئێتنیکی و زاراوەیی بەرەو عیراق و تورکیا دەشکێتەوە و گەلێکجار ناسیۆنالیستە کوردەکان جیاوازییەکی بۆ دانانێن.

ئەو ناسیۆنالیزمە جیاوازانە، باشترە بلێین ئەو ناسیۆنالیزمە پارتیکۆلیارە کوردیانە، رکابەریی یەکتر ناکەن، بەڵکو زۆرتر تەواوکەری یەکترن و تابلۆیەکی رەنگاورەنگ لە ژیانی سەردەمیانەی کوردستانی چوارپارچەکراوی مێژوویی بەڵام یەک ئێتنیکی، پێکدێنن کە لەڕاستیدا هەر چوارپارچە بۆ یەک ئامانجی دومایی، واتە بۆ یەکگرتنەوە لە یەک دەوڵەتی سەربەخۆدا هەوڵ دەدەن. پرسی دژوار لێرەدایە کە ئەو ئامانجە لەبارودۆخی هاوسەنگی هێزە هەنووکەییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیک و دەوروبەری بەهیچ شێوەیەک سەر ناگرێ مەگەر بە گۆڕانی نەخشەی جوگرافی تەواوی ئەو ناوچەیە کە ئەوەش مەترسی شەڕی مەزنی لێدەبێتەوە کە هیچ کەس نە خوازیارێتی و نە رێگاشی پێدەدات.

بۆیە لەم بارودۆخەدا وا دیارە "بزووتنەوەی یەکگرتووخوازانە"[60] لەسەر بەستێنی کوردی بە هەموو توانایەوە لەپێناو یەکگرتنەوەی تەواوی خاکی کوردستان لە یەک دەوڵەتی سەربەخۆدا و لەسەر بنەمای یەکێک لە پارچەکان، تەنانەت لەسەر بنەمای خۆدمۆختاری نیمچە سەربەخۆی کورد لە عێراقیشدا، ناتوانێ چاوڕوانی ئاسۆیەکی واقیعیانە بێ.

بەڵام هزری پشتیوانی گشتگیری کورد لە خەباتی رزگاریخوازیدا و یەکگرتنەوەی هێزە بەرهەڵستکارە نەتەوەییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراودا کۆتاییان پێنەهاتووە و لە مێشکی نیشتمانپەروەرانی کورددا هەر زیندوویە و پەرەدەستێنێ. پەیوەندیی

60 Irredentism (لە وشەی ئیتالیایی irredento بەمانای ئازاد نەکراو) بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی سەرەتایی لە ئیتالیا لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ کە خوازیاری لکاندنی ناوچە هاوسنوورییە ئیتالیاییە زمانەکانی ئەو سەردەمی ئیتالیا بوو، وەک Trieste و Trentino-Alto Adige. ویکیپێدیا. -. وەرگێر.

ئەو هێزانە هیچ کاتێک نەپچـراوە و لە رۆژهەڵاتـی نزیـک و بەتـایبەت لە تاراوگەدا ئاڵۆگۆڕی زانیـاری و کـۆکردنەوەی یـارمەتی- زۆرتـر بەشـێوەی پارە و چەک بۆ ئەو ناوچانەی بەرەنگاریی چەکدارییان تێـدایە، بەتـایبەت لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، بێ پسانەوە هەر بەردەوامە. لە ناوچە سـنوورییەکانی ئێـران و تورکیـا بەمەبەسـتی یارمەتیـدانی هاونیشـتمانانیان و سـازکردنی بنکە و پایەگـا و دەرمـانکردن و حەسانەوەیان، هاتوچووی پێشمەرگە شۆڕشـگێرەکان هەر بەردەوامە. بەدرێژایی سنوورەکانی ئێران و تورکیا و بە قـوڵایی دەیـان کیلومیـتر لە هەردووک لاوە، بنکەکـانی خەبـاتی چەکـداری لەپێنـاو سەربەخۆیی کوردستان سازکراون. رێک لەو نـاوچەیە و لە ناوەنـدی تێکەڵبـوونەوەی سـنوورییەکانی تورکیـا و عێـراق و ئێـران و سـووریا، هەڵمەتـی راستەقینەی "بزووتنەوەی یەکگرتووخوازانە"ی کـورد لە هەڵگیرسـاندن دایە و شەپولەکانی شەڕێکی رزگـاریخوازانە تەواوی پانتـایی نـاوچە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی نزیکی تەنیوەتەوە.

هزری یەکگرتووخوازانەی کورد بەئاسۆی دامەزراندنی یەک دەوڵەتی سەربەخۆی کـورد لە رۆژهەڵاتـی نزیکـدا، لەڕاسـتیدا بـوونی هەیە و یەکێک لە نیشانەکانی ناسـیۆنالیزمی مۆدێرنی کـوردە، بەڵام بەخـتی جێبەجـێ کردنـی ئەو بیرۆکەیە لە داهـاتوویەکی نزیکـدا پێشـبینی ناکرێ.

کەوابوو چارە چییە؟ رێبەرانی ئەو خەباتە – کە حەزدەکەن پێی بڵێـن " شۆڕشـی کـورد"، بـۆ ئەو پـارتیزان-پێشمەرگانەی کە ئێسـتا لە کوردسـتانی تورکیـا خەبـات دەکەن و بـۆ ئەو پێشـمەرگە دێرینـانەی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستانەکانی عێـراق و ئێـران و سـووریا، بەو

هەمـوو خەسـاره گیانـانەی کە لە شەڕ لەپێنـاو ئازادی و سـەربەخۆیی داویانە و دەیدەن، چ وڵامێکیان هەیە؟ نابێ لەبیری بکەیەن کە نەتەنیـا نەریتەکانی باشووری کوردستان، بەڵکوو ئەو خاکەی-دەکـرێ بڵێـن بـۆ هەمیشە ئازادکـراوە لە سـاڵی ١٩٩٢ەوە کە هێزیـان بەخشـیوە بە ئۆتۆنـۆمی ئەو بەشە، ئاوێنە و بنەمـا سـەرەکییەکانی کوردسـتانێکی یەکگرتوو و سـەربەخۆیان لە داهاتوودا پێکهێناوەن. بەپێی گەلێـک بنەمـا دەکرێ پێشبینی بکەین کە باشووری کوردستان (عێـراق) لەداهـاتوودا دەبێتە پێگەی سـەرەکی بـزووتنەوەی یەکگرتووخـوازانەی گشـتگیری کـورد، و ناسـیۆنالیزمی کـورد سـەرئەنجام ئەرکـی مێژوویـی خـۆی دەڕەخسـێنێ. بنەمـای ئەو بۆچـوونە دەسـتکەوتەکانی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتانە کە بریـتیین لە: یەکگـرتنەوەی نـاوخۆیی سـتروکتوری سیاسـی و نەتەوەیـی سەرکردایەتی کـورد پێکهـاتووە لە پـارتی دێمـۆکراتی کوردسـتان بە سەرۆکایەتی مەسـعود بـارزانی (کـوڕی مستەفا بـارزانی، سەرۆکی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد لە عێـراق و ئێـران و دامەزرێنەری پـارتی دێمـۆکراتی کوردسـتان) و یەکێـتی نیشـتمانی کوردسـتان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبـانی، سـەرۆککۆماری ئێسـتای[61] عێـراق، گەشـەی بەرچـاوی ئابـووری و کولتـووری (٣ زانکـۆ چـالاکن) و لەم بـارودۆخەدا گرنگـتر لە هەمـووان، پتەوکردنـی هێـز و توانـای بەرگریکـردن لەخـۆ کە بەکـردەوە کـارامەیی خۆی لە ماوەی ٣٠ ساڵ شەڕەی رزگاریخوازی نەتەوەیی پێشان داوە، ئەو سـەرکەوتنەی ئێسـتایان مسـۆگەر کـردووە. ئۆتۆنـۆمی لەبـواری نێونەتەوەییـدا نەتەنیـا بـووە بە"De facto"[62] بەڵکـوو بە بـۆنی ئەربیـل

61 ئەو بابەتە ساڵی ٢٠٠٨ نووسراوە. -. وەرگێر.
62 بەکردەوە خۆ سەلماندن. -. وەرگێر.

(هەولێر) بە پایتەخت، بوو بە "De jure"[63] و رووسیاش کۆنسـوڵخانەی لەوێ کردووتەوە.

لەم سـەردەمە و لە نێو گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا، ناسـیۆنالیزمی کـورد چ وەک هـــزر و چ وەک سیاسـەت، دوو روخســـاری ئارمـــانجی[64] و واقیعی[65] پێوەدیارە. رووی ئارمـانجی ناسـیۆنالیزمی کـورد لە بەرهەمە زانسـتی و هونەرییەکانی نۆخبەی کورد لە وڵاتانی رۆژاوا (و لە وڵاتانی رۆژهەڵاتـــی نزیـــک سـەرەڕای فشـــار و سـەرکوتی راســـتەوخۆ) بەشـــێوەیەکی بەربڵاو و بە سـەربەســـتی بەرجەســـتە دەبێتەوە و هەروەها لە هاووشـە و داهێنانەکانی خەلکـی ئاسـاییدا دەبیسـترێ. لەو بەرهەمانەدا لایەنی سـەرەکی بە خەبات و قارەمانی کـورد لەپێنـاو ئازادی و سـەربەخۆیی دراوە و دڵنیـــایی دەدرێ بـــۆ ئازادی لەچەنـــگ سـەرکوت و ســـتمکاری سەڵاتدارانی نـــاوچەیی و کۆلۆنیالیســـتە بیانییەکان و باوەرمەنـدی بە دامەزرانـدنی یەک دەوڵەتـی ئازادی کـورد بڵاودەکاتەوە. بیر و هـزری ئازادیخـوازانەی نەتەوەیـی چـۆتە نێـو نـاخی عەقڵیەتـــی گەلـــی کـــوردەوە و بەشـــێکی جیـــانەکراوە و سـەرەکی کولتووری گشتگیری کوردی پێکهێناوە.

روخسـاری دووەم، واتە رووی واقیعی ناسـیونالیزمی کـورد هەڵگـری تایبەتمەنـدییەکی تەواو سیاسـی و رۆژانەیە. لێـرەدا دژوارە ئارمـانجی نەتەوەیی بـۆ کـارتێکەری لە ئاسـتی هەنـووکەیی پرسـی کـورد بەکـار بێنین و بەگشتی ئەو کارە گونجاو نییە و پێویسـتی بە راسـتکردنەوەی جیـدیی هەیە. چەنـدە کۆسـپە ئۆبژێکتیڤەکـان گرینگـن، ئەوەنـدەش

63 بە یاسایی خۆ سەلماندن. -. وەرگێر.
64 Ideal -. وەرگێر.
65 Real -. وەرگێر.

شێوازە سەرەکییەکانی بەکار هێنانی هێز لە خەباتدا گرینگیان هەیە. ئەو شێوازانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان بەرێبەری عەبدوڵلا ئۆجەلان (پ.ک.ک. بەناوی دیکەش دەناسرێ) و هێزە فرە چەپ و توندڕەوەکان پێداگری لەسەر دەکەن و کاردانەوەی پێچەوانەیان هەبوو و سەرکوتکاری سۆپا و جەندرمەی تورکیای لێکەوتووتەوە، بۆتە هۆی فراوانکردنی درز لە بزووتنەوەی کوردانی تورکیادا. "ئاپۆچییەکان" (لایەنگرانی پ.ك.ك) ئەگەرچی بەتەواوی شێوازە دیپلۆماتی و سیاسییەکانی خەبات رەت ناکەنەوە، بەڵام هیچ گرنگییەک بە پێویستیی بەکار هێنانی کارای ئەو شێوازانە نادەن و ئەوەش چ لە تورکیا و چ لەسەر ئاست نێونەتەوەییدا، دژواری خستۆتە سەر رێگای پەیداکردنی هاوپەیمان و راکێشانی سرنج بۆ بزووتنەوەی راستەقینە و دێمۆکراتیک و دژەشۆڤینیستیانەی کوردستانی تورکیا، ئەمەش بەشێوەیەکی نەخوازراو یارمەتی داوە بە دزەکردنی هێندێک تاقمی ئاژاوەچی و تەنانەت دز و جەردە لە نێو رێزەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا.

کەوابوو، ناسیۆنالیزمی سەردەمیانەی کورد، دیاردەیەکی تابلێی دژوار و ناتەبای کۆمەڵایەتییە و مەرجدارە بە نێوەڕۆکێکی ناوخۆیی رەوتێکی مێژوویی و بەستێنێکی دەرەکی کە ئتنۆسی کورد وردە وردە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەو چواچێوەدا پەرەیگرتووە کە نیشانە تایبەتییە سەرەکی و جیاوازکەرەوەکانی بریتین لە کەونارِبوونی، بەردەوامبوونی لێنەبڕاوانەی، نەرێتە سەقامگرتووەکانی، پەیوەندییە چڕوپڕ و ئۆرگانیکەکانی لەگەڵ بزووتنەوە کولتووری و سیاسییەکانی گەلانی هاوسێی، و هاوکات پاشماوەی بژارنەکراوەی خۆاگایی پارتیکۆلیاری عەشیرەتی (هیوادارین لەناو بچێ) کە بەرژەوەندییە

تاکەکەســـی و ناوچەییەکــان دەخەنە پێــش بەرژەوەنــدییە گشــتییە نەتەوەییەکان. ئەوانە بۆنەتە سەرچاوەی گەلێک لایەنی لاوز و نەرێنیـن لە بزووتنەوەی کورد وەک: تەقوتۆق کردن، سەرلێشـێواویی سیاســی، بێ پرەنسیپی، نەزانین لە هەڵبژاردنی شێوازەکانی خەبات و هتد.

ئەو ناسـیۆنالیزمەی کە گەلـی کـورد لەسەردەمی شەڕی دووەمـی جیهانی و دواتریش، لەژێـر ئاڵاکەی راپەڕیـو، ئەگەرچـی نـاتەواو بـووە و زیانیشی هەبووە، بەڵام دوواتـر بزووتنەوەیەکـی بەهێزتـری لێکەوتەوە. لە ئێران و پاشـان لە عێراقـدا راپەڕیـن سەریان هەڵـدەدا، لە باشـووری رۆژهەڵاتــی تورکیــا لە نێوەڕاســتی ٨٠کــانی سەدەی بیســتەمەوە چەخماخەی شەڕی پارتیزانی چەند قۆنـاخی جیاجیـای تێپەڕ دەکـات و خۆپێشـاندان و نارزایەتی لە ســووریا هەڵدەگیرســێ. ئەو راپەڕینـانە کە هێنــدێکیان خۆرســک بــوون و هێندێکیشــان لەپێشــتر ئامادەســازیی چەکـداری بۆکرابـوو، بەدەســت بەشــێک لە ســۆپای تەیـارکراوی ئەو وڵاتــانە سەرکوتدەکرێ. لەراســتیدا بەشـــی هەرە زۆری خـــاکی کوردســتانی ئێتنیکـی هەڵکەوتـوو لە کوێسـتانەکانی رۆژاوای تورکیـا و بـاکووری عێـراق و روژئاوای ئێـران بـۆنەتە گۆڕەپـانی پێکــدادانە یەک لەدوای یەکە سەربازییەکان کە هێنـدێکجار خـامۆش دەبـن بەڵام پەیتـا پەیتا هەڵدەگیرسێنەوە. هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بــۆ دامرکانــدنی کوردانیــان، چ بە زۆر و چ بە کــردەوە بێهوودەکانیــان بەهێنــدێک گۆرانکــاری رواڵەتــی، رووبەڕوی شکســت بــوونەتەوە. لە رۆژهەڵاتی نزیک، پرسـی کورد وەک پرسـی فەلەستین تاکوو ئێستاش لەریزی ئەو کێشـانە مـاوە کە هێشــتا چارەسە نەکـراون. بـۆیە دەکـرێ

بڵێین کە تۆخبـوونەوە و پەرەسەندنی ناسـیونالیزمی کـورد لە تورکیـا و ئێران و "مەشرقی عەڕەبی" چاوەڕوانکراوە.

شـێوازە جیاوازەکـانی روخسـاری ناسـیۆنالیزمی عەرەب و کـورد لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نزیکدا نەخشـی هێزی بـزۆنەر لە رەوتە مێژووییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەو دەوڵەتاندا دەگێرێ و پێش هەموو شتێک لە بەرژەوەنـــدی چینـــی بـــاڵای دەسەڵاتداری سەر بە "Titular nation"[66]ی ئەو وڵاتانە و هەروەها تـوێژە وابەسـتەکانیاندا نییە. لێـرەدا مەبەسـت نەتەوە "کێشەدار"ەکـان و هزرەکانیـانە واتە ئەو نەتەوانە کە ئێسـتا سەقامگیریی نەتەوەییـان دابیـن نەبـووە و نەگەیشـتوونەتە ئاســتی خۆبەڕیـــوەبەری و ناســیۆنالیزمەکەیان ئێســتا بەتەواوی دەرنەکەوتـووە. نە ناسـیۆنالیزمی عەڕەب و نە ناسـیۆنالیزمی کـورد کەڵکیان لە هێزی شاراوەی گەشەی "ئێـدنۆگێن"[67] و "ئێکسـۆگێن"[68]ی ناسیۆنالیسـتی خۆیـان وەرنەگرتـووە، واتە کاتێـک ئتنـۆس و هەسـتی نەتەوایەتــی و دەوڵەتــی نەتەوەیــی لێکگرێــدەدرێن و بەیەکەوە یەک چەمک و واتا سازدەکەن.

نمـوونەی بەرچـاو لەو لێکگرێـدانە لە پانتـایی رۆژهەڵاتـی نزیکـدا زۆر کەمە و تەنیا دوو نموونە هەیە. ئێران و تورکیـا. دەکـرێ ئیسراییلیشـی لێ زیاد کەین، بەڵام ئەو وڵاتە تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە. بنەماکـان و دۆگمەکـانی ناسـیۆنالیزمی سەردەمیانەی ئیسـراییل کە لە تـۆراتی کەونـار سەرچاوەی گرتـووە بـۆ کەشـوهەوای کولتـووری و مێژوویـی بەشـێکی زۆری ئاسـیا نـامۆیە. بەکردەوەیـی کردنـی ئەو شـێوازە لە

66 پڕوانە ژێرنووسی ١٣. -. وەرگێر.
67 Endogenous سازوکارە دەرونی و نێوخۆییەکان -. وەرگێر.
68 Exogen سازوکاری دەرەکی-. وەرگێر.

دەربڕینەی کە ئێستا لە زایۆنیزمی کلاسیک دەکرێ ئەگەرچی بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتێکی نەتەوەیی گۆنجاوە و لە دەستوری رۆژیش دایە، بەڵام تەنانەت لە ئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیکدا، تەنیا لە قەبارەیەکی نەتەوەیی زۆر تەنگی خۆجێییشدا ناگونجێ. سەرەڕای ئەوەش، ئەو پرسە لە نووسراوەکانی ئەم سەردەمەدا رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە.

پرسی دیکە، ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی دوو زلهێزی کەنارە باکووریەکەی باشووری رۆژاوای ئاسیا، واتە تورکیا و ئێرانە. تایبەتمەندیی ئەو ناسیۆنالیزمە بریتییە لە لوو یان سیندڕۆمی زاڵی ژلهێزبوون کە لەسەر بنەما ئاڵوزەکانی ئیمپراتوریەتەی سۆلتانانی عۆسمانی و شاهانی ئێران پێکهاتووە و نەتەنیا لەسەردەمی لەشکرکێشییە مەزنەکانی سەدەکانی ١٤ تا ١٨دا دەبیندرێ، بەڵکو درەنگتریش و کاتێک ئیتر سەرکەوتنەکانیان هەرچی زۆرتر بەرەو شکست وەردەچەرخێ و ئیمپراتورییەکانی عۆسمانی و شاهەنشاهی روو لە کزبوون دەدەن (سەدەی ١٨ تا ١٩)، ئەو سیندڕۆمە هەر دەبیندرێ. سرنجڕاکێشە کە شانازیکردن بە رابردوو، ئەویش نە بە ئاوازێکی رەخنەگرانە، لەئاستێکی فراواندا هەر زیندوویە و هێشتاش پڕاوپڕی هەنبانەی ناسیۆنالیستەکانی تورک و ئێرانییە، ئەوانەی کە ستایشی شاکارە سەربازییەکانی عۆسمانییەکان، سەفەوییەکان، نادر شا، قاجارەکان و فەرماندە سەربازییەکانی دیکەی رابردوو دەکەن و نەتەنیا بە شەڕەکانیان بەڵکو بە سەرکوتکارییە خوێناوییەکانی گەلانی راپەڕیویش شانازی دەکەن، وەک ئەرکێکی

ڕۆژانە، مێژوویــان کردووتە کەرەســـیەک بــۆ جێبەجێکردنــی راســـپاردە سیاسییەکانی خۆیان.

نەریتەکـــانی مێـــژووی سەربازیی ئیمپراتـــوریەتی عۆســـمانی لە تورکیای ئەم سەردەمەدا وەک بەشێک لە مێـژووی رابـردوو و تێپەڕبـوو، نەخراونەتە نێـو ئارشـیڤخانەکان، بەڵکـو ئێسـتاش کـاری پێـدەکەن و بەردەوام لە پڕۆپاگەنـدە ناسیۆنالیســتییەکاندا کەڵکــی لێــوەردەگرن. ڕووداوە تازەکانی سەردەمی شۆڕشی کەمالیستەکان کە بە چڕوپـڕی لەسـەر کـۆڵەکەی ڕێبەرایەتـی هێژمۆنیخـوازانەی کەمـال ئاتـاتورک دامەزراوە، هەمدیســـان بـــۆ ئەو ئامـــانجە بەکـــار دێنـــن. لێـــرەدا نیشتمانپەرەســـتە ناسیۆنالیســـتەکانی تـورک هەرگیـز شەرمەزاریی نایانگرێ کاتێک چەمک و بابەتەکانیان ناتەبایی ئاشکرا لەگەڵ ڕاستییە مێژووییە سەلمێندراوە گشتییەکاندا پەیدا دەکات.

بــۆ نمــوونە، ئەو کەســانەی خۆیــان بە شۆڕشــگێر و دێمــۆکڕات و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گشتی دەزانـن، بەکەیفـی خۆیـان بە ڕژێمـی سەرەڕۆی سۆڵتانەکانی عۆسمانی هەڵدەڵێن و سەردەمی ئەو ڕژێمە نایاســـــایی و سەرەڕۆ لە سیاسەتی نـــــاوخۆیی و پەلامــــاردەر لە سیاسەتی دەرەکییە، بە "سەدەمی زێرینی" دەسەڵاتداری ناودەبەن. ئەو کەســـــانە لەبەرامبەر ڕووداوە خۆێنـــــاوییە لێنەپراوەکـــــانی سەر بەســـتێنی ئێتنیکــی و ئایینــی کە بەدرێژایــی مێــژووی ٦٠٠ ســـاڵەی ئیمپراتوریی عۆسمانی قەوماون، یان بێدەنگن و یـان بە بەرگرییکردنـی موسـلمانەتی لەبەرامبەر پەلامەری خەڵکـانی مەسـیحی و پشـتیوانە زلهێـــزە ئوروپییەکانیـــان دەینەخشـــێنن. پڕۆپاگەنـــدە فەرمـــی و نافەرمییەکـانی تورکیـا هەمیشە و لەسەردەمی هەمـوو ڕژێمەکانیـدا

بێ دڕدۆنگی نکۆڵییان کردووە تەنـانەت لە راســتییە سـەلمێندراوەکانی کۆمەڵکوژی کەمایەتی مەسیحییەکان (ئەرمەنـی، ئاشـووری، یۆنـانی، سێربی، بۆلگاریی و هتـد) کە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـۆڵتانەکاندا بەشــێوەیەکی رێکوپێــک ئەنجامــدراون و دوواتریــش لە نێوەڕاســتی سـەدەی ١٩ تــا کۆتــایی شـەڕی یەکەمــی جیهــانی لە باڵکــان و لە رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی و لە ئەوپەڕی قافقاز دیسان بەردەوامییان هەبوو و هەروەها لە ساڵەکانی ٢٠ و ٣٠ی سـەدەی ٢٠ لە کاتی پـاککردنەوە و راگواسـتنی کوردە ناسـونییەکان و سـەرکوتکردنی راپەڕینەکـانی کـورد، تورکە جەوانەکان و کەمالیستەکان دووپاتیان کردووتەوە.

کاتێــــک ئەو کەســــــانە راســــــتییە مێژووییە سـەلمێندڕاوەکان بە روانگەیەکی داڕێـژراوی ناسیۆنالیسـتییەوە بەئاشـکرا پێچەوانە پێشــان دەدەن، ئەوە چەشـنێک خۆدزینەوە و بەلاڕیـدا بردنـی رەوتە سیاســی-مێژووییەکــانە. بــۆ نمــوونە، خــاڵە رەش و ناحەزکــانی پێکەوە ژیــانی سـەدان ســاڵەی گەلانــی خــۆجێیی و گەلانــی کــۆچکەر لە بەشـەی ئاسیایی و ئورووپیی تورکیا زەقدەکەنەوە و تێپەڕاندنی مێژۆییەکــی دور و درێژی هاوبەشـی ئەو گەلانە بەیەکەوە، بە مەبەســتی گڵاو (یـان لە رووی نــــادانییەوە) بەرئاوەژوو پێشــــان دەدەن. چاوپۆشــــیکردن لەو راســتییانەی کە بــۆ نمــوونە باســی کــاری هاوبەشــی مێژوویــی و کولتــووری گەڵانــی جیـاوازی نـاوچەی تـورکە عۆســمانییەکان و یـان باســی پشــکی هاوبەشــی ئەو گەلان لە خەبـاتی دژ بە داگیرکـارانی دەرەکــی دەکــات، زۆر زەحمەتە. لێــرەدا پەیرەوانــی هێڵــی فەڕمــی ئیسـتامبوڵ و ئانکـارا لە روانگەیەکـی فـرە ویشـکی ئۆرتۆدۆکسـاڵی بـۆ چارەسـەری پرســی نەتەوەیــی لە تورکیـای ئەم سـەردەمە دەرمـانی:

یەک وڵات، یەک گەل، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت پێشــکەش دەکەن. هەمــوو دەسەڵاتدارانی تــورک لە کــاتێکی دور و درێــژ چ لە تورکیــای سوڵتانەکان و چ دواتر پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و کــاتی کۆمــاری کەماڵیســتەکان، هەر بەو نەفەسەوە پڕۆپاگــانەدەیەکی پــان و بەرینــی پــــانتورکی قیـــن لەدڵانەیــــان لە دژی بـــزووتنەوە ئازادیخوازانەکــــانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێکردووە.

ئەو روانگە ویشـــک و نەگـــۆڕە، لە لایەن نـــۆخبەی دەسەڵاتدارانی تورکیاوە هێستاش "بێ ترس و سڵکردنەوە" بۆ پرسی نەتەوەیــی و بە ئامــانجی کۆتــایی پێهێنــانی ئەو پرسە بەکــار دێــت کە سەرەکیترین ئامانجیــــان پاراســــتنی دەوڵەتـــی تـــورک لە چوارچێـــوەی ســـنوورە نەگۆڕەکـانی ئێســتایە و مـل نەدانە بە پێـداچوونەوەیان لەژێـر فشــاری داخوازییەکانی کەمایەتییە ئێتنیکییەکان و نەدانی مافی خۆبەڕیوەبەری بەو گەلانەیە.

مخـــابن ئەزمـــونی تورکیـــا هەرگیـــز نـــاتوانێ بـــبێتە نمـــوونەیەکی سەرکەوتوو بـــۆ چارەسەری ئەو کێشــــانەی کە لەسەر بەســـــتێنی ئێتنیکیــــدا پێکــدێن. بەپێـــی گەلێـــک بەڵگەی مێژوویـــی بە ئاشــــکرا دەردەکەوێ بەکار هێنانی شێوازە کلاسیکەکانی ئیمپراتــوریەت لەسەر بنەمای داپڵۆسانی خەڵـک و رێبــازی رەگەزپەرەســتانەی بەڕێــوەبردنی دەسەڵات کە تــایبەتە بە وڵاتە سەرەڕۆکانی رۆژهەڵات و ئیــدیۆلۆژی و شەڕعی ئیســلام، بـۆ چارەسەری هەر چەشــنە پرسـێکی نەتەوەیــی گۆنجاو نەبوونی خۆیــان پێشــانداوە. بـۆیە ناســیۆنالیزمی تــورک بە هەر روخسارێک بێ، چ بە شێوازی "کلاسیکی" سەردەمی ســوڵتانەکان و چ بە جلکی تاڕادەیەک لیبڕالی سەردەمی تورکە جەوانەکــان، لەوانەیە

هێنـــدێک بەڵام نە بەتەواویـــی، نەیتوانیـــوە کێشە نەتەوەییەکـــانی ئیمپراتوری عۆسمانی و دواتر کۆماری تورکیا چارەسەر بکات. هەروەها دواتریش لە ڕەوتێکی هێنـدێک باشـتری چاکسـازییەکاندا (تەنزیمـات و هتـــــد) لە دەســــپێک و نێوەڕاســــتی سەدەی ١٩دا ئەو هەوڵە ڕواڵەتییـانەی کە بـۆ مۆدێرنکردن و بەئورووپیکردنـی تورکیـا لەسەر بەسـتێنێکی نزمـی شارسـتانیەت کـرا، دەسـتکەوتێکی ئەوتۆیـان لـێ هەڵنەوەری.

لە کۆتایی سەدەی ٢٠ و لەپەیوەندی لەگەڵ نزیکبوونەوەی تورکیا لە سیســتەمی ئورووپـــی و بڵاوبـــۆنەوەی قۆنـــاخ بە قۆنـــاخی ڕەوتـــی جیهانگیریی لەو وڵاتەدا، ڕادەیەکی دیاریکراو لە جـۆلە و گۆڕانکـاریی لە ناسـیۆنالیزمی تورکـدا بەرچـاو دەکەون. لەژێـر کـاردانەوەی بەهێـزی سەردەمیانە (مافی مرۆڤ، مـافی نەتەوەکـان بـۆ چـارەی خۆنووسـین، چاکســـازیی سیاســـی و هتـــد) هەڵوێســـتی ڕەق و ویشـــکی ناســـیۆنالیزمی دەوڵەتـــی قۆنـــاخی ئاتـــاتورک قەڵشـــی بەرچـــاوی تێدەکەوێت.

پاشـــان هێنـــدێک ئاســـانکاری ڕوودەدات، بـــۆ نمـــوونە، بەکارهێنـــانی زمانی کوردی لە ئامرازە گشتییەکانی پەیوەندی و لە ناو کۆمەڵگـا و لە بەشەکانی وێـژە و هـونەر و لە کەرتـی خۆشـگوزەرانیدا. واتە تـاقمی دسەڵاتدارانی تورکیـا لەبەرامبەر بـزووتنەوەی کـورددا پاشەکشەیەکی بەرچاو دەکەن و بـۆ یەکەمجـار هێنـدێک مـافی سیاسـی هەسـتیار بە کورد ڕەوا دەبینن و لە پلەی یەکەمدا ڕێگـا بە نـوێنەرانی کـورد دەدرێـت لە پارلەمانی تورکیادا بەشدار بن.

مخــابن تــا کۆتــایی سەدەی پێشـــوو، گۆڕانکــارییەکی ئەوتــۆ لە پەیوەنـدییەکانی تـورک و کـورددا رووونـادات. سیاسـەتی ناسـیۆنالیزمی "کلاســـیکی" دەوڵەتـــی هەر وەک هەمیشە بەردەوام دەبـــێ و لە سیاسـەتی دەرەکیشدا بەرەو ئورووپیی بوون هەنگاو دەنێ، بەڵام ئەو سیاسـەتە لە نێوەڕۆکــدا هەمدیســـان کەرسـەی شــۆڤینیانەی خــۆی لەدەســت نـادات و تـاقمە دسـەڵاتدارەکانی ئەو سـەردەمەی تورکیـا لە سیاسـەتی ناوخۆییدا دژایەتی هەر وەرچەرخانێک دەکەن.

هاوکــات جــوڵەیەکی چارەنووسســاز لە پەیوەنــدییەکانی تــورک و کورددا روودەدات و ئانکارا لەژێر زەبری یەکێتی ئورووپا بۆ ئەنــدامبوونی، ئامادە دەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بکات. سیاسـەتی تازەی دەسـەڵاتی تورکیـا سـەبارەت بە پرســی کـورد لەسەردەمی ســرۆککۆمار تورگــوت ئۆزال (١٩٨٩-١٩٩٣) دەست پێـدەکات و زمـانی کـوردی ئازاد دەکـرێ و رێگا بە پارتی دێمۆکراتی نزیک لە کـوردان دەدرێ بە سـەربەسـتی کـار بکـات و رۆژنـامە و چـاپەمەنی خـۆی بڵاو بکـاتەوە. بەڵام کۆچیـدووایی لەناکــــاوی ئوزال لە رووداوێکــــی تــــا ئێســــتا روون نەکــــراوەدا، دەستکەوتەکانی رەوتێکـی هیـوابەخش لە پەیوەنـدییە دوولایەنەکـانی دەوڵەتـی تورکیـا لەگەڵ کوردەکـانی خـۆی بـۆ مـاوەیەکی دور و درێـژ دەخاتە ناو گۆڕ.

ئاشــکرابوو کە هەردوو لایەن لەبـاری سیاسـییەوە ئامـادەی ســازان نیین و هیچکامیان بۆ ئەویتر پاشەکشە ناکـات. هەوڵەکـانی دەسـەڵات نیوەچــڵ، و تەنیــا بــۆ کەمکــردنەووەی فشــارەکان بــوون و هاوکــات مەبەستی لاواز کردنی بزووتنەوەی کورد و ئەنجام نەدانی چاکســازییە هەڵاوەردەکــان و خۆدزینەوە لە دێمــۆکراتیکردنی سیســـتەمی بــێ

رووماه‌تــی ناســیۆنالیزمی ده‌وڵه‌تــی بــوو. بــۆیه زۆربه‌ی به‌ڵێنه‌کــان سه‌باره‌ت به پێــدانی مــافی سیاســی راســته‌قینه بــۆ کــورد و ده‌سـته‌به‌رکردنی به‌شـداری کـورد له ده‌سـه‌ڵاتدا به‌دی نه‌کـران و یـان به‌نێوه‌چڵی له‌بیر کران و یان به‌ته‌واویی پاشـه‌کشـه‌یان لێکرا. ده‌سـه‌ڵات له مل نه‌دان به داخوازییه‌کانی بزووتنه‌وه‌ی کورد مه‌گوڕ بوو و بێ بنه‌ما ئه‌و داواکارییانیــان به مه‌ترســی سـه‌ره‌کی ده‌دیــت بــۆ یه‌کپــارچه‌یی ده‌وڵه‌تـی تورکیـا وه‌ک میراتێکـی یاسـایی خۆیـان که له ئیمپراتوریـای شـکۆداری عۆسـمانی پێیـان گه‌یشـتبووه. سـۆپا و هێـزه سـه‌ربازییه‌کان که خۆیان به سـه‌ره‌کی‌ترین ده‌سته‌به‌ر و ئه‌مه‌کـدارانی وه‌سـیه‌ته‌کانی ئاتـاتورک و سه‌ربه‌خۆیی وڵات ده‌زانـی و له ٥٠ سـاڵی رابردووشـدا ٣ جـار کوده‌تایـان کردبـوو و یـاریکه‌رانی سه‌ره‌کی گۆڕه‌پـانی سیاســی تورکیــا بــوون، ئه‌و چاکســازییه نه‌رم و نیانانه‌شــیان وه‌پشــتگوێدا که له‌لایه‌ن هێـزه دیمۆکراته‌کـانی تورکیـا پێشـنیاز کرابـوون و پێیـان وابـوو له‌داهاتوودا مافی دیاریکردنی چاره‌نووسـی کوردی لێده‌که‌وێته‌وه.

به‌م چه‌شـنه له هه‌مـوو لایه‌که‌وه پرسـی کـورد گه‌یشـته دۆخێکـی بنبه‌ست، دۆخێکـی لێوانلێـو له گه‌لێـک کێشـه‌ی مه‌ترسـیدار که ده‌بێته خۆشـکه‌ری ئاگرێکی به‌رده‌وام له کوردستان و به‌پێی هه‌موو پێوه‌ره‌کان دیاربوو که ماوه‌یه‌کی دورودرێژیش ده‌خایه‌نێ و هاوسـێتی فه‌له‌سـتین له‌گه‌ڵ کوردستانی تورکیاش ده‌بێته ته‌وژمێـک بـۆ گـرژی و ئاڵـۆزیی له‌و ناوچه‌یه و ئه‌و ئاگره ده‌گه‌شێنێته‌وه.

پێشــبینی ده‌کــرێ بــزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یــی کــورد به‌هه‌مــوو چه‌شـنه‌کانیه‌وه به‌فه‌رمـی به‌ره‌و "Secession"، واته جیـاخوازیی بـڕوات که به‌پێی یاساکانی تورکیا تاوانکارییه‌کی مه‌زنی ده‌وڵه‌تییه.

ئەوە بۆختـــانێکە کە بەشـــێوەیەکی بەرفـــرە کەوتـــۆتە سـەر زاران و بڵاوبــۆتەوە و دەزگــای دادوەری و دامودەزگــا سـەرکوتکارەکانی تورکیــا بەکاری دێنن. تـا مـاوەیەک پێـش ئێسـتا تەنـانەت بـۆ بەکـار هێنەرانـی زمـــانی کـــوردی لە شـــوێنە گشـــتییەکان وەک لە ســـینەما و لە کۆنســـێرتەکان و هتـــد، ئەو تـــاوانە بەرزدەکـــراوە و ئەوەش بە مانـــای قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە هەر ڕێوڕەسمێکی کولتووری گشتییدا دێت.

بەکورتی، هەڵسـوکەوتی تـاقمە دەسەڵاتدارەکانی ئێسـتای تورکیـا لەگەڵ خەبـاتی کـورد بـۆ دیـاریکردنی چارەنووســی نەتەوەیـی خـۆی، تەواو یەکلایەنە دەردەکەوێ و لەگەڵ پێوەرەکـــانی شارســـــتانیەتی سـەردەمیانە نــاگونجێ. مخــابن ئانکــارا سەبارەت بە پرســی کــورد ناتوانێ درێژە بە هەڵوێستی کۆنسێرڤاتیڤی پێشووی خۆی بـدات و لە رەوتـی باشـترکردنی هەرچـی زۆرتـری دۆخـی ئابـووری و سیاسـی و حقوقی کـورددا خرابکـاری بکـات، وێنـاچێ بەوکـارانەی ئابڕووی خـۆی بخـاتە بەر مەترســی لەبەرامبەر یەکێـتی ئورووپـا لەکاتێکـدا سـەرەڕای سـەرنەکەوتنی تائێسـتا، زۆر پێداگرانە خوازیـاری وەدەسـتهێنانی مـافی ئەنــدامبوونی تەواوە تێێــدا. لێــرەدا سـەرنەکەوتنی تورکیــا مەترســی کەوتنە نێو ریزی دەوڵەتانی پەراوێزخراوی لێـدەکەوێتەوە و ئانکـاراش بە هــۆگەلی دیــار هەوڵ دەدات تــا بەهەر شــێوەیەک بــێ دوچــاری ئەو چارەنووسـە نەبێت.

ئێسـتاش نەتەنیا ململانی و پێکدادان لە کوردسـتانی تورکیا لە کزیی نەداوە، بەڵکــو بە پێچەوانە خەریکە بەرەو هەڵکشــانی زۆرتــر هەنگــاو هەڵدەگرێ.

بەو چەشـــنەی کە بەرەی کــورد لە تورکیـــا خـــۆی پێشـــانی داوە، دەردەکەوێ کە زۆری ماوە بگاتە ئاستی دڵخواز و وادیارە نــاتوانێ وەک هێزێکی یەکگرتوو شوێن پێی خۆ بکاتەوە و نەیتوانێـوە لەم بـارودۆخەی کە پـــاش شەڕی دووەمـــی جیهـــانی رۆژهەڵاتـــی نزیکـــی گـــرتەوە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد رێک بخـات و رێبەری بکـات. لە لێوارەکـانی هەزارەی سـێیەمدا، لێکـداپران و پەرتەوازیـی بـاڵی بەسەر کـوردانی تورکیادا کێشاوە و هێشتا نەیانتوانیوە بژاردەیەکـی گونجـاو بـۆ خەبـاتی ئازادیخوازانەی خۆیان دەستەبەر بکەن.

دەگۆترێ کە پاشـــکەوتوویی کـــوردان لە هەرێمەکـــانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی کاردانەوەی هەبووە. مخابن بـزووتنەوەی کـورد دوچـاری لاوازی نەبـوو. بەپێچەوانە، ئاگـری بەربەرەکـانی لەنێـو کـوردانی تورکیـا بـۆ یەک رۆژیـش خـامۆش نەبـووە. ئەوەش بەشـێوەی جموجوڵێکی تێکدەرانەی تیرۆری تاکەکەسـیی بـووە کە تـاقمێکی کەم هەژمـار پـێ هەسـتابوون، بەڵام سەرتاسەری کوردسـتانی داگـرت و بەڕاستیش لەنێـو کۆمەڵگـادا رووبەڕوی بێـزاری و نکـۆڵییەکی زۆر بـووە. ئامرازەکـانی راگەیانـدنی تورکیـاش ئەو جموجوڵانەیـان زۆر لەقەبـارەی خۆی  مەزنتر پێشاندەدا و دێوێکی ترسناکیان لە تیرۆریزمی کـورد سـاز کردبووە و هاوکات چاوپۆشیان دەکرد لە هەڵکشانی خێرای جموجوڵی تاقمە راســتەرەوە ناسیۆنالیســتەکانی تـورک کە هەمیشە پشــتیوانی هێزە سەربازییەکان و دەزگا سەرکوتکەرەکانی تورکیایان لەگەڵ بووە.

بـــۆیە لە تورکیـــا بەســـتێنی هەڵگیرســـاندنی دووبـــارەی کێشە و ململانـــی ئێتنۆپۆلیـــتیکی تـــــرک-کورد هەر وەک خـــۆی مـــابۆوە و لە هەلـــومەرجێکی تـــازەتری مێـــژووییەدا دیســـان ئەو ململانییە لەنێـــوان

ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی تورک و جیاخوازیی پارتیکولیاریی کورد سەر هەڵدەداتەوە. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دووبارەی ئەو ململانیانە ئەگەرچی بەشێوازی کۆنی پێکدادانی چەکداری بوو، بەڵام هەمان هۆکار بوون کە پاش شەڕەی دووەمی جیهانی گەشەی گشتگیر و خێرای بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان لە تەواوی جیهاندا لێکەوتەوە، واتە: تێکۆشانی ئێتنۆسە بێبەشەکراوەکان لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و چاکسازیی بنەڕەتی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیاندا. بەڵام لێرەدا رووبەڕووی هێندێک فاکتەری کارای تایبەت بە تورک دەبین کە لەژێر کاردانەوەی دۆخە هەنووکەییەکاندا پەیدابوون. پاش شەڕی دووەمی جیهانی و ماوەیەکی کورت پێش لە گۆرانی دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆککۆمار مستەفا کەمال ئاتاتورک، لە مێژووی کۆماری تازەی تورکیادا سەردەمێکی تازە دەست پێدەکات کە بەسەردەمی گۆڕانکاریی جیددی لە سیستەمی "کلاسیکی" کەمالیزم پێناسە دەکرێ. کاتی ئەوە هاتبوو کە تورکیا بەهایەک قورس بدات بەهۆی ئەو بێلایەنییە کە بۆ خۆپاراستن لە نەهامەتییەکانی شەڕ هەڵیبژادبوو، بەڵام بەهۆی درنگ رێکەوتن لەگەڵ "نەتەوە یەکگرتووەکان" قازانجە چاوەڕووانکراوەکانی وەدست نەهێنا. سەرەڕای ئەوەش، کاتی ئەوەش هات کە ئانکارا یەکێک لە بنەما هەرە سەرکییەکانی میراتی سیاسی ئاتاتورک، واتە راگرتنی سەربەخۆیی سیاسی و تەواویەتی خاکی تورکیا، قوربانی بکات.

ئاکامی مەترسیداری گۆرینی ئاڕاستە لە سیستەمی ڤێرسای[69] بۆ پەیمانی ئاتلانتیک گەلێک درەنگتر نیشانەکانی وەدیار کەوت. بەڵام

69 مەبەست رێکەوتنامەی ڤێرسای‌یە کە پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بەسەر وڵاتانی شکستخواردوو داسەپا و تورکیا یەکێک لەوانە بوو. -. وەرگێر.

لەو ماوەدا و لێرە و لەوێ، تورکیا بە بەرزەفڕیی ناسیۆنالیستی خۆی گەیشت. لە ساڵی ١٩٣٩ لە هەلومەرجی قەیرانی پێش شەڕ لە ئورووپا، تورکیا "سنجاغی ئەسکەندەروون"[70] (خەتایی) بەخۆی لکاند کە تا ئەو کاتە بەشێک لە سوریای ژێر چاودێریی فەڕانسا بوو. لە ساڵی ١٩٧٤ لە کودتای یۆنانییە راستڕەوەکانی قۆبرس کەڵکی وەرگرت و بەشی باکووری ئەو دوڕگەیەی داگیرکرد و نیمچە دەوڵەتێکی بەتەواویی وابەستە بەخۆی دامەزراند بەناوی "کۆماری تورکی باکووری قۆبرس" کە لەئاست نێونەتەوەییدا دانی پێنەهێنراوە. لەنێو ناسیۆنالیستە توندڕەو و رێڤانشیستە[71] تورکەکاندا کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆیان لە سیستەمی سیاسی-سەربازی وڵاتدا خزاندبوو، هزرێکی گەلێک زەبەلاح بڕەوی پەیداکرد کە زۆر بەرزەفڕانە داوای ئەو ناوچانەیان دەکرد کە لەئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئیمپراتوریای شکست خواردوی عۆسمانی لەدەستی دابوو. ئەوە بەتایبەت ئەو کەمایەتییە ئێتنیکییە تورکزمانانەی دانیشتووی ویلایەتە عەڕەبەکانی پێشووی عۆسمانی دەگرێتەوە. پانتورکەکان هەروەها بۆ لکاندنی ناوچە نەوتییەکانی کەرکوک و مۆسڵ بە تورکیا، "بەڵگە"گەلێک لەسەر بنەمایەکی سستی وێچوونی ئێتنیکی تورکمانەکانی ئەو ناوچانە لە هەنبانەیان دەردێنن. روانگەی پانتورکی کە ئیتر متمانەی مێژوویی نەماوە واز لە لافی مەزنخوازانە خۆی هەڵناگری و لەم سەردەمەشدا دەبێتە خۆراکی ناسیۆنالیزمی تورکی،

---

70 Sanjak Alexandretta لە ٧ سیپتەمبەری ١٩٣٨ تا ٢٩ جۆنی ١٩٣٩ بەناوی کۆماری خەتایی دەناسرا و بەشێک بوو لە سوریای ژێر سەرپەرەستی فەڕانسا، پاشان لەلایەن تورکیاوە داگیرکرا. ویکیپێدیا -. وەرگێر.

71 بڕوانە ژێرنووسی ٣٣. -.وەرگێر.

ئەو ناسیۆنالیزمەی کە دیارە بەتەواویی لەسەر بەرژەوەندیگەلێکی سیاسی و ئابووری دیاریکراو داڕێژراوە.

ناسیۆنالیزم هێشتاش کەرەسەیەکی سیاسەتی دەرەکی ئانکارا پێکدێنێ کە سەرەڕای روانگەی توندی کەمالیزمی رەق و ویشک، گەلێک دوربۆتەوە لەسنوورەکانی ئەو هزرە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەیەی کە نێوەڕۆکێکی بەرگریکارانەی لەبەرامبەر داگیرکاریی "هاوپەیمانانی ٣ لایەنی ئانتانت"[72]پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو. لێرەدا مەبەست تەنیا هێندێک بیرۆکەی تازەیە کە مێشکە ئاگراوییەکانی بەرەی ناسیۆنالیزمی تورکی پڕکردووە. مخابن، بەهۆی جێگیربوونی هەنووکەیی هێزەکان لەئاست گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و رۆژهەڵاتی نزیک کە رەنگدانەوەی پەرسەندنی جیهانگیری[73] و کارابوونی بەرچاوی یەکێتی ئوروپایە، جێبەجێبوونی پڵانە دەرەکییەکانی ئەو بیرۆکە تازەیە جێگای گۆمانە. بەڵام گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری لە کێشەی کۆنی رۆژهەڵاتی نزیکدا جێی گۆمان نییە، تەنیا ئاڕاستەکەی و کات و ماوەی ئەنجامدانیان پێشبینی ناکرێن.

بۆیە لە تورکیای ئەم سەردەمەدا (هەروەها لە دەوڵەتە سەربەخۆکانی ناوچەکەشدا) فاکتەرە دەرەکییەکان ئیتر نابنە هاندەر و بزۆنەری سەرەکی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی "پرسی کۆنی رۆژهەڵات" و قۆناخی بزووتنەوە نەتەوەیی و رزگاریخوازانەکانی پاش کۆلۆنیالیزم و دەستێوەردانی زلهێزە ئەمپریالیستەکان روویدا و هاندانی دەرەکی و بیانی بۆ

72 پڕوانە ژێرنووسی ٣٠. -. وەرگێر.
73 Golobalisation -. وەرگێر.

هەڵگیرساندنی ناسیونالیزم وەک مەرجێکی گرینگ، خرا مەبەستی دووەمی بەرنامەکانیان. لەسەردەمی پۆست کۆلۆنیالیزمدا، سەرکەوتنەکانی جیهانگیریی ئەگەر نەخشێکی زۆر سەرەکیشی نەگێرابێ، وردە وردە بۆتە هۆی لێکنزیک کردنەوەی ئەو فاکتەرە دەرەکی و نێوخۆییانەی جوڵێنەری هێزەکان کە رەوتە مێژووییەکان خێراتر دەکەن و دەبنە هۆی گۆڕانی ئەو نەخشە باوانە لە سیستەمی سازوکار و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و پێش هەموو شتێکیش نەخشە و پەیکەربەندییە ژێئۆپۆلیتیکەکان دەگۆڕن. لەو گۆڕانکارییانەدا، ناسیۆنالیزم نەخشێکی یەکجار گرینگ و هەستیار دەگێڕێ و هاوکات کاردانەوەکانیشی بەئاشکرا روخساری "دوو جەمسەر"[74]ی لەخۆ دەگرێ.

لەلایەک، ئامانجێکی بەرگریکارانەی دەبێ و لەبەرامبەر مەترسی واقیعی یان خیاڵی و یان هەڕەشەکانی نەتەوە یان دەوڵەتانی دیکە بەرگریی لە بەرژەوەندیی ژیان و ژینی نەتەوە یان ئتنۆسی خۆی دەکات (دیارە ئەگەر هەڵگری هزر و کردەوەی ناسیۆنالیستی بێت). لەلایەکی دیکە، لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا و بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستێکی دیاریکراو، ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی نزێک بەشێوەیەکی سەرەکی و بەئاشکرا تەوەژمێکی هێرشبەرانە لەخۆ پێشان دەدات. واتە، ناسیۆنالیزم رێک لە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی نزیکدا کارامایی خۆی نمایش دەکات و ئەو راستییە کۆنە دەسەلمێنێ کە لە بارودۆخی رەخساوی مێژووییدا بەرگریکردن دەتوانێ خزمەت بە تاکتیک و ستراتێژیی هێرشبەرانە لە سیاسەتدا بکات.

---

74 Bifurcation بەمانای دوو جەمسەری. ویکیپێدیا -. وەرگێر.

هەڵوێستی بەتینی بەرگریکارانەی ئەم دووایانەی ناسیۆنالیستە تورکەکانی ناو دەسەڵاتی تورکیا، ئەو بۆچوونەی سەروو دەسەلمێنێ. هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکی تورکیا پاش کۆتایی شەڕی سارد تا رادەیەکی بەرچاو دوچاری دووفاقەیی ببوو و ئەگەر نە بەتەواوی، بگرە هێندێک گۆڕانکاری خێرا و پراوەی پێویست بوو. لایەنگری تاکلایەنانە لە ئەمریکیزمی رۆژاوا و پێوەرەکانی لە ژیان و بەها سیاسی-کۆمەڵایەتی وهزری و ئەخلاقییەکانی، لە هەزارەی سێیەمدا ئیتر نەیدەتوانی چاوەڕووانی بەشێکی بەربڵاوی کۆمەڵگای تورکیا مسۆگەر بکات کە لە هەوڵی دۆزینەوەی رێگای جێگرەوە بۆ چارەسەریی کێشە هەڵپەساردەکانیان بوون.

ئەم هەوڵانە چەندین ئاڕاستەیان گرتەبەر و هەر ئەوەش بەمانای بوونی قەیران لە رەوتی گەشەی سیاسی ناوخۆیی تورکیادا بوو. هەر لە نێوەڕاستی سەدەی ٢٠ەوە دەستکرا بە هێندێک چاکسازیی لە سیستەمی تاکە حیزبایەتی دامەزراو لە لایەن ئاتاتورکەوە ئەگەرچی لە کاتی خۆیدا نەخشێکی گرینگی لە مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و سیستەمی پێشکەوتووی پەروەردەیی لە وڵاتدا گێڕا. دۆخی دێمۆکراتیک کە تایبەتمەنیی هەر شوڕشێکە (جا هەر شوڕشێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی و یان نەتەوەیی بێ) و لەسەرتادا بنەمای مۆدێرنیزاسیۆنی مۆدێلی تورکیا بوو، لەو وڵاتەدا مسۆگەر نەکرا و زۆر خێرا جێگای خۆی دا بە دیکتاتۆریەتی تاک حیزبانەی پارتی کۆماری گەل [CHP] کە لەلایەن ئاتاتورک دامەزرابوو و لە توێژە نیشتمانپەرەستەکانی سۆپا و چالاکانی سڤیلی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی پێکهاتبوو و بەتایبەت پشتی بەستبوو بە

سەربازە دێرینەکانی پاشماوەی شەڕەکانی دژ بە "هاوپەیمانانی ٣ لایەن ئانتانت" کە ڕێبەری کاریزماتیکی مستەفا کەمال سەرۆکایەتی دەکردن. دۆخی تاک حیزبانەی کۆماریەتی تورکیا، هەم لە کاتی کەمالیستەکان (ماوەیەکی درێژی نەخایاند) و هەم لەسەردەمی پۆست کەمالیستەکاندا بەردەوام بوو.

ڕێبازی "کلاسیکیی" کەمالیزم کە روخساری دژە عۆسمانی و دژە سوڵتانی و دژە ئایینگەرایی (لاییزم) بە ناسیۆنالیزمی تورک بەخشیبوو، زۆر کەم درێژەی بەژیانی میژوویی خۆی دا. پێگەی کۆمەڵایەتی-ئابووری و کۆمەڵایەتی-کولتووری ئەو ڕێبازە، کاڵ و کرچ بوو و ئەوەندش پێشکەوتوو نەبوو تا بۆ ماوەیەکی دورودرێژتر ببێتە بنەمایەکی پتەو و هیوابەخش بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی سەربەخۆی هزری-سیاسی. پاشکەوتوویی سەدان ساڵەی پەنگاوخواردوو و کەڵەکەبووی سەردەمی فیۆدالیی ژێر ستەمی پاشایەتی سەرەڕۆیانە و بارگرانی کۆتایی لێنەهاتووی نەریتە ئاخناوە ئیسلامییە پیرۆزەکانی ٤٠٠ ساڵەی سەردەمی خەلافەتەکان، سەرەڕای ویست و داکۆکی و فشاری زۆری کەمال، کۆسپی زۆر جیددیان سازکرد لەسەر ڕێگای داهێنانی تازەگەریی لە بەستێنی کۆمەڵایەتی-کولتووری و کۆمەڵایەتی-ئابووری کۆمەڵگای تورکیادا و دژواریان خستە سەر ئەنجامدانی چاکسازییە بنەڕەتییەکان.

بەهۆی ئەو بەربەستانە، مۆدێرنیزاسیۆنی تورکیا (کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کەمالیستەکان لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠ زۆرتر بە "ئورووپایی کردن" ناویان دەبرد) ئاواتەکانی تیمی کەمال ئاتاتورک کە ئەو ڕەوتەیان بەڕێوە دەبرد، بەئەنجام نەگەیشت. ئەو ڕەوتە تا

ڕادەیەکی زۆر نێوەچڵ و ڕواڵەتی بـوو، هەڵبەت هێنـدێک دەسـتکەوتی بەرچاویشی هەبوو. هێڵـی ئاسـن دامەزرا، هێنـدێک کارخـانە سـازکرا (بەشێکی بە یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت)، بێگۆمـان سـازدانی ئەلـف و بێی لاتینی کاردانەوەیەکی گەلێک ئەرێنی هەبوو لە گەشـەی کولتـوور و پەروەردە و هتد. هاوکات نابێ کاردانەوەی دەستکەوتەکانیش بەکەم بگریـن و پێویسـتە دان بەوەدا بێنیـن کە چاکسـازییەکان کـاردانەوەی ئەوەیـان هەبـوو کە پێـش بە درێژەکێشـانی پاشـکەوتوویی درێژخـایەن بگرێ کە ئەو وڵاتە بەدرێژایی ماوەیەکی یەکجـار زۆر، بەلانـی کەم لەو کـــاتەوە (نێوەڕاســــتەکانی سەدەی ١٩) کە تورکیـــا لە کەرتە بنەڕەتییەکـانی ئابـووری و کولتووریـدا وەک وڵاتێکـی نێـوە کۆڵۆنیـالی دەژمێـــردرا. پاشـــماەکانی فیۆدالی کـــۆن لە گۆنـــدەکانی تورکیـــادا، لەبەرامبەر ئەو چاکسازییانەدا کاردانەوەی پێشگیرانەیان هەبـوو و بـۆیە لەسەرەتادا گۆڕانە ئەرێنییەکان لەو ناوچانە زۆر کەم بەدی دەکران.

بەو شـێوەیە، ناسـیۆنالیزمی تـورک سەڕەڕای بەرجەسـتەکردنی لاییـــزم وەک ڕێبـــازی فەرمـــی کەمالیســـتی، چ لە سەردەمی کەمالیســـتییدا و چ لە کـــاتی پۆســـت کەمالیســـتییدا ڕوخســـاری عۆسمانی-ئیسلامی و کۆنە ئیمپراتوریەتی خۆی لەدەست نەدا.

ئێستا زوویە بۆ هەڵسەنگاندن کە ئایا گۆڕانکارییەکانی ئەم دوواییـانە لە ژیـــانی ئابـــووری و سیاســـی و هـــــزری-کولتووری کۆمەڵگـــا چ چاکســـازییەکیان لە دۆخـــی ناســـیۆنالیزمی تـــورک پێکهێنـــاوە. بەڵام، تێکەڵبـــوونی تورکیـــا و وڵاتـــانی دیکەی ڕۆژهەڵاتـــی نزیـــک لەو ڕەوتە پێشـــکەوتنە هەنووکەییـــانەی بوارەکـــانی ئابـــووری، کولتـــووری و زانیارییەکـانی گشـتی، بێگۆمـان کـاریگەریی خـۆی لەسەر نەتەوەی

تــورک دادەنــێ و هێــدی هێــدی جلکــی شــڕی فیۆدالی، لەبــاڵای ناســـیۆنالیزمی نەریــتیی عۆســـــمانی-تورک دادەکەنــێ. بەکــورتی، ناســـیۆنالیزمی ئەم سـەردەمەی تــورک، لەنێوەرێگــای گەشـەسـەندن هزرێکـــــــی ناسیۆنالیســـــــتی تەواو دایە تـــــا بتـــــوانێ هێـــــزە پێشــکەوتووخوازەکانی نەتەوەیــی لەدەوری بێرۆکەیەکــی ژیانمەنــدی تاقـانەدا لێکگرێبـدا. ئێسـتا ناسـیۆنالیزمی تـورک لە خەبـاتی هـزری-سیاســـــی خۆیـــــدا ڕەنگـــــدانەوەی ئاڕاســـــتەیەکی پێشـــــکەوتوو و ئاڕاسـتەیەکی بەسـەرچوو و کۆنەپەرەسـتانەی پێوەدیـارە. چارەنووسـی کوتـــــایی ئەو ململانییە پەیوەنـــــدی بە هەوڵـــــی ئەرێنـــــی و لەمێژچـاوەڕووانکرای تەواوی کۆمەڵگـا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی نەتەوەیی لەمێژینە و زۆر کۆن (واتە، کێشـەی کورد) هەیە کە هەروەها چارەنووسـی وڵاتی تورکیا وەک دەوڵەتێکی سـەربەخۆ و دێمۆکراتیکیش دیاریدەکات.

ناســـــــیۆنالیزمی عەڕەب و تـــــــورک و کـــــــورد لەو ڕوانگەوە کە ڕەنگــــدانەوەیەکی بەرچــــاوی بنەمــــای ئێتنیکییــــان پێوەدیــــارە، ناسیۆنالیزمێکی تایبەت و جیاکراوەن. تایبەتمەندی هاوبەنـدیان بریـتییە لە بەســـتێن و بنەمـــایەکی ئیســـلامی کە تێگەیشـــتنی بـــۆ بنچینە جیاوازەکـــانی هەریەک لەو ناســــیۆنالیزمانە نییە و بەتــــایبەت لەم سـەردەمەدا ئەو بەسـتێنە ئیسلامییە ئەگەرچی نە هەمیشـە، بەڵام لە ئامـرازە گشــتییەکانی ڕاگەیاندنــدا لەسـەر کولتـووری فەرمـی و نێـوە فەرمــی و بگــرە لەسـەر ژیــانی ڕۆژانە خەڵکــی و دیــارە لەنێــوان ئەو تــۆژانەی خەڵــک کە ئاڕاســتەی ژیانیــان لەسـەر بەهــا نەریتییەکــان دامەزراوە (بۆ نمـوونە، لە گونـدەکانی کوردسـتانی تورکیـا) کـاریگەریی

بەرچـــاوی هەیە. ئەگەرچـــی باڵادەســـتی بەهـــا ئیســـلامییەکان لەو ناوچانە بەسەر بەها نەتەوەییەکان جێگای گۆمانە.

هەرچــــی لە گەرووەکـــــانی دەریــــای رەش بەرەو رۆژهەڵات دوور دەکەوینەوە، ئەوەندە زۆرتر ئیســلامی رووحـانی[75] بەرەو سیاسـییبوون دەچێ و لە ئێـران، ئەفغانسـتان و پاکسـتان بەهەڵگرتنـی بنەمـایەکی فەرمی، بە کردەوە وەک ناسیۆنالیزمێکی دەوڵەتی ئەو وڵاتانە پێناسـە دەکـرێ کە بەرواڵەت دەکـرێ بە ناسـیۆنالیزمی ئیسـلامی کە بنەمـا ئێتنیکییەکان دەخاتە پلەی دووایی، ناوی بەرین و هاوکـات نەخشـێکی پەنگـاوخواردوو و پاشـکەوتووانە لە ژیـان گەلانـی نـاوچەی باشـووری رۆژهەڵاتـــی ئاســـیا دەگێـــرێ و لە رەوتـــی مۆدێرنیزاســـیۆنی چاوەڕوانکراویاندا دوچاری تەنگ و چەڵەمەیان دەکات.

کەوابوو، رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاسـت وادیارە بە پێـیّ پێناسـە ئێتنـۆ-ناسیۆنالیسـتی و ئێتنۆپۆلیتیکی و ئێتنۆئایینی بەسـەر چەندین پـارچەی تێکچڕژاو و لێکگرێدراوی جۆگرافی دابەش بـووە و بە پیـیّ ئەو پێناسـە و ناسـنامەیەی کە لەم سـەردەمەدا بۆ رێبازی داهـاتووی ناسیۆنالیسـتی خۆیان دیاریـدەکەن و کـاری پیـدەکەن، بەرەو ئەم یـان ئەو ئاڕاسـتەیەدا هەنگاو دەنێن.

بۆ نموونە، لە گۆڕەپانی عەرەب زمانەکان و بە پانتـاییەکی یەکپـارچە و یــان پــارچە پــارچەکراوی ژیــانی هاوبەشــی ســونی و شــیعەدا، بەفراوانـی روانگەی "خۆدی-بێگـانە" بـڕەوەی هەیە، رێـک لێـرەدا بـۆی هەیە باسی دیاردەی ناسیۆنالیزمی سـونی و ناسـیۆنالیزمی شـیعە، تەنـانەت بەشـێوەی شـۆڤینیزم بکەیـن (عێـراق، یەمەن، ئیماراتەکـانی

---

75 پروانە ژێرنووسی ٢٧. -. وەرگێر.

کەنــــداوی فـــارس و دەریــــای عۆمـــان). لە لوبنــــان تێکهەڵچـــوونە خوێناوییەکـانی کـۆن لەنێـوان مەسـێحی و موسـڵمانەکاندا هێنـدێکجار خامۆش دەبـێ و هێنـدێکجاریش دیسـان هەڵدەگیرسـێتەوە، ئەو وڵاتە بـۆتە پاشـکۆی شـۆڤینیزمی ئێتنـۆئایینی لەهەمـوو چەشـنەکانی. لە سودان کە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانی عەڕەب زمانن لەگەڵ هۆزە رەشپێسـتەکانی باشـووری وڵات (نیلییەکـان[76]) کە بەشـێکیان بـۆنەتە مەســـیحی، ناتەبــــاییەکی ئێتنۆکولتوورییــــان هەیە. لەو نـــاوچەیە ناســــیۆنالیزم-شۆڤینیزمێکی سەرەتایی بەهـۆی جیـاوازی ئایینــی و تەنانەت رەگەزیی هەرچی زۆرتر قوڵتر دەبێتەوە.

بەکورتی، دووپـاتی دەکەینەوە، لە رۆژهەڵاتـی نزیکـی فـرەنەتەوەدا، بەسـتێن بـۆ پەیـدابوون و گەشەکردنی ناسـیۆنالیزم چ وەک هـزر و چ وەک سیسـتەمێکی سیاسـی، بنەمـای ئۆبژێکـتیڤی هەیە و مخـابن جیهـانگیریی بەهیـچ شـێوەیەک نەیتوانیـوە پێشـگیری لەوە بکـات. هەڵبەت، بەکارهێنانی واتاکانی "ناسـیۆنالیزم" و "شـۆڤینیزم" و واتـای دیکەی هاوشێوە لە کۆمەڵگا فرەئێتنیکییەکانـدا زۆرجـار بـۆ جیاوازیـدانان لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و یان تاوانبارکردنی دەوڵەت بە مانای رواڵەتی و ساختەش بەکار دێت و هیچ پێوەندییەکی بە بنەمـا ئێتنیکییەکـانی ئەو چەمکـانەوە نییە (بـۆ نمـوونە کاتێـک لە چەمکـی "جەنـدەر" و یـان لە رەفتـاری سێکســیدا باســی "شـۆڤینیزمی پیـاو" دەکـرێ). مخـابن، دوژمنایەتی ئایینی لە رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاســتی ئەو سەردەمەدا زۆرجــار وەک بەهــانە بەکــاردێت بــۆ هارۆژانــدنی پـڕئازاری گشــت

76 Nilotic یان "نیلی" نەتەوەیەکی دانیشتووی کەنارەکانی رووباری نیل کە لە باشووری سودان، ئوگاندا، کینیا، تانزانیا و سنوورەکانی کۆماری دێمۆکراتیکی کۆنگۆ و ئیتیۆپیا و میسر دەژین. ویکیپێدیا -. وەرگێر.

چەشـــــنەکانی ناســــیۆنالیزم و وەک پاڵنەرێـــک خـــزمەت دەکـــات بە خوێنرژتنی فـراوان لەسـەر بەسـتێنی ئێتنۆ-ناسـیۆنالیســتی کە لەسـەر ئاســـــتی سیاسـەتی نـــاوخۆیی و تەنـــانەت نێونەتەوەییشـــــدا بـــۆ قەیرانگەلێکی سـەخت و بێ پسانەوە و چارەسـەردژوار پەلکێش دەبێ. زیادەڕەویی نییە ئەگەر بڵێیـن کە لەم رۆژگـارەدا لە پانتـایی جوگرافیـای رووژاوای ئاسیا (باشووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نزیـک) پرسـی ئایینـی بەمیـــرات گەیشـــتوو لە قـــوڵایی سـەدەکانی نێوەڕاســـت بەتـــایبەت بەتێگەیشــــتنێکی بـــاو بـــۆ ئەم سـەردەمە، بەئاشـــکرا پرســـــی ئێتنۆناسیۆنالیستی بەرزدەکـاتەوە، واتە، لە پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتی و سیاسـییەکاندا بەجلکـی تـازەگەریی و تـا رادەیەکیـش چاکســازی و گۆڕانکاری دەردەکەوێ، بەڵام لێرەدا ویشـکەمێشـکی و دەقە ئاخنـاوییە کـۆنە داسـەپاوە ئایینییەکـانی خـۆی بەهەمـان نـاوەرۆکی کەونـاری و کۆنسێرڤاتیڤانە هەر دەپارێزێ.

پرســـی ئایینـــی لە رۆژهەڵاتـــی نزیـــک و نێوەڕاســـت هەر ئێســـتا بەشـــــێکی بنەڕەتـــــی و جیـــــانەکراوە و زۆرجـــــار هەرە سـەرکی ناسـیۆنالیزمی ناوچەیی پێکدێنێ کە بەگشـتی روخسارێکی ئیسلامی هەیە. بۆیە نابێ چاوەڕووان بین لە داهاتوویەکی پێشـبینیکراو و نزیکـدا گۆڕانکاریی ئەرێنی لە ناسیۆنالیزمی نەریتی رۆژهەڵاتی نزیکدا بـبینین و تەنیـــا دەبـــێ هیـــوادار بیـــن کە بەلانیکەم هێنـــدێک ئاڕاســـــتەی دێمۆکڕاتیـک، هـاوتەریب لەگەڵ پێـوەرە هەنـووکەییە شارسـتانییەکان بگرێتەبەر.